کرێکارانی جیهان یەکگرن

# پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

دەورەی دووهەم | ژمارەی ٣٣ | ڕەزبەری _١٣٦٨ | ئۆکتوبری_ ١٩٨٩

## بوپشتیوانی لە ئازادی دەسبەجیی کریکارانی زیندانی هەستین!

لە ماوەیەك لەوەپیشەوە لە شاری سنە ژمارەیەك لە کرێکارانی حەقخواز، لە لایەن رژیمەوە گیراون و زیندانی کراون و تا ئیستاش کە چەند مانگ لە گرتنیان تیپەر دەبی وەلامیکی رۆشن نەدراوەتەوە بە خانەوادەکانیان.

گیرانی ئەم کرێکارانە، هەر ئینسانیکی بەشەرەف و ئازادیخواز کە ریز بۆ ئینسان دادەنی دەباتە ناو فکر و ئەم پرسیارەی بۆ دینیتە پیش کەئەم رژیمە بە چ حەقیك لە چەند مانگ لەوە پیشەوە دەیان کریکاری لە گۆشەی زیندان دا راگرتوە و بەم جۆرە نائەمنی بۆ خانەوادەکانیان پیك هیناوە و ئاسایشی لی هەلگرتوون؟

برسیەتی و نیگەرانی ژن و منداڵەکانی ئەم کرێکارە زیندانییانە تاوانیکە کە هیچ ئینسانیکی شەریف و ئازادە چاوپوشی لی ناکا. هەژاری و بیبەشییەك کە ئەم رژیمە لە ماوەی ئەم دەساڵەدا بۆسەر میلیون میلیون کرێکاری ئێرانی هیناوە، نەك هەر لە لایەن کرێکارانەوە بەڵکوو لە لایەن هەموو ئینسانیکی وەخەبەر هاتوو و وشیارەوە بەگەورەترین تاوانی کۆمەڵایەتی دەژمیردری و ناکری چاوپوشی لی بکری.

بەشەرییەت بەکەسری شانی خۆی دەزانی شەریفترین وزەحمەتکیش ترین ئینسانەکان، لە نانی شەو، لەبەرگ و لیباسی منالەکانیان، لە مەسکەن و ئاسایش و بە کورتی تەنانەت لە لانیکەمی ژیانیکی ئاسایی بی بەش بن.

ل٩

## ئاسوی تیکۆشانمان لە کوردستان

عبدالله موهتەدی

دیاریکردنی ئاسوی تیکۆشانمان لە کوردستان و داهاتووی ئەو تیکۆشانە، بیگۆمان یەکیکە لە مەسەلە گرینگەکانی سەر ریی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ئەمە هەڵبەت کاریکە کە بناغەییترین لایەنەکانی لە بریارنامەکانی کۆنگرەی شەشەمی کۆمەڵە دا کراوە سەرەرای ئەوەش وی ناچی ئیستا هەموو لایەك وەك یەك لەو مەسەلەیە گەیشتبن و لەوە کە کام ئاسو و کام تیکۆشان مەبەستە و چون دەبی پیی بگەین. لە راستیدا هەر ئەمەش پیویستییەکی تایبەت بە هینانەوە گۆری سەرلەنۆیی ئەم باسە دەبەخشی.

ئەگەر بمانەوی لە یەك کەلام دا دیمەنیك لە داهاتووی ئامانجداری جیزبەکەمان، ئەو شکلە دلخوازە کە حیزبی کۆمۆنیست دەبی لە کوردستان بە خویەوە بگری، بەرچاو بخەین، دەبی بلیین کە حیزبی کۆمۆنیست دەبی ببیتە حیزبی ئیعتیرازی ئابووری و کۆمەڵایەتی چینی کرێکار: حیزبی ئیعتیرازی واقیعیی خودی کرێکاران لە خەباتی ئابووری رۆژانە و بەردەوامیاندا بۆ باش بوونی هەل و مەرجی کار و بەریچوون، حیزبی ئیعتیراز و خەباتی کرێکاران لە دژی ستەمە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتییەکان و لە هەمان کاتدا حیزبی ئیعتیراز و خەباتی یەکگرتوانە و چینایەتی کرێکاران بەرانبەر بەسەر تا پیی کۆمەڵی سەرمایەداری مەوجوود.

ئیمە لیرە قسەمان لە حیزبیك نیە کە باسی مەسەلە کرێکارییەکان دەکا یان "دیفاع" لە داخوازە ئابوورییەکانی کرێکاران دەکا و...، بەڵکوو قسەمان لە حیزبی خودی کرێکارانە، لە حیزبیکە کە خاوەن نفووزترین و لە هەمان کاتدا بەرینترین رابەران و تیکۆشەرانی کرێکاری لەگەڵە حیزبیك کە بەم جۆرە خۆی لە جەرگە و لە ریزی پیشەوەی خەباتی ئابووری و هەموو رۆژەی خودی کرێکاراندایە و نوینەری ئەم خەباتە و داخوازەکانیەتی لە ئاستی کوردستاندا .

حیزبیك کە هەر مەسەلە و بابەتیکی ئەم خەباتە رەت کاتەوەیان بیسەلمینی هەلویستەکەی تەئسیری تەواو بکاتە سەر رەت کرانەوەیان قەبوول کرانی ئەو مەسەلە و بابەتە لە لایەن جەماوەری کرێکارانەوە حیزبیك کە پەیوەندیکی مەعنەوی و سیاسی نزیکی لەگەڵ ریکخراوە کرێکارییە جۆراوجۆرەکان هەیە. ئەو ریکخراوە کرێکارییانە کە لە اتحادیە و شوورا و کۆبوونەوەی گشتییەوە بگرە هەتا سندووق و تەعاونی و کلووپ و باشگاکان و شتی تر بە رینوینی و دەس پیشکەری خودی ئەم حیزبە پیك هاتوون و گەشەیان کردوە حیزبیك کە بە هۆی رابەران و تیکوشەرانی کرێکاری خۆیەوە بە هەزار جەمسەرەوە پەیوەندی لەگەڵ ئەم ریکخراوە جۆراوجۆرانە هەیە.

حیزبیك کە سەرجەمی ئەم خەباتە لە خەبات بۆ شۆڕشی کرێکاری و حکوومەتی کرێکاری هەل دەپیکی و لیك گری یان دەدا.

بۆ نموونە: هەروەك جمهووری ئیسلامی یان هەر رژیمیکی سیاسی دیکە لە ئێران ناتوانی لە سەر مەسەلەی مافی دیاریکردنی چارە نووس و داخوازەکانی گەلی کورد بریاریکی بنەرەتی بدا بە بی ئەوەی هەلویستی کۆمەڵە لە بەر چاو بگری (جا چ بیەوی پووچەلی بکاتەوە و چ بە تەما بی لەگەڵی ریك بکەوی)، دەبی لە بابەت بەرەو روو بوون لەگەڵ چینی کرێکار و داخوازە کرێکارییەکانیشەوە وەزع هەر وای لی بی.

وەدی هاتنی ئەمە، لە ماوەیەکی نەك دووریش دا بۆ حیزبی کۆمۆنیست لە کوردستان، ئیمکانی ئەمە دەبی ناوەروکی تیکۆشانمان بی لە دەورەی داهاتوو دا.

## حیزبی کۆمۆنیست و ئەندامەتی کرێکاری

((مەنسوری حیکمەت))

لە حیزبی کۆمۆنیست واوەتر، زۆربەی جەرەیاناتی سوسیالیست، کرێکاری بوونەوە و ریکخراوی کرێکاران بوون تەنانەت وەك ئەرك ویرە نسیبیش چاو لی ناکەن زۆریان بە یەکجار بیری شۆڕشی کرێکاری یان هەر وەلاناوە بۆ زۆربەیان سوسیالیزم چوارچیوەیەکی گشتییە بۆ بەشەر دوستی، نیشتمان پەروەری، سەربەخۆیی ئابووری و پەرە گرتنی سەنعەتی، دیموکراسی و شتی تری لەم چەشنە و هەربەم بۆنەوە لەلای ئەمانە سوسیالیزم بە شیوەیەکی تایبەت ری ناباتەوە سەر کرێکار و خەباتی چینایەتی زۆری تریش کە پییان وایە هیشتا بۆ کاری خۆیان پیویستییان بە مارکسیزم و بابەتی وەك پرولیتاریا و خەباتی چینایەتی هەیە، بە ریگا و شیوەی تر خۆیان لە کرێکاری بوونەوە بە معاف دەزانن رەنگە هیشتا وەزعییەتی سیاسی لەبار نەبی، رەنگە بۆ پرولیتیری بوونی تەشکیلات مەرج نەبی حەتمەن بەدەنە و قەوارەی تەشکیلاتەکە کرێکاری بی، لەوانەشە کرێکاران هیشتا بە ئەندازەی کافی"وشیاری چینایەتی"یان وەدەست نەهینا بی.

بەڵام بیانووەکان هەرچی بن، میژووی کۆمۆنیزم لە ئێران و بە تایبەت میژووی دەورانی رابوردوو پرە لە سازمان و ریکخراوی "پرولیتاریایی" کە هەر لە بنەوە لە خۆیندەواران و زانایانی سەر بە چینی ناونجی کۆمەڵ پیك هاتوون ئەوەکە لانی کەم لە هەندیك دەورەدا لایەنی چینی کرێکاریان گرتوە هیچ گۆمان هەلناگری رەنگە ئەمانە ئەگەر بە دەسەلات گەیشتبان-کە بەلەبەر چاو گرتنی جیگا و شوینی عەینی یان و ئەوە کە هەمیشە لە حاشیە و پەراویزی خەباتی چینەکان دا بوون مەگەر بە هەلکەوت بە دەسەلات گەیشتبان-ژیان و هەل و مەرجی کاری کرێکاران تا رادەیەك رووەو باشی چووبا بەڵام، هیچکام لەمانە ئەم واقعییەتە ناگۆری کە ریك لە پەنا ئەمانە وهاوکات لەگەڵ پراتیکی "پرولیتاریایی" ئەمانە، خەباتی واقیعی چینایەتی، هەرلە ددانە چیرە و مشت قووچاندنی هەموو رۆژەی کرێکارانەوە هەتا مانگرتنەکان و بزووتنەوە و جم و جوولی ئاشکرا و بەرینی کرێکاری، ل٤

## بەیانییەی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

### وەرگیر دراوی بەیانییەی کۆمیتەی ناوەندی لە بارەی بریاری پازدەهەمین پلینومی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران سەبارەت بە ئەندامەتی کرێکاران

هاورییان! ئەهمییەتی مەسەلەی ئەندامەتی کرێکاران لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا پیویستی بە تەوزیح دان نیە.هەموو ئەندامیکی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دەزانی کە تەبدیل بوونی حیزب بە ریکخراوی سیاسی چینی کرێکار لە ئێران، بەبی ئەوەی ئەم حیزبە ئامراز و وەسیلەی یەکگرتن و خەباتی کرێکارانی کۆمۆنیست بی، بە بی ئەوەی بناغەی تەشکیلاتەکەی و زۆربەی هەرەزۆری ئەندامەکانی لە کرێکاران پیك هاتبی، ئیمکانی نیە. لە سەرەتای پیك هاتنی حیزبی کۆمۆنیستەوە مەسەلەی لابردنی کۆسپ و مانعە کۆمەڵایەتی و سیاسی و تەشکیلاتییەکانی سەر ریگای ئەندامەتی کرێکاران لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا، یەکیك لە مەیدانە گرینگەکانی خەباتی ئیمە بووە و تا ئیستا پیشرەوی بەرچاومان لەم زەمینەیەدا بووە دیارە مەسەلەی ئەندامەتی کرێکاران لە حیزبدا، مەسەلەیەك نیە کە تەنیا تەشکیلاتی و ئەساسنامەیی بی پەیوەندی کرێکاران لەگەڵ حیزب تابعیکە لە خەسلەتی چینایەتی نەزەرات و سیاسەتەکان و شکل و شیوەکانی خەباتی حیزبی ئیمە و هەتا حیزب بە شیوەی واقیعی ل٣

## تەبدیل کردنی کۆمەڵە بەریکخراوی کرێکاران و ئەرکەکانی ئەم دەورەیەمان وت وویژ لەگەڵ هاوری عمرایلخانی زادە

هاوری عومەر ویرای بەخیر هاتنت، پرسیاری یەکەمم دەست پی دەکەم. ئیمە زۆر جار باسی تحول و تەبدیل بوون بە حیزبی کرێکاریمان کردوە و لە نەشریات و رادیوشمان دا ئەوە باسی کراوە. توزیح بدە کە لە چ روانگەیەکەوە هیشتا کۆمەڵە سازمانیکی کرێکاری نیە؟ ئایا مەنزوور ئەهداف و بەرنامە و سیاسەتەکانیشمانە؟

سپاستان دەکەم و سلاوم هەیە بۆ گویگرە خۆشەویستەکانی رادیو حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ئەساسەن بەرانبەر بە چەپی وردە بورژوایی و پوپولیستی و بە هەدەف و ئامانجی کارگەرییەوە پیك هات . لە هەموو دەورەی حەیاتیشی دا ئەم حیزبە پاریزەری جەوهەری ئیدئولوژیکی و کرێکاری مارکسیزم بووە بەرانبەر بە بیروراکانی چەپی ئێران، وە لە سەرەتای پیك هاتنیەوە لایەنگری ئەوە بووە کە ببیتە حیزبیکی کرێکاری لەم بابەتەوە حیزبی کۆمۆنیست، جم و جوول و وەخۆ کەوتنیکی لە بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی دا بەرانبەر بە جەرەیاناتی غەیرە کرێکاری پەرەپیداوە .

کۆمەڵە، بیجگە لەوە، پەیوەندیکی قوولی لەگەڵ کرێکارانی کوردستان هەیە و نفووزیکی جەماوەری بەرینیشی لە نیویان دا هەیە. تەئسیراتی گرینگ و رۆژانەی لەسەر زۆر لایەنی خەباتی ئیعتیرازی کرێکاری بووە و هەیەتی و لەم بابەتەوە نوینەری بەرژەوەند و سیاسەتە چینایەتی و کرێکارییەکان بووە، وەلە ریزبەستنی سیاسی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵدا وەك ریکخراویکی مودافیعی کرێکاران، وەك ریکخراوی سیاسی کرێکاران جی کەوتوە بەڵام سەرەرای هەموو ئەمانە، قەوارەی حیزبی و تیکۆشەرانی ئیمە وا نەبوو کە ئاستە جۆراوجۆرەکانی رابەرانی ئیعتیرازی کارگەری و، پیشرەوان وتەیفی کرێکارانی رادیکال سوسیالیست بگریتە بەر و لە خۆیداکویان بکاتەوە. هیشتا بەشی عومدەی تیکۆشەران و کادرەکان و ئەندامانی کۆمەڵە لە کرێکارانی پیشرەوە و لە رابەرانی عەمەلی کرێکاران پیك نەهاتوە. ل٧

## ریز گرتنی خەڵکی شارەکانی سنە، کرماشان، مەریوان، کامیاران، دیواندەرە و قروە لەیادی هاوری سدیق کمانگر!

رۆژی ١٤ی خەرمانان، پاش بلاوبوونەوەی هەوالی تروری جینایەتکارانەی هاوری سدیق کمانگر لە دەنگی شۆڕشی ئێرانەوە سیمای شاری سنە بەتەواوی گۆرا و خەم و پەژارەیەکی قورس و نەفرەت و بیزاری یەکی قوول لەو چینایەتەی جمهووری ئیسلامی سیمای خەلکی شاری داگرت.

لە حالیکدا خەلکی شار خۆیان بۆ بەشداری لە مەراسمی ریزگرتن لە یادی هاوری سدیق ئامادە دەکرد، بەکریگیراوانی سپای پاسداران بۆ پیش گرتن بەو حەرەکەتە خیابان و کووچەکانی دەوروبەری مالی خانەوادەی هاوری سدیقیان خستە کۆنترولی خۆیان و باوکی هاوری سدیقیان گرت. بەڵام ماوەیەك دواتر پاش ئەوەی وەزعی شاریان هاتەدەست و هەستیان بەتوورەیی و کینەی خەڵکی شار لەوجینایەتە کرد ناچار بوون ئازادی کەن.

هەر لەو رۆژەوە مەراسمی ریزگرتن لە یادی هاوری سدیق بەرپاکرا و خەڵکی شار دەستە دەستە چوونە مالی خانەوادەی هاوری سدیق و ریزیان لە رابەری خۆیان گرت و ماوەی ٣-٢ رۆژ دووکان و بازاری بەشیکی زۆری شاریان تەعتیل کرد.

رۆژی ١٥ی خەرمانان ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی شارەکانی کرمانشان، مەریوان، کامیاران و قروە و دیواندەرە هاتنە سنە و بەبەشداری بەرینیان لە مەراسمی ریزگرتن لە یادی هاوری سدیق دا هەموو هەول و تەقالای رژیمیان بۆ پیش گرتن بەو حەرەکەتە پووچەل کردەوە و جار لەگەڵ جار بەکریگیراوانیان ناچار بە پاشەکشەیەکی زیاتر کرد. رۆژی ١٦ی خەرمانان لە حالیکدا کە ژمارەی بەشدار بووانی شارە جۆراوجۆرەکانی کوردستان لە مەراسمەکەدا زیادی کرد بوو کۆمەڵیکی بەرین لە خەڵك بەرەو گورستانی شار وەری کەوتن و لەسەر گۆری گیان بەخت کردوانی ئەم شارە مەراسمیکی باشکویان بۆ ریزگرتن لە یادی هاوری سدیق بەرپا کرد کە هەزاران کەس بەشداری یان تیدا کرد.

ل٩

لە هەمان کاتدا و بەم پێ یە حیزبی ئێمە لە کوردستان دەبی حیزبی رابەر و بە تایبەت ریکخەری هەموو بزووتنەوەی شۆڕشگێرانە و ئیعتیرازی‌ی جەماوەری بۆ داخوازە ریفاهی‌یەکانی زەحمەتکیشان، بۆ مافی دیاریکردنی چارەنووس، بۆ مافەکانی ژیان، بۆ هەڵخراندنی دیموکراسی شۆڕشگێر و بۆ ریکخستنی دەسەلاتدارەتی شۆڕشگێرانە بی.

رەنگە بلین ئەمانە کەس لە سەریان نیە بەلام هەموو مەسەلەکە لە سەر ناسینی ئەو کوسپە فیکری و عەمەلی‌یانەیە کە ناهیلن ئەم رەوتە بە شیوەی دلخواز بەرەو پیش بچی و مەبەست ریگا کردنەوەیە بۆ ئەو رەوتە.

واقعییەت ئەوەیە ئەمە تاقەئاسویەك نیە کە هەبی، وە یا باشتر بلیم: ئەمە ئاسویەك نیە کە بناغە و بنەمای کردەوەیە و پراتیکی رۆژانە و بەردەوامامان لە مەیدانە جۆراوجۆرەکاندا بە پیی ئەم ئاسویە دیاری ناکری.

خەریك بوون لەگەڵ "ریکخراوی خۆ" بە مانای بەرتەسکی وشەکە-کەلەبابەت کۆمەڵەوە بە شیوەی موشەخەس دەکا ریکخراوی چەکداری عەلەنی – بەقیمەتی کەم رەنگ بوونەوەی لایەنی کۆمەڵایەتی چینایەتی بەرین و بنەرەتی کارمان، کە بە پیی تەعریف هەر لە بنەرەتەوە بوونمان لە پیناو ئەوە دایە، گیر و گرفتیکی واقیعی‌یە لە سازمانی کوردستانی حیزبدا.

دیارە لەم هەل و مەرجە دامەسەلەی ئاسو و داهاتووی کارمان ئەغلەب و "لە خووە" لەگەڵ تەشکیلاتی عەلەنی کۆمەڵە و تیکۆشان و داهاتووی ئەو بەشە بە یەك شت دادەنرین. (لەم دوایی‌یانەش دا بە دەورەی تاکتیکی‌ی کۆتایی پی هاتنی شەری ئێران و عێراق پەیوەند دەدریتەوە).

هیچ گۆمان لەوەدا نیە کە پاراستن و پتەو کردنەوە و پەرە پیدانی تەشکیلاتی عەلەنی و هیزی پیشمەرگەی کۆمەڵە وەك باسکی چەکداری کرێکاران لە خەباتی سیاسی و چینایەتی دا لە کوردستان یەکیکە لە ئەرکە گرینگەکانی حیزبی کۆمۆنیست کە وایە ئەو پرسیارانە کە لە بابەت ئەم لایەنەی کارمانەوە بکرین تەواو گرینگن و دەبی بە وردی وەلامیان پی بدریتەوە (بیجگە لەمە، تەئسیر و شوینەواری شەری ئێران و عێراق لە سەر ئەم شکلەی تیکۆشانیشمان دەبی بەوردی بدریتە بەر لیکولینەوە).

بەلام پیش وەلامدانەوە بەم جۆرە مەسەلانە و لە هەمان کاتدا بۆ وەلامدانەوەی دروست پییان، دەبی لە پیشدا ئەوە دیاری بکری خودی ئەو مەسەلەیەی دەبی وەلامی پی بدریتەوە کامەیە: ئاسوی تیکۆشانمان لە کوردستان تەنیا بریتی نیە لە تەشکیلاتی عەلەنی و هیزی پیشمەرگە و کاری چەکدارانە و، فاکتورە سەرکی‌یەکانی دیاریکردنی ئەم داهاتووەش تەنیا لەم هەل و مەرجە تاکتیکی‌یەی ئیستا دەرناکیشرین تەنیا بە وەلامدانەوەی دروست بە سەرجەمی ئاسوی سیاسی حیزبی کۆمۆنیست، لە کوردستان وە تەنیا لە بەر تیشکی ئاسویەکی هەمەلایەنەی کرێکاری بەگشتی ئەم مەسەلەیەش دەچیتە سەر جیگای دروستی خۆی.

## زەمینە و هەل و مەرجی تکیۆشانمان لە کوردستان

دەکری بلیین بوون بە حیزبی ئیعتیرازی ئابووری و کۆمەڵایەتی کرێکاران بە گشتی بۆ هەموو حیزبی کۆمۆنیست بە ئامانجیك دادەنری بەلام پیشینەو ئەو هەل و مەرجە کۆمەڵایەتی‌یە کە سازمانی کوردستانی حیزبی ئێمە تییدا بەسەر دەبا، جیگا و شوین و مەوقعییەت، هەل و مەرجی لە بار، وە هەروەها ئەو چەشنە کۆسپانەی لە گەلیان بەرورووە، لە هەموو جی‌یەك دەقاودەق وەك یەك نین کە وایە دەبی سەرەتا ئەم هەل و مەرج و تایبەتی یانە، ئەگەر چی بەشکلی گشتی ش بین بناسرین و بدرینە بەر لیکولینەوە ئەمانە بە کورتی بریتین لە:

ئەلف- ئیعتیبار و نفووزی کۆمەڵایەتی کۆمەڵە بە گشتی کۆمەڵە لە باری نفووز و ئیعتیباری کۆمەڵایەتی‌یەوە لە جیگایەکە کە هیچ حیزب و جەرەیانیکی کۆمۆنیستی لە ئێران هەتا ئیستا پی نەگەیشتوە ئەوشتە کە بە ساڵەها تیکۆشانی دژوار وە دەست دی، ئەمرۆ، هەر لە سایەی ئەو تیکۆشانەوە، بۆ کۆمەڵە وەدی هاتوە نفووزی مەعنەوی یەکجار زۆر و خۆشەویستی قوول و سەمیمانەی کۆمەڵە لە لای جەماوەر بالقوە توانای ئەوەی بە کۆمەڵە داوە کە لە هەنگاوی ورد لە خەباتی سیاسی دا واوەتر بچی بەرەو هەلگرتنی هەنگاوی گەورە و بانگەوازی بەرینی جەماوەری.

ب- زال بوونی گەرایشی کۆمۆنیستی -ئەگەر نەلیین تاقانە بوونی ئەو گەرایشە لە بزووتنەوەی کرێکاراندا لە کوردستان کە لە باری سیاسی و تەشکیلاتی‌یەوە ری دەباتەوە سەر حیزبی کۆمۆنیست و کۆمەڵە ئەم مەیداندار بوونەی گەرایشی سوسیالیستی لە نیو تیکۆشەران و رابەران و پیشرەوانی کرێکاریدا لە کوردستان ئەگەر چی لە هەمان کاتدا نیشانەی کەمتر خەمیلین و کەمتر خاراوی و پوختە بوونی بزووتنەوەی کرێکاری لە کوردستانی پیوەیە و نابی یەك لایەنە ستایش بکری، بەلام دەتوانی بەردی بناغەیەکی گەورە بی بۆ بنیات نانی حیزبیکی قودرەتمەند و خاوەن نفووزی کرێکاری-کۆمۆنیستی لە کوردستان.

لە راستیدا شکل گرتنی کۆمەڵە و چینی کرێکار و باڵاکردنیان، لە باری کۆمەڵایەتی و میژوویی‌یەوە لیک گری دراون پروسەی خۆ وشیاری چینی کرێکار و ئاگاداربوونی لە جیگا و شوینی خۆی، لە تیکۆشانی سیاسی کۆمەڵە جیا ناکریتەوە هەلدەگری بلیین کرێکاری کورد لەگەڵ کۆمەڵە و بە کاری وشیاریدەرانە و تەبلیغاتی بەرینی کۆمەڵە ریز و بایەخی خۆی ناسیوەوپەی بە مافەکانی خۆی بردوە ئەمە پەیوەندیکی سیاسی و رووحی‌ی قوولی لە نیوان کۆمەڵە و کرێکاری کورد دا پیك هیناوە کە بیگۆمان لە کلی دژوارترین تاقیکردنەوە دەر دی و بەرگەی دژوارترین سەرکوتی بورژوازی و دەورەی خەفەقان دەگری.

ج- تایبەتی‌یە محەللی‌یەکان ولایەنە لاواز و بە هیزەکانی خودی چینی کرێکار و بزووتنەوەی کرێکاری دەبی لە دیاریکردنی ئەرك و سیاسەتەکونکریتەکاندا(و یەك لەوانە پیك هینانی ریکخراوە کرێکاری‌یەکان)لەبەر چاو بگیری بەهەرحال هەتا ئەو جیگایەی پەیوەندی بەم باسەوە هەبی ئەم مەسەلەیە دەتوانی تەئسیر بکاتە سەر چونیەتی کار نەك نەفسی کارەکە.

د- مەوقعییەت و جیگا و شوینی سیاسی گشتی لە کوردستان بوونی بزووتنەوەیەکی جەماوەری لە دژی رژیمی ئیسلامی و بۆ وەدەست هینانی مافی دیاریکردنی چارەنووس و بەریوە چوونی کاروبار بە دەست خەڵکی کوردستان لە هەمان کاتدا کە هەمیشە ئیمکان و زەرفییەتی ئەوەی رەخساندوە لە باری کۆمەڵایەتی‌یەوە جۆرە خەباتیك لە سەر دەسەلاتی سیاسی لە ئارا دا بی، بووەتە هۆی پیك هاتنی سەنگ و سووکی یەك لە نیوان هیزی خەڵك و حکوومەت کە جیاواز لە چاو باقی شوینەکانی ئێران و ئەمەش بەش بە حالی خۆی توانایی خەبات و مانور و داسەپاندنی زیاتری مەوجوودییەتی خۆ و تیکۆشانی خۆ، بە هەموو بزووتنەوەی شۆڕشگێرانە و بزووتنەوەی داخوازەکانی کرێکاران و بە ریکخراوە جەماوەری‌یەکانی کرێکاران دەبەخشی.

ه- بوونی خەباتی چەکدارانە لە کوردستان و گرسانی ئەم شکلەی خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە دە ساڵی رابوردوودا. ئەمە کە خۆی یەکیکە لە لایەنەکانی مەوقعییەتی سیاسی گشتی لە کوردستان، تەئسیری گەورەی بووە نەك هەر لەسەر خەباتی سیاسی لە کۆمەڵی کوردستان بە گشتی، بەڵکوو لەسەر پلەی نفووز و ئوتوریتە و شکلەکانی تیکۆشان و سوننەت و نەریتی سیاسی و خەباتکارانەی کۆمەڵە بە تایبەت. ئەمە ئیعتیبار و نفووزیکی یەکجار زۆری بە کۆمەڵە بەخشیوە و وای کردوە کرێکاری کورد هەست بە پشت ئەستووری بکا و هەست بەوە بکا باسکیکی چەکداری هەیە کە چ ئەمرۆ و چ بە تایبەت سبەینی دەتوانی بیتە کایەوە و هەروەها، لە خورادیوی‌یەکی تایبەتی پی بەخشیوە کە هیزیکی وا کە تەنیا ئۆپوزیسیون بی هەست بەو لەخۆ رادیوی‌یە ناکا کرێکاری کورد هەردەم بە قودرەت گەیشتن و دەسەلاتدارەتی خۆی وا دەبینی کە عەمەلی ترە و زیاتر لە دەسرەس دایە.

## کەم و کووری‌یەکان و کۆسپەکان

ئیستا دەبی پرسیار بکری کە ئێمە لە رووی ئەو داهاتووە دلخوازە دا کەباسی دەکەین کە کوی ویستاوین؟ ئایا لە حاست ئەو مەبەستەی باسی کرا لە جیگای شیاوی خۆیدا ین و کەوتووینە سەر رەوتی خۆی؟ ئەگەر نا، کەم و کووری‌یەکە چیە و لە کۆی‌یە؟ کۆسپەکان کامانەن؟

یەکەمین واقعییەت کە دەسبەجی وەك کەم و کووری یەکی جیددی دیتەبەر چاو-کە هەڵبەت باسکردنیشی هیچ شتیکی تازە نیە- ئەوە کە نفووزی مەعنەوی و سیاسی کۆمۆنیزم و بە شیوەی موشەخەس حیزبی کۆمۆنیست لە کوردستان بە هیچ شیوەیەك لەگەڵ پلە و میزانی ریکخراو بوونی لە نیو چینی کرێکار دا و هەر وەها لەگەڵ میزانی ریکخراو بوونی خودی چینی کرێکار و بزووتنەوەی کرێکاری هاوسەنگ و هاوتا نین بە وتەیەکی‌تر حیزبی ئێمە سەرەرای بەهرەمەند بوون لە مەوقعییەت و جیگا و شوینیکی تاقانە لە نیو کرێکارانی کوردستاندا-کە خۆی حاسلی ساڵەها تیکۆشانە-هیشتا نەیتوانیوە نە کۆمۆنیزم بکاتە جەرەیانیکی تەواو خۆ ریکخستوو لە نیو کرێکاراندا و نە کرێکاران، بە هۆی ریکخراوەی جۆراوجۆر لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ ئەم جەرەیانە کۆمۆنیستی یە گری بدا و پەیوەندیان لە نیو دا پیك بینی ئێمە لەم بابەتەوە زۆر لەوە لە دواترین کە توانامان پیی دەشکی. گیر و گرفتە کە کاتیك زیاتر بەرچاو دەکەوی کە پەی بەوە بەرین کە ئێمە بە کردەوە نەکەوتووینە سەر رەوتی ئاسایی ورەوتیك کە ری دەباتە سەر لابردنی ئەم کۆسپ و کەم و کووری‌یانە بە خیرایی و بە شیوەی کاریگەر.

بەلام ئەم فاکتە، ئەم کەلینە، کەخۆی بە ئەندازەی کاف رۆشنە، تەنیا ئەوە نیشان دەدا کە چلون ئێمە هیشتا نەمانتوانیوە حیزبەکەمان وەك تەشکیلاتیکی دیاریکراو لەگەڵ نیاز و پیویستی‌یەکانی چینی کرێکار بگونجینین و بەو پی‌یە لە دەقی بدەین و، هەولدان لەم بابەتەوە چەندە پیویست و زەرووی‌یە لە کوردستان بە هۆی نفووزی سیاسی زۆر بەرین و بە لە بەرچاو گرتنی ئەوە کە حیزبی ئێمە کرێکاری بەدەورەوەیە، ئەم کەلینە و ئەم ناتەبایی یەزۆرزەقتر بەرچاو دەکەوی.

لەباری لیکدانەوەوە، ئەم پاش کەوتنە ئەم دوو دانی‌یە، بیجگە لە میراتی سوننەت و نەریت و پراتیکی چەپی غەیرە کرێکاری هیچی تر نیە ئەم ناتەبایی‌یە و مانەوەی هەتا ئیستا وسەرەرای زەمینەی لەبار و نفووزی سیاسی بەرچاو و رۆژ لە رۆژ زیاتری حیزبی کۆمۆنیست، نیشان دەدا کە چلون ئێمە سەرەرای دوور کەوتنەوەی زۆرمان لەباری ئیدئولوژیك و سیاسی‌یەوە لە چەپی سوننەتی ئێران، لە لایەکی ترەوە هیشتا نەمانتوانیوە جیگایەکی کۆمەڵایەتی جیاواز کە حیزبیکی کۆمۆنیستی کرێکاری دەبی بیبی، وەدەست بینین وە چلون ئەم کۆسپە ئێمەی لە جیگایەك کە تەنیا هەنگاویکی ماوە بۆ وەدی هاتنی ئال و گوریکی گرینگی سیاسی لە کۆمەڵی کوردستاندا، ئال و گۆریك کە بیگۆمان تەئسیر دەکاتە سەر چارەنووسی ساڵەهای ساڵی داهاتوو، راگرتوە. هەندیك هۆی عەینی و واقیعی کە ریشەیان لە تاریخی دەساڵی رابووردووی کوردستان و کۆمەڵە دایەوشی کردنەوەیان لەو وتارەدا ناگونجی هەن کە زەمینەی کەم تا زۆر بەردەوامیان هەیە بۆ سەر- هەلدانەوەی بوچوون و شیوە کاریکی تایبەت بوچوونیك کە کۆمەڵە لە کردەوە دا تەنیا وە یا بە شیوەی عومدە لە چوارچیوەی ئەو ریکخراوە دا دەبینی کە دەم و دەست لەبەرچاو و ئاشنایەیانی بە تایبەت سازمانی چەکداری عەلەنی – ولایەنە کۆمەڵایەتی و چینایەتی‌یەکانی کاری خۆی لە بیر دەباتەوە وە یا کەمرەنگی دەکاتەوە و دەیکاتە شتیکی لاوەکی.

مانەوەی ئەم بوچوون و روانینە بەر تەسکە و رەواجیشی بیجگە لە بەیانیکی‌تر وشکلیکی‌تر بودیاردەی نەدیتن و کەمتەرخەمی – ئەگەر چی لە کردەوە دا و"لە خووە" لە حاست هیزی کۆمەڵایەتی گەورەی کرێکاران نیە کە بە دلگەرمی پشتیوانی لە دەوری کۆمەڵە کۆ بوونەتەوە و رۆژ لەگەڵ رۆژ زیاتر کۆ دەبنەوە.

ئەم بوچوونە کە خۆی نەك لە بیروباوەر دا وە یا لە پلاتفورمی سیاسی موشەخەس و جیاواز دا بەڵکوو لە کارکرد وپراتیکی "لە خووە"دا نیشان دەدا، بە ناچار دەبیتە هۆی جۆریکی دیاریکرا و لە ئاسو، جۆریکی دیاریکراو لە کار و ئەرك، جۆریکی دیاریکراو لە شیوە و رەوشتی عەمەلی و بەم پی‌یە لە دەورەیەك دا ئەنجامەکەی بە کردەوە دەبیتە پراتیکیکی‌تر- پراتیکیکی غەیری ئەوەی لە جەرەیانیکی بە راستی کرێکاری دەوەشیتەوە-.

بەلام ئەم شیوە رایج و "لە خووە"یە بە رەخنەی وشیارانە و گورینی ئامانجدا و بە دانستەی پراتیك و ئەرك و کار و جیهەت گیری‌یەکان نەبی جیگای خۆی نادا بە شیوە و رەوشتیکی تر.

## گورانکاری و ناوەروکەکەی

ئەم وەزعییەتە دەبی بگوردری ئەم ناکوکی‌یە، ئەم کەلینەی نیوان پیویستی‌یەکی کۆمەڵایەتی چینایەتی وزەرفییەتیکی گەورە و بەرین لەگەڵ کارکرد و وەلام دانەوەی نارەسای تەشکیلاتی ئێمە کە خۆی لە هەمان کاتدا هویەکی گرینگە لە وەکارنەکەوتن و وەگەر نەکەوتنی هەموو توانایی بزووتنەوەی کرێکاری و هەروەها هەموو توانایی بزووتنەوەی جەماوەری و شۆڕشگێرانەی کوردستاندا، دەبی هەرچی زووتر کۆتایی پی بهێنری.

ئەم وەزعییەتە بە هەرناویکەوە پاساو بکری، هیچ مەعنایەکی نیە بیجگە لە مانەوەمان لە سنووری رادیکالیزمی غەیرە کرێکاری‌دا و بۆ گورانکاری‌یەکی چینایەتی و پر بە پر نەبی بۆ هیچی تر بانگەوازمان ناکا.

ئەوشتەی بۆ چەپی سوننەتی و رووناکبیرانە لە راستیدا شکلی ئاسایی مەوجوودییەت و بوونیانە و شیوەیەکی ژیانە کەپیی راهاتوون و خوویان پی گرتوە، بۆ ئێمە ناکوکی‌یەکی پر ژانە کە دەبی بە رەخنەیەکی لیبراوانە و بە پابەند بوونیکی سەرسەختانە بە گورینی بەکردەوەی بە قازانجی چینی کرێکار، چارە سەر بکری.

کۆمۆنیزم بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی کرێکاران لە دژی نیزامی سەرمایەداری‌یە و حیزبی کۆمۆنیست ریکخەری ئەم کادرەکان، قەوارەی تەشکیلاتی و کار دابەشکردن و جۆری فەعالییەتی ریبەرایەتی کۆمەڵە، هەر هەموویان دەبی لەبەر تیشکی ئاسویەکی هەمەلایەنەی کرێکاری‌دا سەرلەنوێ پییاندا بچینەوە و دایان ریژینەوە.

ئەم گورانکاری‌یە، یان ئەم جیگۆرکی‌یە بە شیکە لە سەرجەمی هەولدان و تیکۆشان بۆ وەدی هینانی کۆمۆنیزمی کرێکاری وە تەنیا لەم حالەتە دایە کە ئێمە دەکری بلیین توانیومانە دابرانی کۆمەڵایەتی و چینایەتی خۆمان لە چەپی رادیکالی غەیرە کرێکاری مسوگەر بکەین.

ئەو کەسەی بروای هەیە و دەیەوی لە دنیایەك دا کە هەموو چەشنەکانی سوسیالیزمی بورژوازیی و غەیرە کرێکاری خەریکن تیدا چوون و فەوتانی خۆیان بەرچاو دەخەن، کۆمۆنیزمیکی کرێکاری هەلبژیری، ئەو کەسەی دەیەوی لە چەپی سوننەتی‌ی رووناکبیرانە و وردە بورژوایی بە تەواوی دابری و بە تەواوی لەم بارەوە بچیتە سەر باریکی تر، ئەو کەسەی دەیەوی بە راستی گوێ رایەل بی بۆ تی گەیشتن لە پیویستی‌یەکانی چینی کرێکار و دەیەوی وەلامدەرەوەی ئەم پیویستی‌یە جۆراوجۆرانە بی کە رۆژ بە رۆژ زیاد دەکەن، ئەو کەسەی دەیەوی بورژوازی شکست بدا و ئالترناتیوی ناسیونالیستی- بورژوایی لە باری کۆمەڵایەتی‌یەوە لە مەیدان وەدەر نی، ئەو کەسە دەبی بە تەواوی وجوودەوە و گەرم و گۆر بۆ وەدی هینان و

دەورەی دووهەم ژمارەی ٣٣ ڕەزبەری _١٣٦٨ ئوکتوبری _ ١٩٨٩

پێشڕەو

مسوگەر کردنی ئەو ئاڵ و گۆڕە کە ئیمە دەخاتە سەر ئەو ڕەوت و ریبازە، خەبات بکا.

ئیمە بە گشتی قسەمان لەوەیە حیزبی کۆمۆنیست ببیتە حیزبیك کە لەگەڵ ئامانجە چینایەتی‌یەکانی و لەگەڵ بناغەی کۆمەلایەتی کۆمۆنیزم یانی کرێکاران بیتەوە، ببیتە ئامرازیکی خۆشدەست بۆ تیکۆشانی کرێکاران و پیویستی‌یەکانی بوونی ئەم حیزبە بە حیزبیکی کرێکاری کۆمۆنیستی بە تەواوی مەعنا فەراهەم بکری، وە خۆدی ئەمە بە ئامرازی خەبات بۆ مسوگەر کردنی ئەو ئال و گۆڕە سیاسی و و کۆمەلایەتی‌یە دەزانین کە شۆڕشی کرێکاری لە گرەوی دایە وەدی هاتنی ئەمە لە کوردستان پیویستی بەجیٚ گۆڕکی و گورانکاری یەك لە کارکردی ئیمە دا هەیە.

ئەمە تەنیا "دەسکاری" کردنیکی تیکۆشانمان نیە بۆ ئەوەی لە چاوجاران باشتر بی بەڵکوو بەبی ئەم گۆڕانکاری‌یە هەر ناتوانین ئەرکە سیاسی و چینایەتی‌یەکانمان بەریوە بەرین ئەمە مەرجی پیویستە بۆ بەرەو پیش بردنی ئەو ئامانجە کۆمەلایەتی‌یەی لە پیناوی دا خەبات دەکەین کۆمەڵە دەبی رووبکاتە "حیزبی گەورەی ئێمە" بە مانا کۆمەلایەتی و چینایەتی یەکەی یانی هەموو رابەران و تیکۆشەرانی کرێکاری و کرێکارانی خەباتکار و پیشرەو، وەلامدەرەوەی مەسەلەکانیان بی، ریچکە و ریبازی بۆ دیاری بکا و خۆی وەك رابەری واقیعی و ری نیشاندەری ئەو خەباتە جیگیر بکا دیارە بۆ وە دەست هینانی ئەو جیگا و شوینە دەبی لە هەمان کاتدا وەلامی مەسەلەکانی کوللی ئەو چینە بدریتەوە و ئەم کارە بە شیوەی رووتین و هەموو رۆژە و بەردەوام بەریوە ببری.

ئەو کات لەم هەلویستەوە و لەم جیگا و شوینەوە دەبی کۆمەڵیکی بەرین لە مەسەلە گشتی‌یە سیاسی‌یەکانی بەردەم کۆمەڵ لە کوردستان، لە خەباتی ئیعتیرازی جەماوەری یەوە بگرە هەتا مەسەلەی میللی، ژنان، جووتیاران، بزووتنەوەی چەکدارانە، دەسەلاتدارەتی شۆڕشگێرانە و هەر مەسەلەیەکی تری لەم بابەتە بە قودرەتمەندترین و واقیعی ترین شیوە وەلامیان بدریتەوە.

بە پیی ئەم ئاسو بەرینە کرێکاری‌یە دەبی هەرچی زووتر گرینگترین مەسەلەکان کە لەسەر ریی ئەم کارە بەرینە ریکخەرانە و سیاسی‌یەن، بدرینە بەر لیکولینەوە و بە شیوەی موشەخەس وەلامیان بدریتەوە گرینگترینی ئەو مەسەلانە بە کورتی بریتین لە: ئەلف- پەرە پیدانی ریکخراوەی حیزبی لە نیو کرێکاران دا و دەرکیشانی ئەنجامی موشەخەس لە "سیاسەتی ریکخستنمان" لە کوردستان ئەگەر چی باسەکان "سیاسەتی ریکخستنمان"هەتا ئیستاش تەئسیری زۆر بەرچاوی کردوەتە سەر بنەماکان و شیوەکانی تیکۆشانی کۆمەڵە لە مەیدانی کرێکاری دا، سەرەرای ئەمە ریك هەر بە هۆی ئەم وەزعییەتەوە، هیشتا ئیمە لە سەروبەندی ئەوگورانکاری‌یە واقیعی و شۆڕشگێرانەیە داین کە ئەم بوچوونە لەباری مەنتیقی‌یەوە لە کاری ئیمەدا دەبی پیکی بینی.

ب- ریکخراوە جەماوەری یەکرێکاری‌یەکان واوەتر بردنی ئەم کارە لە چوارچیوەی تەبلیغ و روون کردنەوە و کردنی بە پرۆژەی کۆنکریت و زەماندار بۆ بەریوە چوون و هیدایەتی ئەم سیاسەتە لە لایەن ریبەرایەتی کۆمەڵەوە.

ج- ئیمکاناتی کاری قانوونی و عەلەنی و سیاسەتی ئیمە لە حاست ئەو کارە لیکولینەوەی یاساکان و هەروەها شیوە عەمەلی‌یەکان بۆ بردنە سەر توانایی خەباتکارانە و پەرە پیدان و بەرین کردنەوەی مەیدانی هەلسوورانی ریکخراوە جەماوەری‌یەکانی کرێکاران و کرێکارانی کۆمۆنیست و تیکۆشەر.

د- ریکخستنی ئەو تویژە کۆمەلایەتی‌یانەی ئیعتیرازیان هەیە و خاوەنی وزەی خەباتکارانەن وەك قوتابیان و لاوان.

ە- ئیدامە کاری تەبلیغات (رادیو، بلاوکراوەکان و...) و پیك هینانی کەیفییەتیکی نوی بۆ وەلامدانەوە بە پیویستی‌یەکانی تیکۆشەران و بە گشتی کرێکارانی سوسیالیست و خەباتکار لە کوردستان.

و- هەلبواردنی هەرچی زیاتری ریبەرایەتی و فونکسیونە سیاسی تەشکیلاتی‌یە سەرەکی‌یەکانی کۆمەڵە لەو هەل و مەرجە نائاسایی‌یەی کە رەنگە لەبەر هۆی نیزامی بە ناچار بۆ بەشی چەکدار و عەلەنی کۆمەڵە بیتە پیش دانانی ئەم ریبەرایەتی‌یە لە ژووروی مەیدانە جیاجیاکانی تیکۆشان، قەوارە پیدان و کاردا بە شکردنیکی تازە کە لەگەڵ ئەم ئامانج و ئاسویەبیتەوە.

ز-...

ئەم هەنگاوانە دەبی ئیدامەکاری و پتەو بوونەوەی کاری ریکخروی چەکداری نیزامی و تیکۆشانی چەکدارانەشمان بداتە بەر لیکولینەوە، بینیتە جیگای شیاوی خۆی و وەلامی خۆی پی بداتەوە. بەم پی‌یە حیزبی ئیمە دەبی وەك حیزبیکی چەکدار، یان دروست تر بلیین وەك حیزبیك کە لقیك یان باسکیکی چەکداری هەیە، حیزبیك کە لەم مەیدانەی خەباتیش دا بە قودرەتەوە حوزووری هەیە و توانایی ئەم خەباتە ئەمرۆ دەنیتە خزمەت داسەپاندنی سەنگ و سووکی یەکی موساعیدتر لە نیوان هیزەکاندا و پەرەپیدانی نفووزی جەرەیانی سوسیالیستی، و سبەینی دەینیتە خزمەت هەلخراندنی گشتی، ئازاد سازی و راپەرینی گشتی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکیش، و بمینیتەوە و گەشە بکا و بە کولنەدەری و خوراگری تەواوەوە دەسکەوتە سیاسی و چینایەتی‌یەکانی کرێکارانی کوردستان، کە بە شۆڕش و بە قیمەتی خەباتی خویناوی وەدەستیان هیناون – بپاریزی.

کۆمەڵە لە هەمان کاتدا کە دەسکەوتەکانی خۆی لەم زەمینەیەدا بەو پەری وریایی یەوە دەپاریزی، بەلام نابی گیرودەی شکلەکانی تاریخی رابوردووی خۆی بی بەڵکوو دەبی تاریخی داهاتووی خۆی بەپیی ئاسویەکی بەرین و هەمە لایەنەی کرێکاری‌داریژی. پاراستن و پەرەپیدانی ئەم دەسکەوتانە چ بەرانبەر بە دوژمنانی چینایەتی و چ بەرانبەر بە گەرایشی تەسلیم خواز و خۆپاریز و چ بە تایبەت بەرانبەر بە بەند و بەست و سات و سەوداکانی بورژازی کورد، بیگۆمان یەکیك لە ئەرکەکانی کۆمەڵەیە، بەلام مەسەلەی سەرەکی بۆ کۆمەڵە ئەوە نیە کە چلون ئەو شکلە بایەخدارانەی لە باری میژوویی‌یەوە وەدەست هاتوون دەپاریزی بەڵکوو ئەوەیە کەتاریخی ئەم سەردەمەی کۆمەڵ ی خۆی چون شکل پی دەدا.

## رەنگدانەوەی ئەم گورانگاری‌یە

هەنگاو و ئال و گۆری گرینگی سیاسی و کۆمەلایەتی ناکری-و نابی-بە شاراوەیی بەریوە بچی و چ باشتر با هەموان بزانن کە حیزبی کۆمۆنیست لە هەموو ئێران- و لیرە بەشیوەی موشەخەس لە کوردستان – دەست بە کاری چ ئال و گۆریکە، بە شوین چ ئامانج و مەبەستیکەوەیە و خۆی چون بەراورد دەکا.

با کرێکاری کورد لە بەرینترین ئاست دا بزانی و دلگەرم بی، چاوەروانی و تەوەقوعی هەبی، بیەوی، و خۆی بە خاوەنی حیزبی کۆمۆنیست بزانی و بۆ تەئسیر دانان لەسەر ئەو حیزبە دلی لی بدا بەهەر ئەندازەیەك کە کرێکار لەم پروسەیەدا دەخالەت بکا و لایەنگری و هیزی کۆمەلایەتی خۆی لە پیناو بە هیز و توانا کردنی ئەم گورانکاری‌یە دا بخاتە کار، سەرکەوتنی ئاسان و خیرامان باشتر و کاملتر زەمانەت دەکری.

راستە ئەوەی ئەمرۆ و راستەوخۆ دەبی بکری هەلگرتنی هەنگاوی سیاسی و تەشکیلاتی دیاریکراوە، بەلام ئەمە بە زوویی لایەنی گەورەی کۆمەلایەتی دەگریتە خۆی جیگا و شوینی سیاسی و کۆمە لایەتی سازمانی کوردستانی حیزب، کەبە کورتی ئیشارەی پی کرا، و دەسکەوتەکانی تا ئیستامان ئیمکانی ئەوە فەراهەم دەکەن کە گورانکاری‌یان ئەو جیگورکی‌یەی باسی دەکری نەتیجە و ئەنجامی سیاسی و کۆمەلایەتی خۆی بە خیرایی و بە تەئسیری هەرچی زیاترەوە و لە لایەنی هەرچی بەرینتر دا وەدەرخا.

جوزەردانی ١٣٦٨

ناصر حسامی کردوویە بە کوردی

# بەیانییەی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

وەرگیر دراوی بەیانییەی کۆمیتەی ناوەندی لە بارەی بریاری پازدەهەمین پلینومی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران سەبارەت بە ئەندامەتی کرێکاران

هاوری‌یان! ئەهمییەتی مەسەلەی ئەندامەتی کرێکاران لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا پیویستی بە تەوزیح دان نیە.هەموو ئەندامیکی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دەزانی کە تەبدیل بوونی حیزب بە ریکخراوی سیاسی چینی کرێکار لە ئێران، بەبی ئەوەی ئەم حیزبە ئامراز و وەسیلەی یەکگرتن و خەباتی کرێکارانی کۆمۆنیست بی، بە بی ئەوەی بناغەی تەشکیلاتەکەی و زۆربەی هەرەزۆری ئەندامەکانی لە کرێکاران پیك هاتبی، ئیمکانی نیە. لە سەرەتای پیك هاتنی حیزبی کۆمۆنیستەوە مەسەلەی لابردنی کۆسپ و مانعە کۆمەلایەتی و سیاسی و تەشکیلاتی‌یەکانی سەر ریگای ئەندامەتی کرێکاران لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا، یەکیك لە مەیدانە گرینگەکانی خەباتی ئێمە بووە و تا ئێستا پیشرەوی بەرچاومان لەم زەمینەیەدا بووە دیارە مەسەلەی ئەندامەتی کرێکاران لە حیزبدا، مەسەلەیەك نیە کە تەنیا تەشکیلاتی و ئەساسنامەیی بی پەیوەندی کرێکاران لەگەڵ حیزب تابعیکە لە خەسلەتی چینایەتی نەزەرات و سیاسەتەکان و شکل و شیوەکانی خەباتی حیزبی ئیمە و هەتا حیزب بە شیوەی واقیعی لەم مەیدانانەدا لەگەڵ پیویستی‌یەکانی خەبات و ئیعتیرازی کرێکاری و کۆمۆنیستی زیاتر خۆی یەك دەخا، پەیوەندی عەمەلی و تەشکیلاتی کرێکاران و رابەرانی عەمەلی بزووتنەوەی ئیعتیرازی کرێکاران لەگەڵ حیزب قایمتر دەبی بە هاتنە گۆری باسەکانی کۆمۆنیزمی کارگەری و بە قەوول بوونەوەی بوچوون و روانین مان بۆ لایەنە کۆمەلایەتی و تاریخی‌یەکان پەیوەندی نیوان کۆمۆنیزم و چینی کرێکار، جاریکی‌تر مەسەلەی ئەندامەتی کرێکاری کەوتە سەرووی ئەرکە سەرەکی‌یەکانی کۆمیتەی مەرکەزی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران نەزەراتی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە بابەت لایەنە جۆراوجۆرەکانی مەسەلەی ئەندامەتی کرێکاران لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا، لە مانگەکانی رابوردوو لە ئورگانی مەرکەزی حیزبدا بە تەفسیل باسی کراوە و جیگایی خۆیەتی کە هاوری یان بە ورد بینی و سەرنجیکی هەرچی زیاترەوە لەم باسانە ورد بنەوە.

لەم بابەتەوە، پلینومی پازدەهەمی کۆمیتەی ناوەنتدی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران قەراریکی بۆ ئاسان کردنەوەی مەسەلەی ئەندامەتی کرێکاران لە حیزبدا پەسەند کردوە کە مەتنی ئەو قەرارە هاوکات لەگەڵ ئەم بەیاننامەیە نراوەتە ئیختیاری کۆمیتە حیزبی‌یەکان ئەرکەکانی موشەخەس تری کۆمیتەکان و حەوزە حیزبی‌یەکان بە پیی قەراری پەسند کراوی پلینومی پازدەهەم، دواتر دەنریتە ئیختیارتان جگە لەوە نەشرییەکان و رادیوکانی حیزب لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەندامەتی کرێکاران لە حیزبدا و قەراری پەسند کراوی کۆمیتەی ناوەندی بە تەفسیلیکی زیاترەوە تەوزیح دەدەن.

ئەندامەتی کرێکاران لە حیزبدا، بۆ ئیمە لە دوو ئاست دا مەترەحە: یەکەم، ئەندامەتی کرێکارانی کۆمۆنیست و رابەران و تیکۆشەرانی سوسیالیست ی چینی کرێکار هەر لە شوینی ئیعتیرازی کرێکاری و،دووهەم،ئەندامەتی کرێکاران لە سازمانەکانی حیرفەیی‌وە یا عەلەنی حیزبدا قەراری پلینومی پازدەهەم هەرتك لایەنەکەی لەبەرچاوە و ئیقداماتیکی لە هەرتك زەمینەکاندا ناوەتە دەستووری کاری کۆمیتەکان و تەشکیلاتە حیزبی‌یەکان.

واقعییەت ئەوەیە کە ئەندامانی رەسمی حیزب تەنیا بەشیکی چکولە لە ئەندامان و تیکۆشەرانی واقیعی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانی پیك هێناوە ئەمرۆ هەزاران هاوریی کرێکار لە دوورترین شوینی ولات ئاگاهانە نەزەرات و سیاسەتەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانیان کردوەتە رینوینی ریٚگای خۆیان لە مەیدانی خەباتی کرێکاری‌دا و لە شوینە کرێکاری‌یەکاندا ئەمانە کەسانیکن کە لە تعلقی خۆیان بە حیزب و لە تعلقی حیزب بە خۆیان ئاگادارن. هەر هەلسەنگاندنیکی واقیعی و عەینی لە هیز و توانایی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دەبی ئەم ئەندامە واقیعی‌یانەی حیزبی کۆمۆنیست بە حیساب بینی ئەگەر ئەم هاوری‌یانە ئەمرۆ ئەندامی رەسمی حیزبی کۆمۆنیست نین، لەبەر ئەوە نیە کە گۆیا سەلاحییەتی ئەم کارەیان نەبی یان مەیلیان پی نەبی، بەڵکوو ئەمە لە وەزعییەتی سیاسی و وەزعییەتی کۆمەلایەتی مەوجوودی ئێرانەوە سەرچاوەی گرتوە، کە بە شکل و شیوەی جۆراوجۆربووەتە مانعی ئەوە کە کرێکارانی تیکۆشەر بە شیوەیەکی بەرین ببنە ئەندامی حیزب لە هەر فەزایەکی نیوە دیموکراتیك دا، لە هەر وەزعییەتیك دا کە لانی کەمی فەزا بۆ فەعالییەتی حیزبە سیاسی‌یەکان وجوودی هەبی و تەنانەت لە هەل و مەرجیك دا کە بەرینایی وەحشیگەری دژی کارگەری و دژی کۆمۆنیستی حکوومەتی بورژوایی، بە خەباتی جەماوەری زەحمەتکیشان کەمتر بیتەوە، ژمارەی ئەندامانی کرێکاری حیزبی کۆمۆنیست زۆر لەوە زیاتر دەبی کە ئەمرۆ هەیە جگە لەمە پاشماوەی شیوەکانی فەعالییەتی چەپی غەیرە کارگەری بەداخەوە هیشتا بە سەر هەندیك لایەنی فەعالییەتی حیزبی ئیمە دا قورسایی دەکا و مانع دەخاتە سەر ریگای پەیوەست بوونی ئەو کرێکارە تیکۆشەر و کۆمۆنیستانە کە تەنانەت هەر لەم هەل و مەرجەش دا دەتوانن و دەبی لەم حیزبە دا وەك ئەندام و کادر نەقشی خۆیان بگرنە ئەستو.

هاوری‌یان!

تەسمیمی پلینومی پازدەهەمی کۆمیتەی ناوەندی حیزب لە دەرەجەی یەکەم دا قسەی لەسەر بە رەسمییەت ناسینی ئەرزش و جیگا و شوینی ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە ئەندامانی واقیعی حیزبی کۆمۆنیستە لە نیو چینی کرێکار دا کە هەر ئەمرۆ بە بی ئەوەی رەسمەن ئەندامی ئەم حیزبەبن، بەشیکی جیا نەکراوەی فەعالییەتی شۆڕشگێرانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانن. حیزبی کۆمۆنیستی ئێران هەر کرێکاریکی تیکۆشەر و موعتەریز کە خۆی بە کۆمۆنیست دەزانی و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بە حیزبی خۆی دەزانی، هەر هاوری یەکی کرێکار کە لە مەیدانی ئیعتیراز و موقاوەمەتی کرێکاری‌دا لە دژی بورژوازی، ئاگاهانە لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ئیلهام وەر دەگری و گۆشەیەك لە سیاسەتە راگەیەندراوەکانی ئەم حیزبە بە هیزی خۆی بەرەوپیش دەبا بە ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دەزانی حیزبی کۆمۆنیست خۆی بە بەرپرس و پابەند دەزانی کە هەرچەندی لە توانای دا هەیە هەول بدا بۆ ئەوەی ئەم هاوری‌یانە وەك ئەندامانی واقیعی حیزب لە چارەنووسی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دا دەور و دەخالەتیان هەبی حیزبی کۆمۆنیست لە هەمان کات دا هەول دەدا ئەو مانعە تەشکیلاتی‌یانە و ئەو بوچوون و شیوە و رەوشتە عەمەلی‌یانە لە ریزەکانی خودی حیزبدا کە مانعی پەیوەست بوونی رەسمی ئەم هاوری‌یانە بە حیزبن، لەسەر ریگا لابا تەشکیلاتی حیزبی کۆمۆنیست دەبی ببیتە کانوونی رابەرانی پیشرەوەی بزووتنەوەی ئیعتیرازی چینایەتی.

لە هەمان کات دا تعلقی سیاسی ئەم هاوری‌یانە بە حیزب، مەعنایەکی تەشکیلاتی و حقووقی رۆشنی بۆ ئیمە هەیە جیاواز لەوە کە ئەندامەتی رەسمی ئەم هاوری کرێکارانە لە چ شەرایتیك دا پییان رادەگەیەنری فەعالییەتیان لە هەر وەختیکەوە کە خۆیان بە تیکۆشەری حیزبی کۆمۆنیستی ئێران زانیوە، وەك پیشینەی ئەندامەتی یان حیساب دەکری نەزەر و رەئی ئەم هاوری‌یانە لە بابەت سیاسەتەکان و پەسندکراوەکانی حیزب لە بابەت کۆنگرەکان و کۆبوونەوە بریار دەرەکانی حیزب و لە بابەت هەموو لایەنەکانی تیکۆشانی حیزب دەبی هەر لە ئیستاوە بنریتە ئیختیاری مەراجعی حیزبی. حیزبی کۆمۆنیست هەروەها دەبی وەلامدانەوە بە نیازە سیاسی و عەمەلی و فەننی‌یەکانی فەعالییەتی ئەم هاوری‌یانە لە بزووتنەوەی کرێکاری دا وەك بەشیك لە خودی حیزب بە ئەرکی خۆی دابنی دەبی بۆ هەر کرێکاریکی کۆمۆنیست و هەر تیکۆشەریکی بزووتنەوەی کرێکاری کە حیزب بە سازمانی خۆی دەزانی، رۆشن بی کە جیاواز لە پەیوەندە حقووقی و تەشکیلاتی‌یەکای لەگەڵ حیزب، حیزبی کۆمۆنیستی ئێران خۆی لە حاست ئەو وەك هەر ئەندامیکی تری حیزب لە هەموو بابەتیکەوە بە بەرپرس و پابەند دەزانی.

کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران هەروەها تەئکید دەکا کە مەوازینی ئەساسنامەیی ئەندامەتی لە حیزبدا دەبی لە روانگەی کرێکاری‌یەوە و بە دوور لە هەر بوچوونیکی روناکبیرانە و سکتاریستی دەرك بکری چونیەتی بەرخورد بەم شەرتانە لە ئەندام گرتنی کرێکاریدا

پێشڕەو

دەورەی دووهەم | ژمارەی ٣٣ | رەزبەری _١٣٦٨ | ئوکتوبری _ ١٩٨٩

بە تەفسیل لە ئورگانی مەرکەزی حیزبدا باسی دەکری و لازمە هەموو کۆمیتەی تەشکیلاتی یەکان لەم باسانە ورد بنەوە.

کۆمیتەی ناوەندی حیزب بە پێی گوزارشی کۆمیتە حیزبی یەکان و شەبەکە تەشکیلاتی یەکانی حیزب لە شارەکان، دەبی لیستیکی کامل لەو هاوری کرێکارانە کە لە باری سیاسی یەوە تیکۆشەری واقیعی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانن ئامادە بکا و رایان گری جگە لەوەهەر هاوری یەکی کرێکار کە خۆی متعلق بە حیزب دەزانی و فەعالییەتی خۆی و بزووتنەوەی کرێکاری لە جیهەت سیاسەتەکانی حیزبی کۆمۆنیست دا چاو لی دەکا، دەتوانی راستەوخۆ بە لەبەرچاو گرتنی زەوابتی ئەمنییەتی کە گەلێک جار حیزب رای گەیاندون، لەگەڵ کۆمیتەی ناوەندی حیزب پەیوەندی بگری کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیست بە لیکولینەوەی لایەنە جۆراوجۆرەکانی هەر مەوردیك، بە شیوەی موناسب، ئەندامەتی رەسمی هەر هاوری یەك بە خۆی رادەگیەنی.

هەر وەك وتمان تەبدیل بوونی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بە کانوونی یەکگرتن و خەباتی یەکگرتوانەی کرێکارانی کۆمۆنیست، مەسەلەیەك نیە کە تەنیا بە ئیقداماتی تەشکیلاتی وەدی بی. ئەم هەدەفە تەنیا بە زاهیر بوونی حیزب وەك حیزبیکی سوسیالیستی کرێکاری لە مەیدانی ئیعتیرازی چینایەتی دا لە دژی سەرمایە و سەرمایەداری وەدی دی بەڵام لە هەمان کاتدا هەر کرێکاریکی تیکۆشەر و موعتەریز، هەر کرێکاریکی سوسیالیست کە بۆ رزگار بوونی چینی کرێکار و هەموو بەشەرییەت لە چنگ چەوسانەوە خەبات دەکا، دەبی هەر لە ئیستاوە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بە حیزبی خۆی بزانی، وە جیگای واقیعی خۆی لە لای ئەو کرێکارە کۆمونیستانە ببینیتەوە کە هەر ئیستا لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا یەکیان گرتوە کرێکاران دەبی بزانن و هاوری یانی حیزبی بە هەر شیوەیەکی مومکین ئەوە روون بکەنەوە کە ئەم حیزبە هەر لە ئیستاوە حیزبی خۆیان و هیچ شتیك بۆ حیزبی ئیمە لە دەخالەتی هەرچی بەرینتر و هەرچی راستەوخۆتری کرێکاران لە چارەنووس و خەباتی ئەم حیزبە دا بە نرختر نیە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران خۆی بە بەشیك لە حیزبیکی بەرینی کۆمەڵایەتی و کرێکاری دەزانی کە هەر ئەمرۆ لە هەر واحیدیکی ئابووری دا و لە هەر گەرەکییکی کرێکاری، بۆ پتەو کردنەوەی یەکگرتوویی کرێکاران و بە قودرەت بوونی کرێکار لەمەیدانی سیاسی و کۆمەڵایەتی دا خەبات دەکا ئیمە حیزبی کۆمۆنیست هەر لە ئیستاوە بە حیزبی تیکۆشەرانی ئەم بزووتنەوە بەرینە کرێکاری یە دەزانین.

کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
١٢ی رەزبەری ١٣٦٨

# حیزبی کۆمۆنیست و ئەندامەتی کرێکاری

((مەنسوری حیکمەت))

لە حیزبی کۆمۆنیست واوەتر، زۆربەی جەرەیاناتی سوسیالیست، کرێکاری بوونەوە و ریکخراوی کرێکاران بوون تەنانەت وەك ئەرك وپرە نسیبیش چاو لی ناکەن زۆریان بە یەکجار بیری شۆڕشی کرێکاری یان هەر وەلاناوە بۆ زۆربەیان سوسیالیزم چوارچیوەیەکی گشتی یە بۆ بەشەر دوستی، نیشتمان پەروەری، سەربەخۆیی ئابووری و پەرە گرتنی سەنعەتی، دیموکراسی و شتی تری لەم چەشنە و هەربەم بۆنەوە لەلای ئەمانە سوسیالیزم بە شیوەیەکی تایبەت ری ناباتەوە سەر کرێکار و خەباتی چینایەتی زۆری تریش کە پییان وایە هیشتا بۆ کاری خۆیان پیویستی یان بە مارکسیزم و بابەتی وەك پرولیتاریا و خەباتی چینایەتی هەیە، بە ریگا و شیوەی تر خۆیان لە کرێکاری بوونەوە بە معاف دەزانن رەنگە هیشتا وەزعییەتی سیاسی لەبار نەبی، رەنگە بۆ پرولیتیری بوونی تەشکیلات مەرج نەبی حەتمەن بەدەنە و قەوارەی تەشکیلاتەکە کرێکاری بی، لەوانەشە کرێکاران هیشتا بە ئەندازەی کاف"وشیاری چینایەتی"یان وەدەست نەهینا بی. بەڵام بیانووەکان هەرچی بن، میژووی کۆمۆنیزم لە ئێران و بە تایبەت میژووی دەورانی رابوردوو پرە لە سازمان و ریکخراوی "پرولیتاریایی" کە هەر لە بنەوە لە خوێندەواران و زانایانی سەر بە چینی ناونجی کۆمەڵ پیك هاتوون ئەوەکە لانی کەم لە هەندیك دەورەدا لایەنی چینی کرێکاریان گرتوە هیچ گۆمان هەلناگری رەنگە ئەمانە ئەگەر بە دەسەلات گەیشتبان-کە بەلەبەر چاو گرتنی جیگا و شوینی عەینی یان و ئەوە کە هەمیشە لە حاشیە و پەراویزی خەباتی چینەکان دا بوون مەگەر بە هەلکەوت بە دەسەلات گەیشتبان-ژیان و هەل و مەرجی کاری کرێکاران تا رادەیەك رووەو باشی چووبا بەڵام، هیچکام لەمانە ئەم واقعییەتە ناگۆری کە ریك لە پەنا ئەمانە وهاوکات لەگەڵ پراتیکی "پرولیتاریایی" ئەمانە، خەباتی واقیعی چینایەتی، هەرلە ددانە چیرە و مشت قووچاندنی هەموو رۆژەی کرێکارانەوە هەتا مانگرتنەکان و بزووتنەوە و جم و جوولی ئاشکرا و بەرینی کرێکاری، لە مەیدانیکی تر لە هەمان کۆمەڵدا لەسەر رەوتی خۆی چووە و مەوجوودییەت و فەعالییەتی ئەم جەرەیانانە کەمترین تەئسیری راستەوخۆی کردوەتە سەر ئەو خەباتە.

قسەکە لیرەدا لەسەر بوون و نەبوونی حیزبی گەورە گەورەی کرێکاری نیە. قسەکە ئەوەیە کە ریکخراوی کۆمۆنیستی -جا بەرینایی یەکەی کەم یا زۆر هەر چەندی بی- دەبی پیش هەموو شتیك ریکخراوی کرێکاری بی و پەیوەندی لەگەڵ شوینی ئیعترازی کرێکاری هەبی ئەگەر ئەوانەی بۆ سوسیالیزمەکەیان پیویستی یان بە کرێکار نیە بتوانن گوێی خۆیان لەم وەزعییەتەی ئیستای ریکخروەکەیان بخەوینن، تیکۆشەری حیزبی کۆمۆنیست کە بۆ گرسان و شکل گرتنی کۆمۆنیزمیکی قودرەتمەندی کرێکاری خەبات دەکا، دەبی بە دیتنی ئەم وەزعییەتە، ئەو ناکوکی و ناتەبایی و گیر و گرفتانەی بیتە بەرچاو کە پیویستە بە جیددی سەرنجیان بداتی.

باسی ئەندامەتی کرێکاران، گری یەکی میژوویی و کۆمەڵایەتی لە پشتە مەبەست لەم وتارە شی کردنەوەی ئەم گری و گیر و گرفتە و هەلینجانی نەتیجە و ئەنجامی عەمەلی یە بۆ زال بوون بەسەر ئەو گیر و گرفتە دا.

ئەم وتارە بە پیی قسەوباسیك کە ٣ مانگ لەوە پیشچ لە سمیناری کۆمیتەی شارەکان دا پیشکەشم کرد، نووسراوە من پیم وایە ئەم باسە یەکیکە لە ئالقە گرینگەکانی بەرەوپیش چوونی کۆمۆنیزمی کارگەری چ لە نیو حیزبی کۆمۆنیست دا و چ لە ئاستی بەرین دا لە نیو بزووتنەوەی کرێکاری ئێران و، نەتیجە عەمەلی یەکانی، ئەگەر پەیگیرانە رەچاو بکرین، دەتوانی سیمای سیاسی و جیگا و شوینی عەمەلی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بگوری دیارە باسی ئەندامەتی کرێکاران تەنیا گوشەیەکە لە نەبەردیکی بەرینتر بۆ کۆمۆنیزمی کارگەری باسی ئەندامەتی کرێکاران سەرەنجام بە هەموو لیکدانەوە و تەفسیریکی سیاسی کە دەیانگریتە بەر دەگەریتەوە سەر مەسەلەی "ئەندامەتی" کە مەسەلەیەکی ئەساسنامەیی یە. ئەو هەنگاوە موشەخەسانە کە بە پیی ئەم باسە دیاری دەکرین رەنگەخۆی لە خۆیدا ئال و گۆری بنەرەتی پیك نەهینی بەڵام من هیوام وایە ئەم باسە کار بکاتە سەر روانین مان بۆ حیزب و ئەو رەخنە گشتی یەکە بە نیوی کۆمۆنیزمی کارگەری باسی دەکەین، بە هیز بکا.

## کورتەیەك سەبارەت بە کرێکاران بوونەوەی حیزب

چەندین ساڵە کە حیزبی کۆمۆنیست بە دانستە "کرێکاری بوونەوە"ی کردوەتە ئامانجی خۆی بە دریژایی چەند ساڵی رابوردوو هەولم داوە بۆ تیکۆشەرانی حیزب ئەوە رۆشن بکەمەوە کە پیویستی یەکانی ئەم ئاڵ و گۆرە کامانەن ئەگەر بمهەوی جەوهەری هەموو ئەم باسانە لە چەند رستەیەك دا بەیان بکەم، ئەوەیە: سوسیالیزمی کرێکاری حەرەکەتیکی زیندووی ئیعتیرازی یە لە کۆمەڵگای سەرمایەداری دا کە پی بە پیی ئەو شتەی خۆی ناو ناوە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لەسەر رەوتی تایبەتی خۆی بەرەو پیش هاتوە و خاوەنی چارەنووسی سەربەخۆی بووە.

پیك هینانی حیزبیکی کۆمۆنیستی کرێکاری یانی ریکخستنی ئەو سوسیالیزمە کرێکاری یە وەك حیزبیکی سیاسی مارکسیستی، یانی حیزبییەت پیدانی بزووتنەوەیەك کە هەر ئیستا- ئەگەر چی بی سەر و سامانە و خۆ ریکخستنی ناوخۆی لاوازە- وجوودی هەیە.

چەپی تا ئیستا مەسەلەکە ئاوا نابینی. بۆ ئەوان بزووتنەوەی سوسیالیستی و کۆمۆنیستی ئەو کۆمەڵە ریکخراو و حیزبە سیاسی یانەن کە بە نیوی سوسیالیزم و کۆمۆنیزم فەعالییەت دەکەن هەر جەرەیانیك رەنگە ئەم یان ئەو دەستە لە حیزب و ریکخراوەکان- بە هەندیك سەنگ و پیوانە کە ئەغلەب عەقیدەتی و فیرقەیین-لە چوارچیوەی"بزووتنەوەی کۆمۆنیستی" دا حیساب بکا یان نەیکا.

بەڵام بەرهەر حال تا باسی "بزووتنەوەی کۆمونیستی" دەکەن پەنجە بۆ کۆمەڵیك حیزب و ریکخراوە رادەدیرن بەرانبەر بەم حیزب و ریکخراوانە، چینی کرێکار و بزووتنەوەی "خورسك"ی ئەو چینە دەس نیشان دەکری لەم بوچوونانە دا حەرەکەتی سوسیالیستی چینی کرێکار تا ئەو جیگایە ئیمکانی هەیە کە ئەم حیزبانە کاریان کردبیتە سەری و ریکیان خستبی ئەمانە دیارە وجوودی بزووتنەوەیەکی سوسیالیستی کرێکاری لە دەرەوەی ئەم حەرەکەتە حیزبی یە بە رەسمی ناناسن.

هەم جیگا و شوینی ئیستای چینی کرێکار و بزووتنەوەی بە ناو کۆمۆنیستی و هەم تاریخی سەر هەلدانی مارکسیزم و کۆمۆنیزمی کرێکاری، وەرشکستەیی ئەم پیشداوەری یە بورژایی یە دەردەخەن مانیفیستی کۆمۆنیست خۆی لە جەرگەی سوسیالیزمیکی کرێکاری زیندووی مەوجوود لە سەدەی نوزدەهەم دا، راگەیەندرا مارکس و ئەنگلس تەنانەت ناوی بە یاننامەکەی خۆیانیان لە ناویك وەرگرت کە کرێکاران لە بزووتنەوەی سوسیالیستی خۆیانیان نابوو، وە تەئکیدیان کرد کە وشەی "کۆمۆنیست" بۆیە بە کار دەبەن هەتا خۆیان لە سوسیالیزمی غەیری کرێکاری سەردەمی خۆیان جیاکەنەوە و نیشان بدەن سەر بەو حەرەکەتە کرێکاری یەن کە بە ناوی کۆمۆنیزم لە کۆمەڵدا هەیە بۆ مارکسیزم، ئیعتیرازی سوسیالیستی چینی کرێکار لە کۆمەڵی سەرمایەداریدا، پیش فەرزیکی عەینی مەوجوود بوو.

ئەوان بە تەمای داهینانی بزووتنەوەیەکی وا نەبوون کە تا ئەو کات کەس نەی دیبی و نەی بیستبی، بەڵکوو خۆیانیان بە خاوەن بیر و ریکخەری ئەو سوسیالیزمە کرێکاری یە دەزانی کە بە کردەوە لە کۆمەڵدا هەبوو ئەمرۆ، پاش نزیکەی سەد و پەنجا ساڵ کە لە تیکۆشانی مارکسیستەکان تیپەر دەبی، پاش نزیکەی سەد و پەنجا ساڵ کە تیئوری مارکسیزم بە شیوەی جۆراوجۆر و یەك لەوانە لە نیو جەرگەی شۆڕشە مەزنەکاندا لە نیو خۆی بزووتنەوەی کرێکاری دا جیگیر بووە سوسیالیزمی کرێکاری ئیتر بەشیوەی تەبیعی، مەیلی بەرەو مارکسیزمە و لە مارکسیزم ئیلهام وەر دەگری بودەورەیەك و لە هەندیك قوناغ دا لە ولاتانی جۆراوجۆر، حیزبە مارکسیستی و کۆمۆنیستی یەکان بە شیوەی واقیعی، حیزبی ریکخەری ئەو سوسیالیزمە کرێکاری یە بوون تاریخی حیزبی ی سوسیالیزم و تاریخی کۆمەڵایەتی و چینایەتی سوسیالیزم هەمیشەوەك ئیستا لیك جیا و پیك نامەربووت نەبوون.

بەڵام ئەمرۆ ئیمە لە مەوقعییەتیکی تەواو جیاواز داین جەرەیانی حیزبی ی بە ناو کۆمۆنیستی و سیالیستی بە هەموو لق وفیرقەکانیەوە ئیتر پەیوەندیکی راستەوخۆی بەم بزووتنەوە سوسیالیستی یە کرێکاری یەوە نیە ئیعتیرازی کرێکار لە دژی سەرمایەداری، کە پی بە پیی گەشە و پەرەگرتنی سەرمایەداری توندتر بووەتەوە و ئەمرۆ کیشمەکیشی سەرەکی یە لە سەر تاپیی کۆمەڵی سەرمایەداری دا، ئیتر هەرچی کەمتر و کەمتر دەخالەتی ئەم جەرەیانە حیزبی یانەی تیدایە ئیمە ئیتر دەبی باسی دوو بزووتنەوە بکەین دوو بزووتنەوە بە پالپشتی چینایەتی جیاوازەوە، بە ئامانجی جیاوازەوە، بە چارەنووس و داهاتووی جیاوازەوە و بە مەسەلە و گیروگرفتی جیاوازە.

کۆمۆنیزمی کرێکاری و واقعییەتیکی کۆمەڵایەتی و سوننەت و نەریتیکی زیندووی سیاسی و خەباتکارانەیە جەرەیانیکی کۆمەڵایەتی یە ریك هەر وەك لیبرالیزمی بورژوایی کە واقعییەتیکی کۆمەڵایەتی یە ئەم سوننەت و نەریتانە دەکەونە پیش حیزبە سیاسی یەکان زانستی سیاسی بورژوایی حیزب بە کۆمەڵیك لە ئەفراد دەزانی کە بۆ وەدی هینانی ئامانجی هاوبەش لە دەوری یەك کۆ بوونەتەوە بۆ مارکسیزم، حیزب ریکخراوی تیکۆشەرانی سوننەتیکی خەباتکارانە و بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی یە لیبرالیزم دەتوانی لە دەورەیەك دا حیزبیك نوینەرایەتییەکەی بکا یان نەیکا بەڵام مادام پایە عەینی یە کۆمەڵایەتی یەکانی هەبن، سوننەتی لیبرالیزم وەك جەرەیانیکی زیندووی نیو بورژوازی دەمینیتەوە و هەر جارە حیزبیکی لیبرالی تازە دینیتە کایەوە. هەر عەینی ئەمە، بۆ ناسیونالیزم و ریفورمیزمی بورژوایی و بۆ هەموو گەرایشە کۆمەڵایەتی یەکانی تریش دەگونجی هەموو کەس بە ئاسانی لەوە دەگا کە بۆ نموونە جەبهەی میللی و هەموو ریکخراوەکانی ناو ئەو جەبهەیە لە سوننەتی لیبرالیزم و ناسیونالیزم ئێرانی یەوە سەریان هەلدا و شکلیان گرت بەڵام ئەم سوننەتانە لەگەڵ جەبهەی میللی سەری هەلداوە و نە لەگەڵ ئەوەیش کۆتایی پی دی لەبابەت کۆمۆنیزمی کرێکاری شەوە هەر ئەمە هەیە سوننەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری کە ئەنترناسیونالی یەکەم و بولشویزم و شۆڕشەکانی ئالمان و رووسیای بەخۆیەوە دیوە دەمیکە نەیتوانیوە ئەحزابی سیاسی جیددی شکل پی بدا دەکری باسی هویەکانی ئەم نەتوانینە بکەین، بەڵام ئەم نەتوانینە هیچ ئال و گۆریك لەو واقعییەتە دا پیك ناهینی کە کۆمۆنیزمی کرێکاری جەرەیانیکی خەباتکارانەی واقیعی و مەوجوودە لە کۆمەڵدا.

کە وایە قسە لەسەر شکل پیدانی حیزبیکی کۆمۆنیستی یە لە نیو ئەم سوننەتە خەباتکارانەیەدا هەنگاوی یەکەم کە ئەوەیە ئینسان هەر ئەوە ببینی و تیی بگا کە حیزبە شیوە سوسیالیست و شیوە مارکسیستەکانی مەوجوود نە لە نیو ئەم سوننەتەوە سەریان هەلداوە و نە کاری تیدا دەکەن بەڵام ئەرکی سەرەکی، دەست بە کار بوون و دارژتنی ئەو حیزبەیە.

بەم قسانەوە کە کران، دەبی چوارچیوەی گشتی باسەکەمان سەبارەت بە کرێکاری بوونەوەی حیزب تارادەیەك روونتر بوو‌بیتەوە لە پەنا حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، سوسیالیزمیکی کرێکاریش بەرانبەر بە بورژوازی لە سەنگەر دایە ئەم جەرەیانە حیزبی نیە بەرنامەی نووسراوی نیە، لە نیو خۆیدا هەزار و یەك خەت و هەزار نارۆشنیی هەیە، ریکخراو بوونی ناو خۆی لە ئاستیکی سەرەتایی و لانی کەم دایە حیزبی کۆمۆنیست دەبی بەم جەرەیانەوە پەیوەست بی و ئەگەر قسەیەکی هەیە بیلی و کاریکی هەیە بیکا، لیرە بیلی و بیکا کرێکاری بوونەوەی حیزبی کۆمۆنیست یانی بە رەسمییەت ناسرانی حیزبی کۆمۆنیست وەك ئامرازی پەرە پیدانی ئیعتیرازی کرێکار لە دژی سەرمایەداری بە وەسیلەی خودی جەرەیانی سوسیالیزمی کرێکاری و کرێکارانی کۆمۆنیست ئەمە پیویستی بەوە هەیە کە حیزبی کۆمۆنیست لە هەموو ئەو بیر و بوچوون و پیشداوەری و موناسەبات و کارکرد و شیوە و رەوشتانە کە میراتی چەپی غەیرە کرێکارین دابری و، بە تەواوی لە نیو ئەو سەنگەربەندیيە کرێکارییە حوزووری هەبی ئەمە پیویستی بەوەیە کە حیزبی کۆمۆنیست ببیتە قسەکەر و ئالا هەلگری ئەم سوننەتە کرێکارییە و تەنیا ئەمە، بەرانبەر بە کوللی کۆمەڵی مەوجوود و کوللی بورژوازی.

## ئەندامەتی کرێکاران، گەلالەی مەسەلەکە

ئەوەکە ئیمە لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا دەبی ئەمرۆ مەسەلەی "ئەندامەتی کرێکاران" بدەینە بەر باس و بۆ ئاسان کردنەوەی ئەندامەتی کرێکاران لە حیزبدا ریگا چارە بدوزینەوە، خۆی نیشانەی ناکوکی و پیچەوانە بوونیکی بنەرەتی یە دەبوو مەسەلەکە بە پیچەوانەی ئەمە بوایە حیزبی کۆمۆنیست بە پیی تەعریفی خۆی و بە پیی ئینتیزاری ئاسایی هەر کەسیك کە جاریك مانیفیستی کۆمۆنیستی خۆیندبیتەوە، دەبوو حیزبیکی کرێکاری بی ئەگەر لە نیو ئیمەدا قسەیەك لە سەر ئەندامەتی دیتە گۆر دەبوو باسی مەرجەکان و پیویستییەکانی ئەندامەتی غەیری کرێکاران لە حیزبی کرێکاریماندا بی ئەم ناکوکییە دەبی هەموو ئەندامیکی حیزبی کۆمۆنیست دا چلەکینی و بیخاتە سەر بیر کردنەوە.

هەندیك لە هاوری یان مەسەلەی ئەندمەتی کرێکاران لە حیزبدا وەك نیشانکردیکی ئاماری چاو لی دەکەن سەدی چەندی ئەندامانی حیزب کرێکارن؟

خودی ئەوەکە هاورییان ئەم پیوانەیە لەبەرچاو بگرن هەلبەت زۆر باشە بەلام هینانە خواری مەسەلەکە هەتا ئاستی ئامارەکان و سەدی چەند، سەردەشیوینی بە حیسابی ئامار و ژمارە، ژمارەی ئەندامانی کرێکار لەچاو ئەندامانی غەیرە کرێکار لە حیزبدا لە سەرەتای پیك هاتنیەوە هەتا هاتوە زیادی کردوە ئەمرۆ حیزبی کۆمۆنیست لەم بابەتەوە گەیشتوەتە پلەیەك کە لە نیو چەپی رادیکالی ئێران لە دەیان سالی رابوردوودا بی سابیقەیە دەکری بلیین زۆربەی هەرەزۆری ئەو غەیرە کرێکارانەی لەم سالانەدا بوونەتە ئەندامی حیزب، لەو هاوری یانەن کە لەگەڵ تەشکیلاتی حیزبی کۆمۆنیست کاریان دەکرد بەلام لە مافی ئەندامەتی بەهرەمەند نەبوون بەلام لە نیو ئەو هاوری یانەدا کە پاش پیك هاتنی حیزب بە ئیمەوە پەیوەست بوون زۆربەی زۆریان هاورییانی کرێکارن لە راستی دا، بە تایبەت لە سی چوار سالی رابوردوودا رووناکبیران و غەیرە کرێکاران بە مقیاسیکی زۆرکەم داواکاری ئەندامەتی لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا بوون، لە حالیکدا رووهینانی کرێکاران بەرەو کاری ریکخراو لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیست گەلیك پەرەی گرتوە.

ئەم رەوتانە هەموویان موسبەت و دلخوازن ئەمانە نیشانەی توانایی بالقوەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانن بۆ تەبدیل بوون بە حیزبیکی بە راستی کرێکاری بەلام باسی ئەندامەتی کرێکاران، ئەم گۆرانە ئامارییەشینەیی و سادەیەی مەبەست نیە دواتر نیشان دەدەم کە چلون ئەم رووهینانەی کرێکاران بەرەو حیزب هیشتاله جەرگەی سیاسەت و سیستمیکی ئەندام وەرگرتن دا بەرەو پیش دەچی کە خۆی لەبنەرەت دا غەیرە کرێکارییە بۆیە هەر خودی ئەم رەوتەش بە کردەوە لە هەر چەشنە مانا و ناوەروکیکی جیددی چینایەتی دادەتەکی بەلام لیرەدا تەنیا سەرنجی هاوری یان بۆ ئەوە رادەکیشم کە مەسەلەی ئەندامەتی کرێکاران ئەوە نیە کە تاك تاکی کرێکاران بینینە ناو حیزب و بیانکەینە ئەندام بەو مەعنایەی ئەمرۆ تیی دەگەین بەڵکوو قسە لەسەر پەرە پیدانی بەرینایی مەوجوودییەتی حیزبە بە جۆریك کە فەعالییەتی کرێکاری کۆمۆنیست، هەر لەو جیگایەی ئەمرۆ ئەو فەعالییەتە بەریوە دەچی، بگریتە بەر و بیکاتە بەشیك لە خۆی بە وتەیەکی تر لەباسی ئەندامەتی کرێکاران دا قسە لەسەر روانینیکی ترە بۆ مانای ئەندامەتی و حیزبییەت بە جۆریك کە ئەو خەباتە کۆمۆنیستی و رادیکالە کرێکارییەش کە هەر ئیستا لە پەیوەندیکی تەنگاتەنگ لەگەڵ حیزبدا بەرەوپیش دەچی هەزم بکا و بیکاتە شکلی سەرەك خۆ نواندنی حیزب لە پەنا ئامار و ژمارەی ئەو کرێکارانەی هاتوونە نیو حیزب، فاکتی گەلیك گرینگتریش هەن کە بە داخەوە هیشتا بەو جۆرەی بایەد و شایەدە لە حیسابی ئیمە دا لەبەرچاو نەگیراون و تەئسیریان نەکردوەتە سەربیر کرنەوەی تەشکیلاتی و سوننەتە حیزبی یەکانمان.

نموونەیەك لەم فاکتانە، شکل گرتنی تەیفیکی بەرین لە کرێکارانی کۆمۆنیست و تیکۆشەری خەباتی ئیعتیرازی کرێکارییە کە بەتەواوی ئیلهام لە حیزب وەر دەگرن و ئەگەر بە کردەوە پەیوەندی زۆر نزیکیان لەگەڵ ئیمە نیە، لەبەر بی مەیل بوونیان نیە جاری وایە دەنگ و باسی فەعالییەتی ئەم هاورییانە بۆ ریکخەرانی حیزبی سەر سورهینەرە حیزبی ئیمە نەك هەر هیشتا نەیتوانیوە کوللی حەرەکەتی سوسیالیستی رادیکالی کرێکاران لە نیو خۆیدا کۆ بکاتەوە، بەڵکوو تەنانەت ئەو بەشە لە تیکۆشەران و هەلسووراوانی ئەم سوسیالیزمە کرێکارییەشی کە خۆیان وشیارانە لە حیزب بە نزیك دەزانن و پیی پابەندن، ئەغلەب لە دەرەوەی سنوورە حقوقی یەکانی حیزب راگرتوە.

بە وتەیەکی‌تر حیزبی کۆمۆنیستی ئێران هەر ئیستا لە دوو بەش پیك هاتوە بەشیکی رەسمی، سەرژمیر کراو و بە ئەندام وەرگیراو. ئەمە ئەو بەشەیەکە بە شیوەی ئاسایی پیی دەگوتری حیزب لەم بەشە دا تان و پوی غەیرە کرێکاری هیشتا زالە بەشی دووهەم هیزیکی غەیرە رەسمیی زۆر بەرینترە کە لە کرێکارانی کۆمۆنیست و رابەرانی بزووتنەوە ئیعتیرازییەکان پیك هاتوە و بە بی ئەوەی ئەندامی حیزب بن سیاسەتەکانی حیزب بەرەو پیش دەبەن و بە شکل و شیوەی غەیرە ئەساسنامەیی و بە روالەت بە بی ری و رەسمی دیاری کراو لەگەڵ حیزب پەیوەند دەگرن، قودرەتی واقیعی حیزبی ئیمە لە هەر قوناغیك دا حاسلی ئەم هەرتك بە شەیە بەلام حیزب بە شیوەی رسمی بە داخەوە تەنیا ئەوەی یەکەمە ئەم دوو لایەنی یە لە هەموو جیگایەکی ئێران هەیە بەلام کوردستان جیگایەکە کە دەکری بە زەقترین شیوە ئەم حەقیقەتە و ئەم ناکوکییە ببینی ئەندامەتی کرێکاران بە مانای ئەوە نیە کە ژمارەی کرێکارانی بەشی یەکەم (ئەو بەشەی ئەمرۆ رەسمییەتی پەیدا کردوە) بەشیوەی خەتی زیادیکا ئەگەرچی لیرەشدا دەبی بە بی هیچ ئەم لاو ئەولایەك کرێکاران زیاتر بن، بەڵکوو بە مەعنای بەرەسمییەت ناسینی ئەم بەشەی دووهەم و پەرە پیدانی ئەندامەتی حیزبی یە هەتا ئەو ریکخراوە بەرینە کرێکاری یەدەگریتەبەر کە لە دەرەوەی سنوورەکانی ئەمرۆی حیزبە کرێکاری بوونەوەی حیزبی کۆمۆنیست یانی کرێکاری بوونەوەی پراتیکی ئەو حیزبە یانی ئەوە کە پراتیکی کرێکاری کۆمۆنیست، لە بەرانبەرکیی راستەوخۆیدا بەرانبەر بە سەرمایە، ببیتە گرینگترین بەشی پراتیکی حیزب یانی تیگەیشتنیکی تر لە حیزبییەت بە جۆریك کە ئەم پراتیکەی هەر ئیستا بە کردەوە هەیە و لە گۆریدایە، بگریتە بەر وەزعییەتی ئیستا واقیعی نیە و لەوەش گرینگتر، زیانە سەرکی یەکەی لەوەدایە کە حیزب لەو جیگا و شوینە کە خۆی لە دەوری پراتیکی ئەم بەشە کرێکاری یە ریك بخا و تەئسیری شیاوی خۆی بکاتە سەر ئەم پراتیکە، مەحرووم دەکا ئەم بەشە کرێکارییە هەر ئیستا بە بروای من ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانە.

ئەوەکە ئەم بەشە بەرینە لە باری حقووقی یەوە لە دەرەوەی سنوورەکانی حیزب ماوەتەوە، بە دەرەجەیەکی زۆر تا ئیرەش رەوتی پتەو بوونەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە حیزبدا شینەیی کردوەتەوە و کۆسپی خستوەتە سەر ریگای تەبدیل بوونی حیزبی ئیمە بە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاران ئەم وەزعە دەبی کۆتایی پی بهینری.

بۆ رۆشن کردنەوەی چوارچیوەی ئەم باسە دەبی ئیشارە بە چەند خالی تریش بکەم:

یەکەم، کاتیك باسی حیزبی کرێکاری دەکەین مەبەست حیزبیك نیە کە حەتمەن کۆمەڵانی کرێکاری هەروا و لە پەیوەند لەگەڵ خۆیدا ریکخستبی (شتیکی وەك مەوقعییەتی سوسیال دیموکراسی ئورووپا هەتا پیش بوحرانی دە سالی ئەم دواییە) ئەمە بۆ کۆمۆنیزمی شۆرشگێر لە دەورەی تایبەت دا ئیمکانی هەیە ئەو شتەی ئیمە مەبەستمانە ئەوەیە کە حیزبی کۆمۆنیست دەبی بەهەر حال هەتا ئەو جیگایەکە وەك حیزبیکی سیاسی مەوجوودییەتی هەیە و فەعالییەت دەکا ریکخەر و کۆ کەرەوەی تیکۆشەرانی بزووتنەوەی ئیعتیرازی چینی کرێکار و رابەرانی کرێکاران بی حیزبی کۆمۆنیست دەبی حیزبی گەرایشیکی کرێکاری بی.

دەبی حیزبیك بی لە شوینی ئیعتیرازی کرێکاری یەوە هەستابی و دەرگیری ئەو ئیعتیرازە بی بینای سەرەکی و فەعالییەتە سەرەکی یەکەی دەبی بە بەشی پیشرەو و کۆمۆنیستی خودی کرێکاران پشت ئەستوور بی دیارە لەم حیزبە دا شۆرشگێرانی کۆمۆنیست لە نیو هەر چینیکەوە هەستابن جیگایان دەبیتەوە بەلام بربرە پشت و رایەل و پوی ئەو حیزبە بە شیوەی سەرەکی دەبی لە خودی کرێکاران پیك بی و مەیدانی ئەسلی پراتیکی حیزب دەبی لەو جیگایە بی کە کرێکارانی کۆمۆنیست و حیزبی لە جەرگەی ئیعتیرازی کرێکاری دا بەرانبەر بە سەرمایە و سەرمایەداری تیکەل جەماوەری کرێکاران دەبن.

دووهەم، ئەم باسەی من جیاوازییەکی گرینگی هەیە لەگەڵ باسی کەسانیك کە ئەمرۆ حیزب بە حیزبی "پیشەنگ"ی چینی کرێکار دادەنین من ناکوکیم لەگەڵ مەقوولەی "پیشەنگ" نیە، بەڵکوو لەگەڵ تیگەیشتن لەو مەقوولەیە یە لایەنگرانی ئەم فورموولبەندییە لە دەورەی ئیمە دا بە پیی سوننەت وە دووی ریکخستی رووناکبیران دەکەونەوە و لەم فورموولەدا ئیجازە نامەیەك دەبیننەوە بۆ پیك هینانی ئەحزابی چەپی غەیرە کرێکاری بۆ ئەمانە پیشەنگ هیشتا پیشەنگیکی عەقیدەتییە و هیشتا دەگەرینەوە سەر تویژی خویندەواری کۆمەڵ باسی من لە بارەی پیشرەو و رابەرانی عەمەلی چینی کرێکارەوە، ئەو کرێکارە کۆمۆنیستانەی لەبەرچاوە کە هەر ئیستا وەك رابەرانی ئیعتیرازی کرێکاری و موبەللیغ و ریکخەری سوسیالیزمی کرێکاری فەعالییەت دەکەن ئەمانە دەبی بربرە پشتی هەر حیزبیك بن کە بە ناوی کۆمۆنیست فەعالییەت دەکا.

## "چەپی رادیکال" و کرێکاران

ئەو کۆسپانەی لەسەر ریگای ئیمە، وەك حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، بۆتەبدیل بوون بە حیزبیکی بە کردەوە کرێکاری هەن، بەرهەمی رەوتیکی دوور و دریژی میژویین ئەمانە رەنگدانەوەیەکن لە جیایی میژوویی و گشتی چەپی رادیکالی ئێران لە چینی کرێکار و هەر وەك گەلیك جار و بە شیوەی جۆراوجۆر دووپاتم کردوەتەوە، هەر پیشرەوی یەکی ئیمە لە گرەوی دابرانی فیکری و سیاسی و عەمەلی مان دایە لەم چەپە رادیکالە ئیمە لەسەر ئەم رەوتە بەرەو پیش چووین بۆیە لە هەموو رەخنەیەك دا کە لە چەپی رادیکالی دەگرین لیرە و لەوی دەبی بە هینانی هەندیك تیبینی باسی جیاوازی یەکانی حیزبی ئیمە لەگەڵ ئەو جەرەیانە بکەین من لە کۆتایی باسەکەم دا باسی ئەم جیاوازی یانە دەکەم چونکوو بە بروای من چارەنووسی حیزبی ئیمە هەتا ئیستاش هەر ویك چوونەکان دیاریکەری بوون نەك جیاوازی یەکان مەسەلەی ئەندمەتی کرێکاران و پەیوەندی عەمەلی حیزب لەگەڵ کرێکاران یەکیك لەو نموونانەیە کە ئیمە خەریکین تاوانی رەچاو کردنی باوەر و تەجرەبە و پیشینەی چەپی غەیرە کرێکاری دەبژیرین.

مەبەستی من لە چەپی رادیکال لەم باسەدا هەموو ئەو گەرایشە شیوە سوسیالیستی یەیە کە دوابەدوای شکستی هیزە سوننەتییەکانی ئوپوزیسیونی ئێران، جەبهەی میللی و حیزبی توودە، و بە تایبەت دوابەدوای ئال و گۆرە ئابوورییەکانی ئەنجامی "اصلاحات ارزی" لە ئێران پیك هات ریبازی چریکی و پاشان خەتی ٣ و، لە پەنا ئەمانە تەیفیکی بەرینتر لە گورووهە مائوئیست و لیبرال چەپەکان، ئەو شکل و شیوە سازمانییانە بوون کە نوینەری سەر هەلدانی ئەم چەپە رادیکالە بوون بەلام هەرلیرە ئەوە بلیم کە چوارچیوەی گشتی باسەکەی من بۆ رەخنە گرتن لە پەیوەندی چەپی رادیکال لەگەڵ کرێکاران، لە چوارچیوەی موحیتی سیاسی ئێراندا نامینیتەوە ئەم جەرەیانە لە ئاستی جیهانیدا-ئەگەر باسی ئەو گوروهانە نەکەین کە لە دەورەکانی پیشتردا لە کۆمینتێرن دوور کەوتبوونەوە-، لە ناوەراستی پەنجاکانی زایینی یەوەبەرە بەرە بە رەخنە گرتن لە بەناو خەتی رەسمی کۆمۆنیزم کە حیزبی کۆمۆنیستی شوورەوی نوینەری بوو، شکلیان گرت تروتسکیزم، مائوئیزم و چەپی نوی سەر- چاوە سەرەکییەکانی سەر هەلدانی ئەم چەپە رادیکالە بوون ئەم جەرەیاناتە ئەمرۆ ئیتر مەوزووعییەتی خۆیانیان لە دەست داوە و فەوتاون لە ناوەراستی شەستەکانەوە هەتا نیوەی دووهەمی حەفتاکان دەورەی فەعالییەت و رەونەقی ئەم جەرەیاناتە بوو ئەمانەش لە روانگەی جیایی لە چینی کرێکارەوە تایبەتمەندی لە چەشنی چەپی رادیکالی ئێرانیان هەیە و دیارە کاریان کردوەتە سەر بوچوون و پراتیکی جەرەیاناتی ئێرانی بەلام بۆ لیکدانەوەی ئەم جەرەیاناتە دەبی ئەوە لەبەرچاو بگرین کە سەرچاوگەی چینایەتی و موحیتی کۆمەڵایەتییان جیاواز بوو چەپی رادیکال لە ئورووپای رۆژاوا و ئەمریکا دەقاودەق حاسل و نوینەری ئەو بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە و ئەو داخوازە چینایەتییانە نەبوو کە لە ئێران چەپی رادیکال حاسل و نوینەریان بوو بۆیە من باسەکەی خۆم بە چەپی ئێران مەحدوود دەکەمەوە بە تایبەت کە ئەمەیان لەباری فورمال و تەقویمی یەوە پەیوەندیکی راستە خۆتری لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستی ئێران هەیە.

بە تاك کەوتنەوەی چەپی رادیکالی ئێران لە چینی کرێکار

نە پیویستی بە ئیسبات کردن هەیە و نە حیگای سەرسومانیشە ئەم چەپە لە بۆشایی یەك دا کە حاسلی شکستی حیزبە سوننەتی‌یەکانی ئوپوزیسیونی بورژوازیی ئیران حیزبی توودە و جەبهەی میللی بوو شکلی گرت کە لە نیو خودی ئامانجە قەدیمی‌یەکانی بالەکانی چەپ و راستی بورژوازی تازە پی گەیشتووی ئیراندا، نوینەری ریفورمیزم و ناسیونالیزم بوون رەخنەی چەپی رادیکال بەرانبەر بەم حیزبە سوننەتی‌یانە رەخنەیەك بوو لەوەکە ئەو حیزبانە ئالای ئەو ئامانجە بورژوایی یانەیان وەلا نابوو و شیوە و رەوشتی هیمنانەیان بۆ وەدی هینانی ئەو ئامانجانە گرتبووە پیش سەر هەلدانی چەپی رادیکال حاسلی بە دەستەوە گیرانی هەر ئەم ئالایە بوو لە لایەن هیزیکی کۆمەلایەتی دیکەوەو دیارە لە هەل مەرجیکی ئابووری و سیاسی جیاواز دا چەقی خەبات بۆ دەسکاری کردن و ئیسلاحی سەرمایەداری ئیران و داین کردنی سەربەخۆیی سیاسی و ئابووری لە بورژوازی‌یەوە گویزرایەوە بۆ وردە بورژوازی ئەم گواستنەوەیە لە هەمان کاتدا حاسلی هەندیك رەوتی فیکری چارەنووس ساز بوو لە بزووتنەوەی چەپ لە ئاستی جیهاندا و هەر وەها هەندیك ئال و گۆری بنەرەتی لە ئابووری سیاسی ئیراندا من لیرە دا ناتوانم بچمە سەر ئەم باسانە هەر ئەوەندە دەلیم کە "اصلاحات ارزی " و ئەو ئال و گۆرە گرینگانە کە لەو پروسەیەدا لە بینای ئابووری ئیراندا و لەقەوارەی چینایەتی کۆمەلدا پیك هاتن گرینگی‌یەکی چارەنووس سازیان لە توانەوەی حیزبە سوننەتی‌یەکان و شکل پیدانی ئەم چەپە نوی یە و پال پیوەنانیان بەرەو داخوازی رادیکالتر و شیوە و رەوشتی توندرەوانەتر لە خەباتی سیاسی دا هەبوو لە پال ئەم ئال و گۆرە ئابووری‌یە، وەزعییەتی جیهانی بزووتنەوەی بە ناو سوسیالیستی و بە تایبەت سەرهەلدانی مائوئیزم و هەروەها پوپولیزم ناسیونالیستی لە ئەمریکای لاتین کە هەرکامیان بە جۆریك ستراتژی ناسیونالیزم و ریفورمیان لە ولاتانی ژیر دەستەدا بەیان دەکرد، ماتریالی پیویست بۆ دیاریکردنی سیمای سیاسی و نەزەری ئەم چەپە نۆی‌یەیان فەراهەم دەکرد.

بەهەرحال ئەو شتەی دەبی تەئکیدی لەسەر بکری ئەوەیە کە چەپی رادیکالی ئیران بەم جۆرە هەر لە بنەوەلەناوەند و جەرگەی ئیعتیرازی کریکاری‌دا لە دایك نەبوو و پیی هەلنەگرت لە روانگەی ئامانج و مەبەستەکانەوە، ئەم چەپە نوینەری مەیلیکی تایبەت بەرەو سوسیالیزمی کریکاری و هەلوەشاندنەوەی مالکییەتی خوسووسی نەبوو خەباتی دژی ئیستیبدادی، "عەدالەتی کۆمەلایەتی" و "سەربەخۆیی لە ئەمپریالیزم" ناوەروکی سیاسی ئەو چەپە بوو لەباری عەمەلی‌یەوە تەرکیبی ئەم چەپە، تیکۆشەرانی، کادرەکانی، مەیدانەکانی فەعالییەتی، زمانی، ئەرکەکانی، و کارکردەکانی و سەرەنجام ئەو شکل و شیوانەی بۆ خەبات پیشنیاری دەکردن، هەر هەموویان لەو چینە کۆمەلایەتی‌یە غەیرە کریکاریانەوە سەرچاوەیان دەگرت کە ئەو چەپە ئالای ئامانجەکانیانی هەلگرتبوو من دواتر، زیاتر دەگەریمەوە سەر ئەم لایەنە عەمەلی‌یانە و نیشان دەدەم کە چلون ئەم چەپە کە وایەك بوو بە بەری رووناکبیرانی نارازی بورژوازی دوورا بوو هەر ئەوەندە رۆشنە کە بە جیا مانەوەی چینی کریکار لەم چەپە ئاسایی و چار هەلنەگر بووە بە دریژایی دەورانی پیش شۆرشی ٥٧ تەنانەت پەیوەندیکی بەرچاو لە نیوان ئەم چەپە و ئیعتیرازی کریکاری و موحیتی ئەو ئیعتیرازە دا نەبینراوە بەشی هەرەزۆری ئەم چەپە بە ئاشکرا ئەم جیایی‌یە تیئوریزە دەکا مائوئیست بە جووتیارەکەی و چریکی شار بە چیروکی موتوری چکولە و گەورە و شەری چەکدارانەی شۆرشی ٥٧یەکەمین تیك هەلەنگووتنی واقیعی ئەم چەپە بوو لەگەل کریکار وەك چینیکی کۆمەلایەتی تاریخی دەورەی شۆرش، تاریخی چەسپانی ئەم جیایی‌یە و بە ناچار لە مەیدان دەرچوونی ئەم چەپە رادیکالەیە.

ئەگەر ئەو چەپە بە خۆی دەگوت مارکسیست، دوو هوی سەرەکی هەبوو

یەکەمیان، مارکسیزم لە روانگەی ئەوانەوە تیئوری یەك (و لە راستی دا تاقە تیئوری موعتەبەر) بوو بۆ ئال و گۆری وەزعییەتی مەوجوود بە شیوەی قەهراوی ئیدەی شۆرش لە مارکسیزم گری دراوە و هەر کەس کە بە دریژایی تاریخی ئەم چەرخە بە شوین ئال و گۆریکی لە ناکاو و قەهراوی یەوە بووبی، تەنانەت بۆ وەدی هینانی ریفورمی تەواو بورژوای، ناچار بووە لە سیستمی فیکری خۆیدا جیگایەك بۆ مارکسیزم بکاتەوە هەروەك وتم مائوئیزم و شیوە مارکسیستەکانی مەکتەبی پەرە نەگرتوویی بە ئەندازەی کافی مارکسیزمیان کردبووە گەلی ومیللی کە بورژوازی نارازی ولاتانی ژیر دەستە بتوانی رەچاوی بکا ئەم وەزعەهەلبەت ئەمرۆ گوراوە و ئەو "مارکسیستانە" کە ئاوا هاتبوونە مەیدان خەریکن بە خیرایی لە مەیدان دەچنە دەر ئەمرۆ ئیتر بۆ رووناکبیری ولاتی ژیر دەستە نە مارکسیزم مودە و نە شۆرش بەلام لە دەورەیەك دا کە چەپی رادیکالی ئیران شکلی گرت مارکسیزم تەنیا ریگای وەدەست هینانی هەر چەشنە ئیعتیباریکی سیاسی بوو وەك جەرەیانیکی رادیکال هۆی دووهەم لەوەدا کە ئەم جەرەیانە خۆی بە مارکسیزمەوە هەلواسی، مەوقعییەت و جیگا و شوینی چینی کریکار لە خودی ئیران و روو هینانی بەرەو مەیدانی سیاسی بوو لە کۆمەلدا چەپی رادیکال چینی کریکاری بە بربرە پشتی "گەل"ە کەی خۆی دانابوو و ئەگەرچی گویی نەدەدایە داخواز و پیویستی‌یەکان و ئامانجە سەربەخۆکانی ئەو چینە، سەرجەم خۆی بە نوینەر و لایەنگری کریکار – وەك بەشیك لەگەل–دەزانی بە دەرەجەیەك کە ئەم چەپە لە سیاسەتی خۆیدا، جا بە هەر بەیان و بوچوونیکەوە جیگای بۆ کریکار دەکردەوە، بە هەمان دەرەجە بە ناچار دەبوو مارکسیزمیش بەریتە نیو دەزگای فیکری خۆی.

لە جەرەیانی شۆرش دا کریکاران لەم چەپە نزیك بوونەوە بەلام هەر ئەوەندە کریکار مادام بزووتنەوەی شۆرشگیرانەی خۆی سەر و سامانی نیە، مادام کە حیزبی نیە، بەرنامەی نیە و خۆی بە شیوەی واقیعی و بالفعل ئالترناتیوی سەربەخۆی بەرانبەر بە دەسەلاتی سیاسی دروست نەکروە، ناچار چاو دەبریتە رادیکالترین و چەپ ترین جەرەیاناتی مەوجوودی نیو کۆمەل هەر ئەم میکانیزمە، کریکاران لە هەموو ولاتان بەرەو بالی چەپی بورژوازی دەبا هۆی ئەم مەسەلەیە رۆشنە کریکار نەك بە پیی ئارەزووی تەجریدی، بەلکوو بە داخوازی واقیعی‌یەوە و بۆ باش بوونی ژیانی خۆی پی دەنیتە مەیدانی سیاسی جیگاو شوینی عەینی کریکار لە بەرهەم هینان دا ناچار دەکا هەموو لەحزە و ساتیك بە هیوای بگرە چکولەترین ئال و گۆر، لە نیو حەرەکەتە سیاسی‌یەکاندا یەکیان هەلبژیری بەلام ئەمە بە مەعنای ئەوە نیە کە ئەم جەرەیاناتە دەکەونە جەرگەی ئیعتیرازی کریکاری و دەبنە حیزبی تەبیعی و ئاسایی کریکاران چەپی رادیکالی ئیران تەنانەت ئەم هیوایەی کریکار و ئەم هاو جیهەتی‌یە سیاسی‌یە بە ناچارەی کریکاریشی لە ئیران وەکار نەخست ئاسوی ناسیونال ریفورمیستی، بیری دژی ئیستیبدادی و بینا و بوچوونی ریکخراوەیی رووناکبیرانە و شیوە ئانارشیستی‌ی ئەم چەپە تەنانەت نەی هیشتوە ئەم جەرەیاناتە لە لایەن کریکارانەوە بۆ ئیعتیرازی ئابووری و سیاسی بە دەستەوە بگیرین.

زۆر کەس کاتیك تاریخی سوسیالیزمی هاوچەرخی ئیران و بە تایبەت کارکردی ئەم سوسیالیزمە لە شۆرشی سالی ٥٧دا دەنووسنەوە، تاریخی ئەم چەپە رادیکالە دەورە دەکەنەوە واقعییەت، بەلام، ئەوەیە کە سوسیالیزمی کریکاری، وەك بزووتنەوەیەکی بالفعلی کۆمەلایەتی بە دریژایی هەموو ژیانی ئەم چەپە رادیکال لە دەرەوەی ئەم چەپە و بە بی هیچ تەئسیر وەرگرتنیك لە هەلس و کەوتەکانی ئەم چەپە، بەرەو پیش چووە میژوو نووسانی تازە وەگروگال کەوتووی چەپی ئیران، بە ئیلهام وەرگرتن لە ئەدەبییاتی بیست سالی رابوردووی چەپی ئورووپا و لە ژیر تەئسیری ئال و گورەکانی ئەمرۆی شوورەوی دا، دەلیلی شکستی چەپی رادیکالی ئیران بەوە دەزانن کە گویی نەداوەتە مەسەلەی دیموکراسی بەلام لە راستی دا هەموو چەپی رادیکال، بیجگە لە دیموکراتیزمی میللی و رادیکال هیچی تر نەبوو هەموو سات و کاتیکی ژیانی ئەم چەپە خەبات بووە لە دژی سەرکوتی دیموکراسی و پی شیل کرانی دەستکەوتە دیموکراتیکەکانی راپەرینی ریبەندان لە لایەن رژیمی جمهووری ئیسلامی‌وە ئەم چەپە لە پیناو دیموکراسی دا جەنگا و خوینی دا چەپی رادیکال بە دەلیلی بە تاك کەوتنەوە و هەلبرانی خۆی لە سوسیالیزمی کریکاری و بزووتنەوەی ئیعتیرازی چینی کریکار شکستی خوارد چەپی رادیکال لە حاشیەی سیاسەت دا مایەوە چونکوو بیجگە لە سوسیالیزمی تویژە حاشیەیی‌یەکانی کۆمەل هیچی‌تر نەبوو تاریخی ئەم چەپە تاریخی خەباتی دیموکراتیك و دژی ئیستیبدادی‌یە تاریخی جم و جوولی خویندکاران و رووناکبیرانی لاو و پولمیك و کۆبوونەوە و لیك دابرانی ئەم ریکخراو و ئەمانەیە. ئەم خەباتە بەهەر حال بۆ چینی کریکار بایەخی خۆی هەیە بەلام تاریخی عەمەل و کاری راستەخۆی کریکاری و سوسیالیزمی چینی کریکار نیە تاریخی مانگرتنە کریکاری‌یەکان نیە تاریخی سەرهەلدانی ریکخراوە جەماوەری‌یەکانی کریکاران، بەربەست کردن و راوەستاندنی چەرخی بەرهەم هینان، کیشمەکیش لە سەر هەقدەست، سەرهەلدانی شانەکانی تیکۆشانی کۆمۆنیستی‌ی کریکاری، هاتنە مەیدانی رابەرانی ناوبەدەرەوەوناسراوی نیو خەباتی ئابووری و تاریخی شتی‌تری لەم چەشنە نیە ئەم رووداوانە کە بە بەرینایی‌یەکی یەکجار زەق و بەر چاو لە پەنا ئەم چەپە و لەبەر چاوی ناباوەری ئەم چەپە دەقەومان، لە دەرەوەی پراتیکی کۆمەلایەتی ئەم چەپە مانەوە چەپی رادیکال باسی"پەیوەند" لەگەل چینی کریکاری دەکرد و بەم جۆرە دانی بەوە دا دینا کە لە چینی کریکار بە تاك کەوتوەتەوە بەلام هەرگیز لەوە نەگەیشت کە قسە نەك لەسەر پەیوەندی "سوسیالیزم"لەگەل کریکاران وەك تویژیکی کۆمەلایەتی، بەلکوو لەسەر ئەوەیە کە خۆیان لە جیگای کۆمەلایەتی خۆیان دابرین و قسە لەسەر پەیوەست بوونە بەو حەرەکەتە سوسیالیستی‌یە کریکاری‌یە کە حەلال حازۆ لە نیو کۆمەلدا هەیە حەرەکەتیك کە کردەوەی راستەوخۆ کریکاران ریك دەخا، ئیعتیرازات و مانگرتنەکان پیك دینی، رابەرانی کریکاری پەروەندە دەکا، خۆ وشیاری سوسیالیستی چینی کریکار گەشە پی دەدا، کریکاران هەتا هەر جیگایەك بکری، لە کۆر و کۆمەلەوە هەتا شوورا یەکگرتوو رادەگری و مارکسیزم سەرەرای هەموو زیدە لق و پوپ و خەوشەکان و هەموو ئەو بیر ئالوزی‌یەی هەر ئەم چەپە پیوەی هەلواسیوە لە ژیر دەست و بال دەدەکیشی هەتا بە کاری بەری ئەم بزووتنەوەیە لاواز و بی سەر و سامانە حیزبایەتی‌ی وەخۆ نەگرتوە و قودرەتی گەورە و گرانی خۆی نیشان نەداوە بەلام واقیعی‌یە واقعی‌ترین سوسیالیزمیکە کە لە ئیران هەیە.

جیایی چەپی رادیکال لە کریکاران، وە یا دروست تر بلیین لە بزووتنەوەی سوسیالیزمی کریکاری، جیایی یەکی هەمە لایەنە و قوولە جیایی یەکی نەزەری، بەرنامەیی، پراتیکی، و لە یەك کەلام دا کۆمەلایەتی ئەمانە دوو بزووتنەوەن بۆ دوو کۆمەلە ئال و گۆری کۆمەلایەتی جیاواز، بۆ دوو شۆرشی جیاواز، بە پشت ئەستووری چینە کۆمەلایەتی‌یەکانی جیاواز هەرتکیان بالفعل هەن و پراتیکن وا نیە یەکیان نوینەری سوسیالیزم بی و ئەوی دیکە زەرف و وەسیلەی حەرەکەتی خورسکی کریکاری بی لە راستی دا ئەگەر سوسیالیزمیك هەبی لەوی دووهەم دایە ئەوی دیکە بە تەواوی زەرفی ئیعتیرازی میللی– دیموکراتیکی رووناکبیرانی نارازی‌ی ئیرانی بوو.

مارکسیزم، وەك تیتر و تابلویەکی گشتی و هەروەها کۆمەلیك داخوازی سیاسی و ئابووری فەوری، ئەمانە پیکەوە پەیوەند دەدا و لیك نزیکیان دەکاتەوە بەلام هەلەیە ئەمانە بە هاوجسن دابندرین.

غەیرە کریکاری بوونی رایەل و پۆی چەپی رادیکال کە وایە دیاردەیەکی چارهەلنەگر بوو کە لەجەوهەر و ناوەرکی سیاسی و جیگا و شوینە چینایەتی‌یەکەیەوە سەر چاوەی دەگرت ئەم جەرەیاناتە، هەر وەك وتم، نەك لە بزووتنەوەی چینی کریکار و لە موحیتی ئیعتیرازی کریکاری‌یەوە، بەلکوو لە دریژەی ئوپوزیسیونی بورژوایی ناسیونالیست و دژی ئیستیبدادی دا شکلی گرتبوو چالاك و هەلسووراو بوون لە نیو چینی کریکار و بزووتنەوەی ئیعتیرازی ئەم چینە دا هەر لە بنەوە حالەتی ئاسایی و تەبیعی‌ی مەوجوودییەتی ئەم جەرەیاناتە نەبوو چریکەکان هەر لە بناغەوە بەو پیش فەرزەوە ریبازی خۆیانیان دارژتبوو کە: خەفەقان ناهیلی لەگەل کریکار پەیوەند بگرین لە جەرەیانی شۆرش دا، کاتیك کە فاکتوری خەفەقان ئیتر دەوریکی وای نەبوو، جم و جوولی تویژی خویندەوار و رووناکبیری وردەبورژوا جاریکی‌تر سیبەری خستە سەر بزووتنەوەی چینایەتی لە روانگەی ئەم چەپەوە هەر ئەمرۆش پاشماوەی ئەم چەپە رادیکالە "دانشجوو" هیشتا بە شەیپوورچی و ئومیدی"شۆرش" حیساب دەکا و هەر ئەوەندەی خویندکاری فلانە دانشگا بە ئیعتیراز بەرانبەر بە کوژانەوەی کارەبا تەقەیان لە کەوچك و دەوری هەستاند جەرەیاناتی وەك راه کارگر ئەوەندەیان بەسە بۆ ئەوەی پیی گەرم دابین و بینە سەر زەوق و رۆژنامەکانی خۆیان پر کەن لە پەیامی پیرۆزبایی گەرم و گۆر و خۆیندکاران و "بزوونەوەی دانشجوویی" بەهەرحال خالی سەرەکی ئەوەیە کە ئەم جیایی و بیگانەیی‌یە لەگەل ئیعتیرازی کریکاری قەت شتیکی بە هەلکەوت نەبووەو تەنیا تەئکید لەسەر غەیرە کریکاری بوونی جیگای کۆمەلایەتی ئەم چەپە دەکا.

لەبەشی دواتری ئەم نووسراوەیە دا بە دریژە باسی ئەو میکانیزمە موشەخەسانە دەکەم کە دەبوونە هۆی جیایی عەمەلی و ریکخراوەیی کریکاران لە چەپی رادیکال و، لەبەشی کۆتایی دا ئەو هەنگاوە موشەخەسانە کە ئیمە دەبی لە ئاستی جۆراوجۆر دا هەلیان گرین بۆ پەرە پیدانی ئەندامەتی کریکاران لە حیزبی کۆمۆنیستی ئیراندا، بە کورتی باس دەکەم.

پوشپەری ٦٨

ناصر حسامی کردوویە بە کوردی

دەورەی دووهەم | ژمارەی ٣٣ | رەزبەری _١٣٦٨ | ئوکتوبری _ ١٩٨٩

پێشڕەو

# تەبدیل کردنی کۆمەڵە بەریکخراوی کرێکاران و ئەرکەکانی ئەم دەورەیەمان لە وت وویژ لەگەڵ هاوری عمرایلخانی زادە

هاوری عومەر ویرای بەخیر هاتنت، پرسیاری یەکەمم دەست پی دەکەم. ئیمە زۆر جار باسی تحول و تەبدیل بوون بە حیزبی کرێکاریمان کردوە و لە نەشریات و رادیوشمان دا ئەوە باسی کراوە. توزیح بدە کە لە چ روانگەیەکەوە هیشتا کۆمەڵە سازمانیکی کرێکاری نیە؟ ئایا مەنزوور ئەهداف و بەرنامە و سیاسەتەکانیشمانە؟

سپاستان دەکەم و سلاوم هەیە بۆ گویگرە خۆشەویستەکانی رادیو حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ئەساسەن بەرانبەر بە چەپی وردە بورژوایی و پوپولیستی و بە هەدەف و ئامانجی کارگەری‌یەوە پیک هات . لە هەموو دەورەی حەیاتیشی دا ئەم حیزبە پاریزەری جەوهەری ئیدئولوژیکی و کرێکاری مارکسیزم بووە بەرانبەر بە بیروراکانی چەپی ئێران، وە لە سەرەتای پیک هاتنیەوە لایەنگری ئەوە بووە کە ببیتە حیزبیکی کرێکاری لەم بابەتەوە حیزبی کۆمۆنیست، جم و جوول و وەخۆ کەوتنیکی لە بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی دا بەرانبەر بە جەرەیاناتی غەیرە کرێکاری پەرەپیداوە .

کۆمەڵە، بیجگە لەوە، پەیوەندیکی قوولی لەگەڵ کرێکارانی کوردستان هەیە و نفووزیکی جەماوەری بەرینیشی لە نیویان دا هەیە. تەئسیراتی گرینگ و رۆژانەی لەسەر زۆر لایەنی خەباتی ئیعتیرازی کرێکاری بووە و هەیەتی و لەم بابەتەوە نوینەری بەرژەوەند و سیاسەتە چینایەتی و کرێکاری‌یەکان بووە، وەلە ریزبەستنی سیاسی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵەدا وەك ریکخراویکی مودافیعی کرێکاران، وەك ریکخراوی سیاسی کرێکاران جی کەوتوە بەڵام سەرەرای هەموو ئەمانە، قەوارەی حیزبی و تیکۆشەرانی ئیمە وا نەبوو کە ئاستە جۆراوجۆرەکانی رابەرانی ئیعتیرازی کارگەری و، پیشرەوان وتەیفی کرێکارانی رادیکال سوسیالیست بگریتە بەر و لە خۆی‌داکویان بکاتەوە. هیشتا بەشی عومەدەی تیکۆشەران و کادرەکان و ئەندامانی کۆمەڵە لە کرێکارانی پیشرەوە و لە رابەرانی عەمەلی کرێکاران پیك نەهاتوە.

ئەو کرێکارانە کە خۆیان بە کۆمەڵە و کۆمۆنیست دەزانن بە شیوەیەکی بەرین لە نیو بزووتنەوەی کرێکاری‌دا و لە پیشەوەی ئیعتیرازاتی رۆژانەی کرێکاران دان بەڵام ئەمانە هیشتا سازمان و قەوارەی حیزبی یان بە خووە نەگرتوە و بەم پی یە نفووزی سیاسی و ئیدئولوژیکی کۆمەڵە نەبووەتە ریکخراوی حیزبی لە نیو بزووتنەوەی ریکخراوی حیزبی لە نیو بزووتنەوەی کرێکاری دا لە لایەکی دیکەشەوە هیشتا کرێکارانی پیشرەو و کۆمۆنیست و تیکۆشەرانی کرێکاری لە حیزب دا دەوری واقیعی خۆیانیان نیە و تییدا بەشدار نین.

ئەم واقعییانە، بە روونی ئەوە نیشان دەدەن کەسەرەرای دەور و نەقشی کۆمەڵە و سەرەرای ئەوە کە کۆمەڵە لە نیو کرێکارانی کوردستاندا وەك رابەر چاوی لیدەکری، بەڵام لە باری ساخت و بینای تەشکیلاتی و قەوارەی حیزبی‌یەوە لەباری کارکردی رۆژانەی حیزبیکی کرێکاری‌یەوە هیشتا گورانیکی ئەساسی و بنەرەتیمان لە پیشە هەتا ببینە حیزبیکی کارگەری و وەسیلە و زەرفی ئیعتیرازی کۆمەڵایەتی کرێکاران، ببینە ریکخراوی خەباتی خودی کرێکاران لەم روانگەیەوە و لەم لایەنەوەیە کە ئیمە تەئکید لەسەر گورانیکی هەمە لایەنە دەکەین ریکخراوی کۆمۆنیستی و کرێکاری چوارچیوە و پەیکەری دەبی کرێکاری بی و لە نیو کرێکاران دا بی.

کە وایە ئایا مەنزوورمان ئەوەیە بافتی تەشکیلاتی کۆمەڵە بگوردری و ئەوەیە کە دەبیتە هۆی جیگورکیی کۆمەڵایەتی حیزبی ئیمە لە کوردستان و ئیمە دەکاتە جەرەیانیکی کارگەری؟

ئەو مەسەلەیە بە جۆریکی تر باسی بکری دروستە. کۆمۆنیزم گەرایشیکی سیاسی زیندوو و فەعالی نیو بزووتنەوەی کرێکاری‌یە هەمان گەرایشی موعتەریز بە چەوسانەوە و دژی سەرمایەداری‌یە.

هەمان خەباتی هەموو رۆژەی کرێکارانە لە دژی سەرمایە و نیزامی سەرمایەداری ئەم گەرایشە و کرێکارانی سەر بەم گەرایشە لە نیو خۆیاندا ریکخراو و ئارایش و قەوارەی موشەخەس و، رابەران و پیشرەوانی خۆیان هەیە. هەدەفی ئیمە یەکەم: هەرچی زیاتر پتەوکردنەوە و پەرەپیدانی ئەم گەرایشەیە، دووهەم: پیك هینان و تەقویەتی حیزبییەت لە نیو ئەو گەرایشە دایە هەتا بە وەدی هینانی ئەم ئامانجە بتوانین بزووتنەوە یەکی بەرین و ریکخراوی کرێکاری بەرپا بکەین کە گەرایشی کۆمۆنیستی تییدا زال بی. ئەم حیزبە و ئەم تەشکیلاتەی مەوجوود، دەتوانی و دەبی یەکیك لە ئامراز و وەسیلەکانی بەسەرەنجام گەیشتنی ئەم پروسەیە بی و دیارە لەم رەوتە دا خۆشی دەگوری لە وەلامی پرسیارەکەی ئیوەدا دەتوانم بلیم کە قەتعەن بافتی تەشکیلات و ریکخراوی مەوجوو دەبی بگۆری، بەڵام کرێکاری بوونەوەی حیزب تەنیا بەمە مەحدوود نابیتەوە. بەڵکوو زۆر لەوە واوەتر، ریکخراو بوونی بەرینی کرێکاران و ئەوە کە ئەو گەرایشە کۆمۆنیستی یە زیندووەی نیو چینی کرێکار کە مەوجوودە، قەوارەی حیزبی بگریتە خۆی، ئەوە مەنزووری ئیمەیە. تەئسیراتی ئەم مەسەلەیە و بەرینایی ئەو تەئسیراتەش لە چوارچیوەی تەشکیلاتی دا مەحدوود نابیتەوە و نابی مەحدوود بیتەوە، بەڵکوو تەئسیراتیکی کۆمەڵایەتی و بەرینی لە نیو بزووتنەوەی کرێکاری و لە نیو کۆمەڵدا دەبی ئەگەر گەرایشی کۆمۆنیستی لە نیو کرێکارانی کوردستاندا ریك بخەین و سازمانی بدەین و، کۆمەڵە بگوری و ببیتە ئەو سازمانە، ئیعتیراز و خەباتی کرێکاری و نفووز و توانایی رابەرانی کرێکاری و تیکۆشەرانی کۆمۆنیست زۆر لەمە زیاتر پەرە دەگری و بەرین دەبیتەوە ریکخراو بوونی جەماوەری کرێکاران بە کەیفییەت و کەمییەتیکی تازە دەگا و هەمووئەمانە تەئسیراتی خەباتکارانە و کۆمەڵایەتی واوەتر لە چوارچیوەی تەشکیلاتیان دەبی ئەو ئال و گۆرەی ئیمە باسی دەکەین ئەو هەدەفە کۆمەڵایەتی‌یەی لەبەر چاوە و، هەلبەت لە جەریانی بە سەرەنجام گەیاندنی ئەم گورانکاری‌یە کۆمەڵایەتی دا و پی بە پیی ئەوە تەشکیلاتی کۆمەڵەش ئال و گۆری بەسەر دا دی یانی هەم قەوارەکەی وای لی دی کە کرێکاران و رابەرانی کرێکاری ریزەکانی پر کەنەوە و هەم جیگا کۆمەڵایەتی یەکەشی لە نیو خەبات و بزووتنەوەی کرێکاری دەبی.

بەم جۆرە ئەو جیایی و دابرانە تاریخی‌یە کە لە نیوان سازمانەکانی چەپ و کۆمۆنیست و، بزووتنەوەی کرێکاری و چینی کرێکار دا بووە، کۆتایی پی دی. یانی سازمانی کۆمۆنیستی دەبیتە سازمانی گەرایشی کۆمۆنیستی کرێکاران خەباتی ریکخراو و یەکگرتوانە لە بەرزترین پلەی سازمانی دا، یانی لە لایەن حیزبیکی کۆمۆنیستەوە کە تیکۆشەران و پیشرەوانی کرێکاری لە خۆی دا کۆ کردوەتەوە، بەرەو پیش دەچی سازمانی ئیمە دەگوری و بە تەواوی و پر بە پر دەبیتە زەرف و وەسیلەی موناسب بۆ خەباتی ئابووری و ئیعتیرازاتی هەموو رۆژەی کرێکاران لە دژی سەرمایە و نیزامی سەرمایەداری کە وایە دەتوانم بلیم هەدەفی ئیمە تەنیا هەر بەوە مەحدوود نابیتەوە کە بافتی تەشکیلات بگورین بەڵکوو پەرەپیدانی بزووتنەوەیەکی بەرینی کۆمەڵایەتی و کرێکاری و ریکخستنی گەرایشی کۆمۆنیستی نیو چینی کرێکار و گەیاندنی بە جیگایەك کە قەوارەی حیزبی بگریتە خۆی، هەدەفی ئیمەیە. ئەمە بە بی خەباتیکی هەمە لایەنەی کۆمەڵایەتی و بە بی دەخالەتی چالاکانە لە بزووتنەوەی کرێکاری و خەباتی جاری کرێکاراندا، بەبی پیك هینانی پەیوەندی قوول و پتەو لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری، بە بی هەموو ئەوانە ئیمکانی نیە. کۆمەڵە ئیستا مەوقعییەتیکی موساعیدی کۆمەڵایەتی و چینایەتی هەیە بۆ ئەوەی بگۆری و ببیتە ئەو سازمانە.

هاوری عومەر! بەلەبەرچاو گرتنی وەزعییەتی سیاسی ئیستا و ئەو فشارانە کە لە سەر ژیانی کرێکارانن، وە بە لەبەرچاوگرتنی فەزای پولیسی و ئەو خەفەقانەی رژیم لە کوردستان پیکی هیناوە، پیتان وایە زەمینەی گۆران و تەبدیل بوون بە حیزبیکی کرێکاری لە هەل و مەرجی ئیستادا چەندە موساعیدە؟

فەزای سیاسی لە کۆمەڵدا چ دیموکراتیك بی و چ غەیرە دیموکراتیکە رژیمی حاکم چ دەسەلاتی خۆی زال بکا و چ لە مەوقعییەتیکی زەعیف دا بی، لە کۆمەڵی چینایەتی و سەرمایەداری دا، چەوسانەوە هەیە کە وایە خەبات لە دژی زولم و چەوسانەوە هەیە. کرێکار لە هەرحاڵدا موعتەریزە و هەموو رۆژ و هەموو لەحزەیەك لە کارگا و کارخانە و شیرکەت و مەزرا بەستە بە توانایی خۆی دەرگیری خەباتە وخوی لە بەرانبەر نەزم و قانوون و یاساکانی مەوجوود دا دەبینیتەوە. هەتا وەختیکیش کە ئیعتیراز و خەبات لە دژی نیزامی سەرمایەداری وجوودی هەیە، زەمینە و شەرایتی شکل گرتن و پیك هاتن و گەشە و پەرە گرتنی حیزبی کرێکاری‌ش هەیە. هەل و مەرجی موساعید و غەیرە موساعیدی سیاسی و، ئاستی ئیعتیراز و خەباتی گشتی جەماوەری و کرێکاری دەتوانن لە سەر شینەیی بوون و خیرا بوونی رەوتی شکل گرتنی ئەو حیزبە لە قوناغی جۆراوجۆر دا تەئسیر دانین و رەوتی بەرەوپیش چوونی خیرا کەنەوە یان ئارامی کەنەوە بەڵام ئەم رەوتەقەت نە بەربەست دەکری و نە رادەوەستی.

لە لایەکی دیکەوە ئەگەر سەرجەمی لایەنەکانی بزووتنەوەی کرێکاری کوردستان لەبەر چاو بگرین دەبینین کە کۆمەڵە بۆ تەبدیل بوون بەوحیزبە مەوقعییەتیکی موساعیدی هەیە کۆمۆنیزم وەك ریگایەکی رزگاریبەخش لە نیو کرێکارانی کوردستاندا مایەی شانازی‌یە و بەچاوی خۆشەویستی تەماشای دەکەن پیشرەوانی کرێکاری و کرێکارانی کۆمۆنیست، سیاسەت و شیعارەکانی حیزبی کۆمۆنیست یان قەبوول کردوە و ئەو حیزبە بە حیزبی خۆیان دەزانن و بەشیکیان پەیوەندی تەشکیلاتی یان لەگەڵ ئیمە هەیە لەباری شیعار و داخوازەکانەوە جەرەیانی ئیمە لە ریزی پیشەوەی زۆر خەبات و ئیعتیرازی کرێکاری دایە.

دەتوانین ئیددیعای ئەوە بکەین کە بەشیکی زۆر لە پیویستی‌یەکان و بناغەی سازمانیکی کارگەری لە کوردستان داریژراوە کۆمەڵە و خەباتی کرێکاری ئیستا بە دەرەجەیەکی زۆر لیك هەل پیکراون و قابیلی لیك جیاکردنەوە نین. هەموو ئەمانە شەرایتی موناسب و مەوقعییەتیکی موساعیدن بۆ ئەوەی لە هەموو باریکەوە ببیتە ئەو سازمانە کرێکاری یە. بۆیە دەکری بلێین کە کۆمەڵە دەتوانی لەگەڵ خۆی بزووتنەوەی کرێکاریش بە هەنگاوی زۆر گەورە بەرەو پیش بەری ئیستا سەرەرای شەرایتی سیاسی کە خەفەقانی بەسەر دا حاکمە و لەم بابەتەوە ناموناسبە، بەشیکی زۆر لەم پروسەیە بە کاری ئاگاهانە و هەدەفمەندی ئیمە مەربووتە و پراتیك و کارکردنی ئیمە لە رابەری‌یەوە هەتا هەموو تەشکیلات دەوریکی گرینگی لەم دەورەیە دا لە ئەستویە.

هاوری عومەر! هەر وەك ئیشارەتان پیکرد لە کوردستان بە سەرەنجام گەیاندنی ئەم پروسەیە بە دەرەجەیەکی زۆر مەربووتە بە فەعالییەتی ئاگاهانە و نەقشەمەندی ئیمە بە تایبەت لە زەمینەی ریکخستنی حیزبی کرێکاری سوسیالیست و رابەران و پیشرەوان دا لەم نیوەدا بەریوە بردن و ورد کردنەوەی "سیاسەتی ریکخستنمان لە نیو کرێکاران" نەقشیکی گرینگی هەیە. پرسیارم ئەوەیە کە چ ئیقداماتیك لەم زەمینەیەدا دەبی بنیینە دەستوور؟

بەریوە بردن و بەرەو پیش بردنی سیاسەتی ریکخستنمان لەنیو کارگەری نەك هەر ئەهمییەتیکی تایبەتی هەیە، بەڵکوو بە سەرەنجام گەیاندنی عەمەلی ئەم سیاسەتە، مەعناکەی عیبارەتە لە ریکخستنی سازمانە حیزبی یەکان لە محەل و جیگیر کردنی بەدەنەی حیزب لەنیو کرێکارانی سوسیالیست و پیشرەودا سیاسەت و ئیقداماتی موشەخەسی ئیمە لەم بارەوە دەکری بە پیی مەوقعییەت و ئیمکاناتی ئیمە لە نیو کرێکارانی کوردستاندا بەرەوپیش بچی.

لیرە لە کوردستان تەیفی کرێکارانی سوسیالیست و کۆمۆنیست نەك هەر حیزبی کۆمۆنیستیان قەبوولە، بەڵکوو لە چەندین ساڵی رابوردوو دا لەگەڵ کۆمەڵە و لە نتیجەی تیکۆشانی ئیمە دا و لە زمان ئیمەوە سوسیالیزمیان بیستوە و قەبوولیان کردوە ئەگەر لە باقی شوینەکانی ئێران بەشیکی گرینگ لە پروسەی حیزبییەت پیدان و ریکخستن بریتی‌یە لە نزیك کردنەوە ئەم تەیفە لە حیزبی کۆمۆنیست، لە کوردستان ئەساسەن ئەو تەیفە سەر بە حیزبە و هەر بەم دەرەجەیەش ئامادەیە سازمان و قەوارەی حیزبی بگریتە خۆی بەڵام هەر وەك گەلیك جار وتوومانە تەیفی کرێکارانی رادیکال سوسیالیست و رابەرانی عەمەلی لە کوردستان، جەوانە و تازە پی گەیشتوون و لە چاو باقی شوینەکانی ئێران لە خەباتی کرێکاریدا تەجرەبە و ئەزموونیکی کەمتریان هەیە.

ئیقدامی ئیمە لەم مەرحەلەیەدا دەبی بەرەو رەفع کردن و نەهیشتنی ئەم کەم و کووری‌یە بی هەتالە نیو کرێکارانی کۆمۆنیست دا نەمینی و پیویستی‌یەکانی ریکخراو بوون و لیك هەلپیکرانیان هەرچی زیاتر فەراهەم کەین و بۆ بەرەوپیش بردنی هەرچی باشتری ئەم ئەرکە دەبی لە دەرەجەی یەکەم دا رابەرانی کارگەری و کەسانی خاوەن نفووز لە نیو ئەم تەیفە دا ببینینەوە و بوگەشەی سیاسی- ئیدئولوژیکیان و بۆ پەروەردەکردنیان دەست بە کار بین و بە هۆی ئەوانەوە پتەوی ئەم تەیفەی کرێکاران و ریکخراو بوونی زیاتریان بە راوردە بکەین.

ئێستا لە شارەکان و ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان، وە یا لە رشتە جۆراوجۆرەکانی کار دا، شەبەکەکانی خەباتی کرێکاران- دیارە بە بەرینایی جیاوازەوە — وجوودیان هەیە کە ئەغلەب لە ریزی پیشەوەی ئیعتیرازات دان و، ئەو کەسانەی لەم شەبەکانە دا نەقشی رابەری‌یان هەیە وە یا لە شەبەکەکان و لە خەبات دا هەلسووراون، زۆربەیان سازمانی کوردستانی حیزب و سیاسەتەکانیان قەبوولە، تەنانەت بە بی‌ئەوەی پەیوەندی تەشکیلاتی یان لەگەڵ کۆمەڵە هەبی یەکەم: دەبی لەگەڵ هەموو ئەم ر ابەران و تێکۆشەرانی بزووتنەوەی کرێکاری تەماس و پەیوەندمان هەبی،

پێشڕەو

دەورەی دووهەم ژمارەی ٣٣ رەزبەری _١٣٦٨ ئوکتوبری _ ١٩٨٩

دوهەم: هەول بدەین هەموویان، چ کەسانیك کە لەگەڵ ئیمە پەیوەندی تەشکیلاتی‌یان هەیە و چ کەسانیك کە نیانە، شارەزای هەلویستی سیاسی و ئیدئولوژیکی ئێمە بن دەبی ئەم هاوری‌یانە، بۆ تەسمیم گرتن لە سەر مەسەلە کرێکاری‌یەکان و ئیقداماتمان لەم بابەتەوە راویژیان لەگەڵ بکری. دەبی ببنە رەواج پیدەر و مودافیعی توانا و لیهاتووی کۆمۆنیزم و سیاسەتەکانی حیزبی کۆمۆنیست و بە پیی سیاسەت و جیهەت گیری‌یەکان و ئامانجەکانی حیزبی کۆمۆنیست لە شوینی خۆیان فەعالییەت بکەن، وە بەم جۆرە و بە سەرجەمی ئیقداماتی خۆمان تەقویەت و پتەوکردنەوە و پەرە پیدانی شەبەکەکانی ئیعتیراز و خەباتی کرێکاری بنیینە دەستووری کارمانەوە لە هەر جی یەك شەبەکەکان هەبن دەبی ئاژیتاتور لە نیویان دا پەروەردە بکەین و تەرویجی سوسیالیزم و کۆمۆنیزم بەرەوپیش بەرین و لە هەر جیگایەکیش شەبەکەکان زەعیفن یان لە سەرەتای پیك هاتن و شکل گرتن دا یان وجوودیان نیە، دەبی بۆ پەرەپیدان و ریکخستنیان تی‌بکۆشین ئەم شەبەکانەی خەبات، نەتیجەی پەیوەندی خەباتکارانە و تەبیعی کرێکاران و پیشرەوانی کرێکارین و لە نەتیجەی پەیوەندیکی تەشکیلاتی و حیزبی دا پیك نەهاتوون و پیك نایەن ئەم شەبەکانە دەتوانن تەنیا لە رشتە و حرفەیەك دا مەحدوود نەبنەوە و مەنتەقەیەك بگرنە بەر.

بۆ ئەوەی رابەرانی عەمەلی ببنە هەڵسووراو و کادری وا کە شارەزای هەلویستەکانی حیزب بن کە ئەمە دەبی لەم دەورەیەدا لە کوردستان لە دەستووری کارمان دا بی، چ ئیقداماتیك بە پیویست دەزانن و بە شیوەی موشەخەس ریبەرایەتی کۆمەڵە چ دەور و نەقشیکی لە ئەستویە؟

یەمەمین هەنگاومان لەم بابەتەوە ئەوەیە کە هەدەفی خۆمان لەم کارە را بگگەیەنین و سیاسەتی دەورەیی مان لە زەمینەی ریکخستنی حیزبی دا رۆشن بکەینەوە و دیمەن و تەسویریکی رۆشن لەو ئال و گۆرە کە لە پیشمانەلە زەینی کرێکاران و پیشرەوانی کرێکاری دا جیگیر بکەین، پاشان پەرە پیدانی بزووتنەوەیەکی ئیعتیرازی و ئابووری کرێکاران لە کوردستان بە پیی سیاسەت و شیعار و رینوینی‌یەکانی کۆمەڵە دەبی ئیعتیراز و خەباتی کرێکاری لەم دەورەیە دا بە دەخالەت و تەئسیری ئیمە پەرە بگری و بەم جۆرە رابەرانی کرێکاری فەعال کەینەوە و بۆ هیدایەتی هەرچی باشتری ئەم خەباتە، رینوینی عەمەلی و فیکری ئەو هاوری یانە بە شیوەی بەردەوام وەك ئەرکی خۆمان چاو لی بکەین هەتا تەیفی رابەرانی کرێکاری و فەعال لە ئیعتیرازاتی جاری کرێکاری دا پەرە بگری و پەروەدە بن. لەم پروسەیەدا ئەو بەشەیان کە ئاشنایەیی‌یەکی کەمتریان لەگەڵ ئیمە بووە لەگەڵ هەلویست و سیاسەتەکانمان ئاشنا دەبن و ئەو بەشەش کە خۆیان بە لایەنگری حیزب زانیوە و لە حیزب نزیك بوون زیاتر شارەزای هەلویست و سیاسەتەکانمان دەبن و لە نەتیجە دا ریگا خۆش دەبی بۆئەوەی گەرایشی کۆمۆنیستی هەرچی زیاتر لە بزووتنەوەی کرێکاری لە کوردستاندا ببیتە گەرایشکیکی زال و بە هیز. یەکیکی تر لە هەنگاوەکانی ئیمە دەبی تەقویەتی شەبەکەی ارتباتات و، ریکخستن و پیك هینانی سازمانیکی ارتباتی و حیرفەیی بی بە جۆریك کە بتوانین پەیوەندی خۆمان لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری پتەوتر کەین و یەکیك لە ئەرکە سەرەکی یەکانیشمان ئەوە بی کە پەیوەندی بەردەوامی خۆمان لەگەڵ رابەرانی کرێکاری بپاریزین پیك هینانی شەبەکەیەکی ارتباتی حیرفەیی لە ئەندامان و لەو هاوری‌یانە کە بەکاری خۆیان عەلاقەمەند بن و لیی بزانن ئەرکیکی فەوری و گرینگە بۆ ئیمە.

بیجگە لەو ئیقداماتەی باسم کرد، هەروەك پیشتریش ئیشارەم پیکرد، دەبی پەرەپیدان و تەرویجی کۆمۆنیزم لە نیو شەبەکەکاندا و تەقویەتی بناغەی ئیدئولوژیکی تیکۆشەرانی کۆمۆنیست و رابەرانی کرێکاری وەك یەکیك لە ئەرکەکانمان چاو لی بکەین تەقویەتی رابەران و پیشرەوانی کرێکاری لەم بابەتەوە لە درپژەی خەتی کۆمۆنیستی و ریکخراو بوونی زیاتر و پاراستنی پتەوی شەبەکە و کۆر و کۆمەڵە کرێکاری‌یەکان دا گرینگی هەیە.

هەروەها رابەری کۆمەڵە دەتوانی بۆ ئاسان کردنەوەی مەسەلەی پەروەردە کردنی کادر لە دوو ئاست دا دەور و ئەرکی خۆی بەریوە بەری: یەکەم ئەوەکە هەموو ئیمکاناتی مەوجوودی بەشە جۆراوجۆرەکان کە هەرکامیان بەریوە بەری ئەرکی خۆیانن لەگەڵ یەکتر هاوئاهەنگ بکا. دووهەم ئەوە کە خودی ریبەرایەتی کۆمەڵە ببیتە مەرکەز و کانوونیکی سەرەکی بۆ هیدایەتی بزووتنەوەی کرێکاری و، بۆ بەریوەبردنی هەرچی خیراتری ئەم وەزیفەیە سیاسەتی خۆی لە هەموو مەیدانەکانی خەباتی کرێکاری دا رۆشن دەکاتەوە. دەبی ئاگادار و شارەزای هەموو لایەنیکی مەسەلەکان و خەباتی کرێکاران بی هەتا بتوانی بە هۆی ئورگانە تەشکیلاتی‌یەکانی، رابەران و تیکۆشەرانی کرێکاری لە خەباتی رۆژانەیاندا رینوینی بکا و راستەخۆ پروسەی پەروەردە بوونیان بگریتە ژیر چاوەدیری خۆی. ریبەرایەتی کۆمەڵە دەبی لەهەر تەماس و پەیوەندیکی خۆیدا لەگەڵ رابەرانی کارگەری و تیکۆشەرانی کۆمۆنیست، ئاسوی خۆی بینیتە بەرچاویان و لەگەڵیان باس بکا، پەیوەندیکی سیاسی قایمتریان لەگەڵ پیك بینی و کاریك بکا کە زیاتر پشتیان پی ببەستری دەبی ولامدەرەوەی پیویستی‌یەکان و گیر و گرفتی تەیفی کرێکارانی کۆمۆنیست بی لە خەباتیان دا و بۆ پەرە گرتن و ریکخراو بوونیان، وە بە شیوەی بەردەوام حەرەکەت و کارکردی رابەرانی کرێکاری تەسحیح بکا و بە بەریوە بردنی هەموو ئەو ئەرکانە دەور و نەقشی رابەری یەکی سەراسەری لە بزووتنەوەی کرێکاریدا و بۆ هیدایەتی ئەو بزووتنەوەیە لە کوردستان بگریتە ئەستو هەروەها لە ئوتوریتە و نفووزی مەعنەوی کۆمەڵە بۆبە سەرەنجام گەیاندنی مەسەلەی تەشکیلات سازی حیزبی لەم دەورەیەدا هەرچی زیاتر کەلك وەر بگری. بە کورتی، ئەرکی ریبەرایەتی کۆمەڵە وەك رابەری سیاسی کرێکاران لە کوردستان ئەوەیە کە سیاسەت و ئوسوول دیاری بکا، ئەرك و وەزیفەی بەشە جۆراوجۆرەکان تەشکیلات رابگەیتنی و ویرای پەیوەند گرتن لەگەڵ رابەران و کەسانی هەڵسووراوی نیو کرێکاران، بەردەوام چاوی لە شیوە کار و چوونیەتی بەریوە چوونی کارەکانیان بی و لە جەریانی پیشرەوی دا ئیسلاحیان بکا. یان لەم دەورەیەدا راستەوخۆ لە هیدایەتی خەباتی جاری‌ش دا دەخالەت بکا.

هاوری عومەر! هەر وەك ئاگادارن ماوەیەکە دەنگی شۆڕشی ئێران هەول و کوششیکی تایبەتی بۆ تەوزیح و روون کردنەوەی ئەو ئال و گۆرە کە لە پیشمانە دەست پیکردوە لە بابەت سیاسەتی ریکخستنمان لە نیو کرێکاران و مەسەلەکانی ئیستای سەر ریگامان چ رینوینی یەکتان بۆ تەبلیغات و رادیو هەیە؟

ئەو فەعالییەتە تەبلیغی‌یە کە دەنگی شۆڕشی ئێران دەستی پیکردوە لە دەرەجەی یەکەم دا هەدەفی ئەوە بووە و ئەوەیە کە سەرنجی کرێکاران و پیشرەوانی کرێکاری بۆ ئەو ئاڵ و گۆرە راکیشی کە کۆمەڵە رووی تی‌کردوە و، تەسویریکی کوللی لەو گورانەیان بخاتە بەرچاو. ئەم کارە بە دەرەجەیەك کراوە و بەریوە چووە، بە جۆریك کە ئیستا لە ئیدامەی خۆیدا دەبی بچیتە سەر باسی مەسەلەی موشەخەس تر و تەئسیراتی ئەم ئال و گۆرە لەسەرلایەنە جۆراوجۆرەکانی فەعالییەتمان هەتا بتوانین دیمەنیك لە داهاتووی خۆمان — لەو شتە کە دەبی پیی بگەین–بە شیوەیەکی رۆشنتر بخاتە بەر چاوی تیکۆشەران و کرێکاران.

بەڵام بیجگە لەمانە تەبلیغاتی ئیمە لەم دەورەیە دا دەبی لەسەر چەند مەسەلەی سەرەکی کە بە ریکخراو بوونی حیزبی کرێکاران مەربووتن، تەئکیدیکی تایبەت بکا. رادیو و نەشریاتی ئیمە دەبی بۆ هەلخراندن و گەشە و تەقویەتی خەباتیکی ئابووری کرێکاری، شیعار و داخوازی رۆشن بنینە دەستوور. ئەگەر دەمانەوەی بزووتنەوەی کرێکاری بۆ داخوازە ئابووری‌یەکان لەم دەورەیەدا ئەساسەن بە دەخالەت و تەئسیری سیاسەتەکان و فەعالییەتی ئاگاهانەی ئیمە بەرەوپیش بچی، تەبلیغاتی رادیویی دەتوانی نەقشیکی زۆر گرینگ بگریتە ئەستو و دەبی لە وەختی خۆیدا دەنگ و باسی ئەو خەباتە بلاوکاتەوە، شیعار و داخوازەکانی ئیمە لە زەمینەیە دا بەردەوام تەبلیغ بکا و تەوزیحیان بدا و تەجرەبەی خەباتی کرێکاران لە رشتە جۆراوجۆرەکانی کار لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان بە کرێکارانی تر بگەیەنی دەبی هەموو حەرەکەتیك و هەموو کەم و کووری یەکی ئەم خەباتە لە رادیو و نەشریاتی ئیمەدا بکرینە بناغەی پەروەردە کردنی رابەرانی کرێکاران و پوختە تر کردنی خەباتیان.

تەبلیغ و تەرویجی سوسیالیزم و ئامانجە نیهایی‌یەکان، لە بەرنامەکانی رادیودا ئەم دەورەیە، گرنیگی یەکی تایبەتی هەیە. بەشیك لە ئەرکی گەشە پیدانی سیاسی– ئیدئولوژیکی شەبەکەکان و تیکۆشەران و رابەرانی کرێکاری لە ئەستوی رادیویە. بۆ یارمەتی دانی پیشرەوان، دەبی بە هەموو شیوەیەك، بە تایبەت بە بلاو کردنەوەی نەشرییەی کۆمۆنیست و پیشرەو و پەیام و نەوارەکانی بانگەواز لە نیو کرێکاراندا دەست بە کار بین.

یەکیکی تر لەو مەسەلانە کە لە تەبلیغاتی ئیمە دا بە جیددی دەبی لە بەرچاو بگیری، کومەك کردن بە پیك هاتنی ریکخراوە جەماوەری‌یە کرێکاری‌یەکان و تەوزیحی سیاسەتەکانی ئیمەیە لەم بابەتەوە. پیك هینان و پەرەپیدان و تەقویەتی ریکخراوە جەماوەری‌یەکان ئەو ئالقە گرینگەیە کە تەئسیر دەکاتە سەر گەشە و بەرەو پیش چوونی خەباتی جاری کرێکاران، هەروەها پیك هاتنی ریکخراوە جەماوەری‌یەکان کۆمەك دەکا بە ریکخستنی کۆر و کۆمەڵ و شەبەکەکانی خەباتی کرێکاران و مەوقعییەت و ئەمنییەتی رابەرانی کرێکاری مەحکەمتر دەکا. بۆیە تەبلیغ و تەرویج لەسەر ئەو ئیقدامات و شیعارانە کە ریگا بۆپیك هاتنی ریکخراوە جەماوەری‌یەکان خۆش دەکەن وەزیفەیەکی گرینگی تەبلیغاتی ئیمەیە لەم دەورەیەدا.

بیجگە لە تەبلیغ و تەوزیحی گشتی بۆ کرێکاران لەم دەورەیەدا، دەبی رۆشنتر و راستەوخوتر روو بکەینە کرێکارانی کۆمۆنیست و رابەرانی خەبات و ئیعتیرازی کرێکاری لە عەینی حالدا تەبلیغاتی ئیمە و بە تایبەت رادیو دەنگی شۆڕشی دەبی وردی و ناسك بوونی دەخالەتی تەبلیغی سەراسەری و عەلەنی مان لەو مەسەلانە دا لەبەر چاو بگری. لە هەر حالدا دەبی رابەرانی عەمەلی و کرێکارانی کۆمۆنیست تەقویەت بکا. هاواهەنگی هەرچی زیاتری تەبلیغات و ئەو ئیقداماتە کە کۆمیتەی تەشکیلاتی شارەکان لەم زەمینەیە دابەریوەی دەبا پیویستی و زەووورەتیکی لە جاران زیاتری هەیە.

هاوری عومەر لە بابەت ئەو مەسەلانەی باست کردن چ تەوسیەیەکت بۆ تیکۆشەران و رابەرانی کرێکاری هەیە؟ پیت وایە گرینگترین ئیقدامی ئەو هاوری‌یانە بۆ بەرەوپیش بردنی سیاسەتی ریکخستنمان لەم دەورەیەدا چیە؟

وەری خستنی بزووتنەوەیەکی کرێکاری ئەرکیکە کە ئیمە رووما‌ن تی کردوە و هەموو هەول و کوششمان ئەوەیە کە گەرایشی کۆمۆنیستی لەو بزووتنەوەیەدا زال بی و بەم جۆرە بزووتنەوەی کرێکاری لە کوردستان بکەینە بزووتنەوەیەك کە گەرایشی کۆمۆنیستی تییدا مەیداندارە. لە دلی ئەم خەباتە دایە کە لەم مەرحەلەیە دا سیاسەتی ریکخستنی حیزبیمان بەرەوپیش دەبەین کە ئەساسەن –هەر وەك وتم–بریتی‌یە لە زیاد بوون و پەرەگرتنی شەبەکەکانی خەبات و پەروەردە بوونی کادر و رابەرانی عەمەلی و گەشەی ئیدئولوژیکیان و پتەوی تیفی کرێکارانی رادیکال سوسیالیست لە باری سازمان و فکری یەوە. هەموو ئورگانە تەشکیلاتی‌یەکانی ئیمە هەول دەدەن پراتیکیکی گونجاو لەگەڵ ئەم جیهەت گیری‌یە بەرەوپیش بەرن. بەڵام ئەوەی وتم، بە بی وەخو کەوتنی ئەو ئینسانانە کە بە فەعالییەتی زیندووی خۆیان دەبی ئەم ئال و گۆر و ئیقداماتە لە شوینی خۆیان بەریوە بەرن، بەرەوپیش ناچی یانی تیکۆشەرانی کۆمۆنیست و رابەرانی کرێکاریش دەبی بە پیی ئەو باسانە کە مەترەح کراون وەخو کەون و لەم مەقتەعەی خەباتی چینایەتی دا دەوری تاریخی و چینایەتی‌دا دەوری تاریخی و چینایەتی خۆیان بناسنەوە و پیویستی‌یەکانی دەخالەتی هەرچی زیاتری خۆیان لەم گورانکاری‌یە دا فەراهەم بکەن. پیم وایە ئەوەڵەن دەبی بە وردی باسەکانی کۆمۆنیزمی کارگەری و"سیاسەتی ریکخستنمان لە نیو کرێکاران"لە نەشریاتی ئیمەدا تەعقیب بکەن، گوی بدەنە بەرنامەکانی رادیوی دەنگی شۆڕش و سەرنجی باقی کرێکارانیشی بۆ راکیشن، دوهەم: بیجگە لە ئیقداماتیك کە ئیمە بۆ پەیوەندی گرتن لەگەڵ ئەوان بەریوەی دەبەین، دەبی خۆیان راستەوخۆ هەول بدەن لە هەر ئیمکانیك کە بۆیان دەست دەدا کەلك وەرگرن و پەیوەندیمان لەگەڵ بگرن: چ بە ئادریسەکانی دەرەوە دا و بە نامە نوسین و چ لە ریگای دیکەوە و بە یارمەتی کەسانی باوەرپیکراوی خۆیان بە تایبەت رووی قسەمان لەو هاوری‌یانەیە کە ئیستا ئەرکی رابەری کردنی بەشیك لە خەبات و مەسەلەکانی کرێکارانیان لە ئەستویە ئەو هاوریانەش کە تەماس و پەیوەندیان بووە بەڵام گیرو گرفتیکی بۆ پیش هاتوە دەبی دەس بەجی دەست بە کاربن و پیوەندی خۆیان لەگەڵ کۆمیتەی تەشکیلاتی شارەکان بەرەقەرار کەنەوە تەنیا بە تیکۆشانی هەمەلایەنەی هەرتك لا کۆمەڵە دەتوانی هەرچی زووتر لەگەڵ رابەران و تیکۆشەرانی خەباتی کرێکاری پەیوەند بگری و بە کەڵك وەرگرتن لە نەزەر و پیشنیاریان، سیاسەت و ئیقداماتی عەمەلی رۆشن بنیتە دەستووری بەشە جۆراوجۆرەکانی تەشکیلات یانی ئیمە ئەو کات باشتر دەتوانین نەقشی تەبلیغات، کۆمیتەی تەشکیلاتی شار، تەشکیلاتی عەمەلی و خودی تیکۆشەران و رابەرانی کرێکاری دەست نیشان بکەین پیم وایە لەم دەورەیەدا ئەوە ئەسلی ترین ئەرکی ئەو هاوری یانەیە هەتا بتوانن هاواهەنگ لەگەڵ کوللی حیزب و ئورگانەکانی بەریوە بەری ئەم کارە عەمەل بکەن و هەر لە ئیستاوە دەخالەتیکی کاریگەرتریان بی لە تەسمیم گیری یەکاندا. گەلیك باسی بە نرخ و پر ناوەروك بۆ وردتر کردنەوە و شی کردنەوەی سیاسەت و نەقشە عەمەلەکانمان کراوە و هەر ئیستاش خەریکە دەکری کە قەتعەن لە نەشرییەکاندا چاپ دەکرین و دەنرینە ئیختیاری هەموو هاوری‌یانی کرێکار تەعقیب کردن و پەی گرتنی ئەم باسانە و بەشداری هاوری یان لەم باسانەدا زۆر بە کەڵك و کاریگەر دەبی.

# پاشماوەی ریزگرتن لە سالیادی هاوری سدیقی کەمانگەر

هیزەکانی رژیم سەرەرای ئاگادار بوون لە بەرپا کرانی ئەم مەراسمە، لە ترسی توورەیی خەلکی دل پرلەقین هیچ دەخالەتیکیان نەکرد. یەکیك لە فەرماندەکانی رژیم فەرمانی دابوو لەبەر وەجوش نەهینانی زیاتری خەلکی توورە دوورەپەریزییان لی بکەن و خۆیان نیشان نەدەن.

جگە لەو مەراسمە عەلەنی وشکودارە، کریکاران و زەحمەتکیشانی شاری سنە کە خۆیان لە نزیکەوە هاوری سدیقیان دەناسی و لە ماوەی پتر لە ٢٠ سالْ خەباتی بیوچان و کۆمۆنیستی ئەم رابەرە ماندوویی نەناسەیاندا سەدان بیرەوەرییان لە بیرە، لە کۆر و کۆمەلی خۆیاندا و لە شوینی کار و ژیان و شوینە گشتییەکان ریزیان لە یادی هاوری سدیق گرت و بیرەوەرییەکانی خەباتی گەرم و گۆری خەلکی شاری سنەیان بۆیەکتر دەگیراوە کە هاوری سدیق رابەری کرد بوو.

مەراسمی ریزگرتن لە یادی هاوری سدیق کمانگر لە ئوردووگای رمادیەی عیراق

رۆژی ١٧ی خەرمانان لە سەر بانگەوازی لایەنگرانی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران لە ئوردووگای پەناهندەکانی ئیرانی لە رمادیەی عیراق، مەراسمیکی شکودار بۆ ریزگرتن لە یادی هاوری سدیق کمانگر بەرپا کرا.

لە کۆتایی ئەم مەراسمەدا کە سەدان ژن و پیاوی تیکۆشەر بەشدارییان تیدا کرد بریارنامەیەك درا کە سیاسەتی تروریستی جمهووری ئیسلامی مەحکووم دەکرد و داوای لە هەموو ئینسانیکی بەشەرەف و ئازادیخوازی ئیران دەکرد کە ئەم سیاسەتە جینایەتکارانەیەی جمهووری ئیسلامی بە توندی مەحکووم بکەن.

# بوپشتیوانی لە ئازادی دەسبەجیی کریکارانی زیندانی هەستین!

لە ماوەیەك لەوەپیشەوە لە شاری سنە ژمارەیەك لە کریکارانی حەقخواز، لە لایەن رژیمەوە گیراون و زیندانی کراون و تا ئیستاش کە چەند مانگ لە گرتنیان تیپەر دەبی وەلامیکی رۆشن نەدراوەتەوە بە خانەوادەکانیان.

گیرانی ئەم کریکارانە، هەر ئینسانیکی بەشەرەف و ئازادیخواز کە ریز بۆ ئینسان دادەنی دەباتە ناو فکر و ئەم پرسیارەی بۆ دینیتە پیش کەئەم رژیمە بە چ حەقیك لە چەند مانگ لەوە پیشەوە دەیان کریکاری لە گۆشەی زیندان دا راگرتوە و بەم جۆرە نائەمنی بۆ خانەوادەکانیان پیك هیناوە و ئاسایشی لی هەلگرتوون؟

برسیەتی و نیگەرانی ژن و مندالەکانی ئەم کریکارە زیندانییانە تاوانیکە کە هیچ ئینسانیکی شەریف و ئازادە چاوپوشی لی ناکا. هەژاری و بیبەشییەك کە ئەم رژیمە لە ماوەی ئەم دەسالەدا بۆسەر میلیون میلیون کریکاری ئیرانی هیناوە، نەك هەر لە لایەن کریکارانەوە بەلکوو لە لایەن هەموو ئینسانیکی وەخەبەر هاتوو و وشیارەوە بەگەورەترین تاوانی کۆمەلایەتی دەژمیردری و ناکری چاوپوشی لی بکری.

بەشەرییەت بەکەسری شانی خۆی دەزانی شەریفترین وزەحمەتکیش ترین ئینسانەکان، لە نانی شەو، لەبەرگ و لیباسی مندالەکانیان، لە مەسکەن و ئاسایش و بە کورتی تەنانەت لە لانیکەمی ژیانیکی ئاسایی بی بەش بن. ئیعتیراز بەم ژیانە مەینەتبارە ئیعتیرازیکی بە تەواوی رەوایە و هیچ ئینسانیکی شەرافەتمەند نابی قەبوول بکا کریکاران بە تاوانی ئیعتیراز بەم وەزعە بخرینە گۆشەی زیندان.

تەنیا دەلیلی سەرکوتگەرانی جمهووری ئیسلامی بۆ گرینی کریکارانی خەبات و ئیعترازی کریکارانە بەرانبەر بەم وەزعە و هیچ دەلیلیکی دیکەی نیە.

کاربەدەستانی رژیم لە شاری سنە ماوەیەك پاش بەرپاکرانی جەژنی هەوەلی مانگی مەی، ژمارەیەك لە کریکارانیان گرت و بەم کردەوەیان نیشانیان دا تەنانەت رۆژیکی سالیش- رۆژیك کە هەموو دنیا و تەنانەت خودی ئەم رژیمەش بە نیوی رۆژی کریکار بە رەسمییان ناسیوە- قەبوول ناکا.

رژیم مەراسمی سەربەخۆی کریکاران کە داخوازەکانیانی تیدا دیننە گۆر و چارەی دەیان موشکیلی خۆیانی تیدا دەدوزنەوە، قەبوول ناکا .

رژیم بۆ مەبەستیکی دیاری کرا و دوابەدوای هەوەلی مانگی مەی ئەم کریکارانەی گرتوە بە خەیالی خۆی دەیەوی کریکارەکانی دیکەچاوترسین کا، ئەو تەئسیرە بشواتەوە کە یەکیەتی و هیزی کریکاران لە رۆژی کریکاردا پیکیان هیناوە و پیشی بزووتنەوەی حەقخوازانەی کریکاران بگری و بەگشتی کریکاران ناچار بە پاشەکشە بکا.

ئەم رژیمە جگە لە گرتنی دەیان کریکار لە شاری سنە، بەوەری خستنی نمایشی گەشتی "ثاراله" و مانور دانی بە کریگیراوانی کۆمیتەکان لە شاردا و بەهاشاول بردن بۆ سەر ژنان و هیرش کردن بۆ سەر زەحمەتکیشانی دەستفروش هەولی داوە فەزای ترس و سام و خەفەقان پەرە پی بدا و بەری پەرەسەندنی فەزای شۆرشگیرانە و ئیعتیراز و خەباتی روولە گەشەی جەماوەری خەلك لە شارەکانی کوردستان بگری.

بەلام سەرەرای هەر سیاسەتیکی کە رژیم گرتوویەتە پیش دەبی وەلامی ئەو پرسیارە بداتەوە بۆچی و لەسەر چی ئەم کریکارانە گیراون و تاوانیان چیە؟

ئایا تاوانی ئەو کریکارانە ئەوەیە کە رۆژی جیهانی خۆیانیان جەژن گرتوە؟ تاوانیان ئەوەیە کە مەراسمی دەولەتی یان تەحریم کردوە و خۆیان رۆژی جیهانی کریکاریان بەریوە بردوە؟ تاوانیان ئەوەیە کە باسی داخوازەکانی خۆیانیان کردوە و ئیعتیرازیان بە وەزعی مەینەتباری خۆیان هەیە؟

ئەگەر وایە، ئەی جمهووری ئیسلامی ئەم ریاکاری یەی خۆی کە گۆیا موافەقەتی کردەوە کریکاران رۆژی ئەوەلی مانگی مەی بەریوە بەرن، چون تەوزیح دەدا؟

خەلکی شۆرشگیر و ئازادیخواز لە هەموو شارەکانی کوردستان، بە تایبەت کریکاران، زەحمەتکیشان، ژنان و هەموو جەماوەری بەشەرەفی شاری سنە دەبی پشتیوانی لەو کریکارانە بکەن و دا واکاری ئازاد کرانی دەسبەجیی ئەم کریکارانە بن.

بی گۆمان لەهەل و مەرجی ئیستادا پشتیوانی کردنی جیددی خەلکی شۆرشگیر لە ئازادی دەسبەجیی ئەم کریکارانە و شۆرشگیرانی زیندانی، پشتیوانی لە ئیعتیرازی خانەوادەی زیندانییەکان، هەنگاویکی زۆر پیویستە بۆ پووچەل کردنەوەی فەزای خەفەقان و سەرکوتیك کە رژیم پیکی هیناوە و هەروەها کۆمەکیکە بە بەرەوپیش چوون و سەرکەوتنی ئیعتیرازی حەقخوازانەی کریکاران و زەحمەتکیشان. سیاسەتی گرتن و زیندانی کردنی کریکارانی حەقخواز و تیکۆشەر، بەشیکە لە سیاسەتی دیکتاتوری و خەفەقانی ئەم رژیمە دژی کریکارییە کەهەر لە سەرەتای هاتنەسەرکارییەوە دوژمنایەتی خۆی لەگەلْ چینی کریکار نیشان داوە.

گرتن و بی سەروشوین کردنی سەدان کریکاری تیکۆشەر و پیشرەو بەتاوانی حەقخوازی، تەنیا گۆشەیەکە لە جینایەتەکانی ئەم رژیمە دژی کریکاری یە کەبەپەرەپیدانی بیکاری و هەژاری و مەینەت، لە راستی دا مەرگیکی بەشینەیی بەسەر میلیونها ژن و پیاو و مندالی چینی کریکاری ئیران دا سەپاندوە.

هاتنەمەیدانی رۆژلەرۆژ زیاتری ئەم میلیون میلیون کریکارە توورە و حەقخوازانە و ئیعتیرازی یەك لە دوای یەکی ئەوان، سەرەمەرگی جمهووری ئیسلامی و هەموو دام و دەزگای ئابووری و سیاسی سەرمایەداری نزیك و نزیکتر دەکاتەوە.

# سیٚ پایگای رژیم بە تەواوی گیرا.

* پایگاکانی "سماقلوو" و "سەردەرە"ی سەقز و "گیلی کەران" لە مەریوان گیرا.

* دەیان بەکریگیراوی رژیم بە دیل گیران و فەرماندەیەك و چەندین بەکریگیراویش کوژران.

* دەیان قەبزە چەکی سووك و قورس و نیوەقورس، دەیان هەزار گوللە و سەدان گوللە خۆمپارە و گوللە ئارپی جی و کۆمەلیکی زۆر کەل و پەلی نیزامی و تەدارەکاتی بە دەسکەوت گیرا.

* پیشمەرگەکان هەموو بەسلامەت گەرانەوە شوینەکانی خۆیان.

رۆژەکانی ١و١٥ و ٢٠ی خەرمانان پیشمەرگەکانی کۆمەلە لە ٣عەمەلیاتی بەدەست و برد و دلیرانەدا، بەپیی تەرحی لە پیشدا دیاری کراو پایگاکانی"سماقلوو" و "سەردەرە"ی سەقز و "گیلی کەران" لە ناوچەی مەریوان یان بەتەواوی گرت.

* عەمەلیاتی گرتنی پایگای "سماقلوو" رۆژی ١ی خەرمانان بەدەست پیشمەرگەکانی گوردانی ٢٦ی سەقز و ٣١ی بوکان و ٢٤ی مەهاباد لە ٣مەرحەلەدا بەریوە چوو.

لەبەشی ئەوەلی عەمەلیاتەکەدا هاوکات هەموو مەنتەقە و جادەکانیان خستە ژیر کۆنترول و چەند واحید لە پیشمەرگەکانیش لەسەرجادەی "سماقلوو" — "کەس نەزان" کەمینیان، بۆ هیزەکانی رژیم دانا.

لەبەشی دووهەمی عەمەلیاتەکەدا، لەژیر ئاگری چەکی سووك و نیوە قورسی واحیدی پشتیوانیدا، واحیدی پیشرەوەی پیشمەرگەکان دەستیان دایە پیشرەوی لەیەکەم ئاگرباران دا بەشیکی شوینەقایمەکانی پایگا خاپوور کرا و ژمارەیەك لە بەکریگیراوان کوژران هاورییانی واحیدی پیشرەوی پاش تیپەر بوون لە مەیدانی مین و تەلبەندەکانی دەوری پایگا، لە ماوەی چەند دەقیقەدا بی ئەوەی دەرفەتی دەست کردنەوە بدەن بە هیزەکانی رژیم، هەموو سەنگەرو کانالەکانی پایگایان گرت.

لەبەشی سیهەمی عەمەلیاتەکەدا پیشمەرگەکان دەستیان دایە پاکسازی ساختمانە بتونییەکان و پەلاماریان بردەسەر هیزەکانی رژیم کەبەتەمای دەست کردنەوە بوون و چەند بەکریگیراو کوژران و ئەوانی تریش بەدیل گیران و پایگا بەتەواوی کەوتە دەست هاورییانی پیشمەرگە.

هاوکات لەگەلْ دەست پی کردنی ئەم عەمەلیاتە واحیدیکی دیکەی پیشمەرگەکان چوونە نیو ئاوایی "سماقلوو" و لە بلندگوی مزگەوتەوە قسەوباسیان بۆ خەلك کرد و تراکت و نووسراوەی حیزبی یان لە نیو دا بلاو کردنەوە.

* عەمەلیاتی گرتنی پایگای "سەردەرە" رۆژی ١٥ی خەرمانان لە لایەن چەند واحید لە پیشمەرگەکانی گوردانی کاوە و گوردانی ٢٦ی سەقزەوە لە ٣بەشدا بەریوە چوو.

لە بەشی یەکەمدا هاورییان پاش تیپەر بوون لە دەیان پایگا ومەقەری هیزەکانی رژیم لە شوینەبەرزەکانی دەور و بەری ئاوایی"سەردەرە" لە بەشی سەرشیوی سەقز دامەزران و پایگایان گەمارودا هەروها واحیدیکی تر لە پیشمەرگەکان، لەسەر ریگای نیوان ئاوایی"رەنگەریژان" و "سەردەرە" کەمینیان بۆ هیزی کۆمەکی رژیم دانا.

لە بەشی دووهەمدا سەعات ٦/٥ی ئیوارە هەموو واحیدەکان هاوکات لەگەلْ واحیدی پیشرەوی پایگایان بەتوندی ئاگر باران کرد و دەرفەتی دەست کردنەوەیان لە هیزەکانی رژیم بری. واحیدی پیشرەوی بەدەست وبرد خۆیان گەیاندە نیو پایگا و ویرای بەدیل گرتنی بەکریگیراوانی رژیم پایگایان بە تەواوی گرت و پاش راگویزتنی دیل و دەسکەوتەکان، پایگا و سەنگەرەکانیان تەقاندەوە.

لە بەشی سیهەمدا واحیدیکی دیکەی پیشمەرگەکان ویرای دیدار و قسەوباس لەگەلْ خەلکی ئاوایی تراکت و نووسراوەی حیزبی و نەواری بانگەوازیان لە نیودا بلاو کردنەوە.

* پایگای "گیلی کەران" رۆژی ٢٠ی خەرمانان گیرا. هاورییانی گوردانی کاك فوئاد و تیپی ١١ی سنە بۆگرتنی ئەو پایگایە لە پیشدا کونترولی بەرزاییەکانی بەشیکی زۆری مەنتەقەیان بە دەستەوە گرت. واحیدی ئینفجارات مەیدانی مینی دەوری پایگایان لە کار خست و سەعات ٥و ٤٥ دەقیقەی ئیوارە واحیدی پیشرەوی لە ژیر پشتیوانی ئاگری چەکی سووك و نیوە قورسی واحیدی پشتیوانی پیشمەرگەکاندا دەستیان دایە پیشرەوی و خۆیان گەیاندە خاکریژو سەنگەرەکانی پایگا و پاش شەریکی کورت ماوە چوونە نیو پایگا و بەکریگیراوانیان ناچار بە تەسلیم کرد.

لە سەرجەمی گرتنی ئەم ٣ پایگایەدا ٤بەکریگیراوی رژیم کوژران کەیەکیان مەسئوولی پایگای سەردەرە حجت شعبانی و ٣ کەسەکەی تربریتی بوون لە: حسن یعقووب نژاد، معزم حسنی و عبدالله محمدی، هەروەها لەم سی عەمەلیاتەدا ٣٢کەس لە هیزەکانی رژیم گیران کە بریتی بوون لە:

١- عزت الەنزری، ٢- اسماعیل زارع، ٣- حسن خوشی، ٤- حسن خدایی، ٥-موسی سلتانی، ٦- ابراهیم کریمی، ٧- لتفعلی بیات، ٨- عبدالله سلیمی، ٩- پرویزنیك نژاد، ١٠- محمد صدیق کریمی، ١١- علی سوداگری، ١٢- قاسم جلیل وند، ١٣- مزفر حمانی، ١٤- حسن عنبری، ١٥- علی قاسم خانی، ١٦- محمد فتحی نژاد، ١٧- سید صلاح دهقانی، ١٨- شهرام قربانیان، ١٩- حسین فروتن، ٢٠- محمد رادپور، ٢١- ابراهیم هدایتی، ٢٢- محمد قارداش، ٢٣- عبدالله حسینی، ٢٤- رمزان ویسی، ٢٥- شمس الدین مومن زادە، ٢٦- یدالله رشیدی، ٢٧- هیبت محمدی، ٢٨- جبار سیدی، ٢٩- جلال سیدی، ٣٠- عبداله خالدیان، ٣١-حسین پناهی،٣٢- رزا گوش بر هەروەها لە جەرەیانی گرتنی ئەم ٣ پایگایەدا ژمارەیەکی زۆر چەك و تەقەمەنی کەوتە دەست پیشمەرگەکان کە بریتی بوون لە:

١- کلاشینکوف و ژ-٣ ٥٠قەبزە
٢- تیربار ٣قەبزە
٣- ار.پی. جی ٣قەبزە
٤- خومپارە ٦٠ میلیمیتری ٣قەبزە
٥- بیسیمی پیئار.سی ٧٧ ٤دەزگا
٦- گوللە خومپارە ١٧٠دانە
٧- گوللە ئار.پی. جی ٩٠دانە
٨- نارنجەکی تفەنگی و دەستی ٢٦٩دانە
٩- فیشەکی ژ-٣ و کلاشینکوف ٤١٠٠٠دانە
١٠- مینی جۆراوجۆر ١٦دانە
١١- موتور بەرق ١دەزگا
١٢- مەنبەعی نەوت ٧دانە
١٣- مەنبەعی ئاو ٤دانە
١٤- چەندین کولەپشتی دەواودەرمان
١٥- ژمارەیەك بەلگەوسەنەدی نهینی
١٦- کۆمەلیکی زۆر کەل و پەلی نیزامی و تەدارەکاتی

پیشمەرگەکان لەهەر سیك عەمەلیات دا، پاش بەریوەبردنی سەکەوتوانەی عەمەلیاتەکان بە سلامەت و بەدیل و دەسکەوتەوە شوینی عەمەلیاتەکانیا بی جی هیشت.

## (پاشماوەی) چاوگێرانێک بەسەر خەباتی کرێکارانی ........

بە گشتی ژمارەی ئەو کرێکارانەی کە لەو مەرکەزە کرێکاری یانە داله کوردستان کار دەکەن لە چاو چەند ساڵی پێشوو زۆر زیادی کردوە. بەڵام سەرەرای زیاد بوونی ژمارەی ئەم کرێکارانەی کە لەو جۆرە کارگایانەدا کار دەکەن و سەرەرای دەور و نەقشێک کە لە بەرهەم هێنانی پێداویستییە جۆراوجۆرەکانی رۆژانەی خەڵکی شارەکاندا بوویانە، بە خۆی هەل و مەرجێک کە بە سەر کارەکایاندا زالە و بە هۆی تر کە باسیان دەکەین، ئەم کارگایانە جاروبار نەبی، هێشتا نەبوونەتە مەرکەزی جۆش و خرۆش و ئیعتیرازی کرێکاری لە شارەکانی کوردستان و خەباتی کرێکارانی ئەم شوێنانە بۆ داخوازی وەک زیاد کردنی حەقدەست، کەم کردنەوەی سەعات کاری رۆژانە، باشتر بوونی هەل و مەرجی کار، دابین کردنی بیمە کۆمەڵایەتییەکان، وەرگرتنی حەقی رۆژانی تەعتیل و... هێندێک جار نەبی، هێشتا هەر کەمە لە حالێکدا کەم بوونی حەقدەستەکان، زۆر بوونی سەعات کاری رۆژانە، نەبوونی ئەمنییەتی شوغلی، هەل و مەرجی ناخۆش و نالەباری کار و تەنانەت ئەوەی کە زۆربەی ئەم کارگایانە وەبەر قانوونی کاری دەوڵەتی ئیسلامیش ناکەون، نیشاندەری هەول و مەرجی ناخوشی کار لەو کارگایانە و چەوساندنەوەی وەحشیانەی ئەم بەشە لە کرێکارانە لە لایەن خاوەن کارەکانەوە.

مانەوەی پاشماوەی پەیوەندی وەستا کار و شاگرد لەم کارگایانە، پرش وبلاو بوون و نامتمکز بوونی کرێکارانی ئەم بەشە، بوونی ژمارەیەک کرێکاری کار کوشتە لەو کارگایانە کە هەر کامیان پاش چەند ساڵ ئارەق رشتن و چەوسانەوەی هێشتاش لە فکری ئەوە دان بگەنە رادەی وەستاکاری و بەشکم بە یەک دوو شاگردەوە ببنە خاوەن کار، زۆربوونی ژمارەی مێر منداڵانی شاگرد و کەلک وەرگرتنی بەرین لە کاری منداڵان لەم کارگایانە بە گشتی ئەم هۆیانەن کە بەری جوش و خروش و پەرە گرتنی ئیعتیرازی کرێکاری کاریگەریان لە زۆربەی ئەم کارگایانە دا گرتوە ئەم وەزعە بووەتە هۆی ئەوەی کۆر و کۆمەڵی کرێکاریی نێو ئەو کارگایانەش پتەوی و جی کەوتوویی پێویستیان نەبی.

هەلبەت جاری واش بووە کە بە هۆی پێشینەی خەباتکارانە، مەیل بە رێکخراو بوون و بوونی کرێکارانی هەلسووراو لەم شوێنانە، رێکخراوی سەرەتایی پێک هاتوە و دەور و نەقشێکی کاریگەریان لەخەباتی کرێکاراندا بووە.

هەروەها کرێکارانی ئەم کارگایانە بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە پێداویستییە جۆراوجۆرەکانی خەڵکی شارەکانیان بەرهەم هێناوە یان خەدەماتێکی دیاری کراویان پێ داون، دەکری لە هەندێک رشتەی وەک نانەواخانەکان، بە دەست لەکار هەڵگرتن بۆ داخوازە رەواکانیان، تەئسیر دابنێنە سەر شارێک، بە تایبەت ئەم مەسەلەیە لە هەل و مەرجی سیاسی کوردستاندا گرینگییەکی زیاتری هەیە. خەباتی کرێکارانی نانەواخانەکانی شاری سنە بۆ زیاد کردنی حەقدەستەکانیان، نموونەی حەرەکەتێکی کاریگەر لە لایەن ئەم بەشە لە کرێکارانەوە بوو کە بۆ داسەپاندنی داخوازەکانیان بە سەر سەرەمایەداراندا کردیان هەر وەک ئاگادارن کەمی نان لە شاری سنە دەسبەجی ئیعتیرازی خەڵکی بەرانبەر بە کەم بوونی سەهمیەی ئارد و نان و لە دژی کار بەدەستان و دام و دەزگای ئیداری رژیم بە جۆرێک هەلخراند کە کاربەدەستانی رژیم سەرەرای هەموو دەسیسە و پیلانێکی کە بە کاریان هێناو هەولیان دا کەم بوونی نان بخەنە ئەستوی کرێکاران، سەرنجام ناچار بوون سەهمیەی ئارد و نان و ژمارەی ناواخانەکان زیاد بکەن و کرێکارانێکی زیاتریش بەرنە سەر کار.

بە هەرحاڵ ئەو هەل و مەرجە بە نیسبەت یەکسانەی کە دەروانێتە سەر کاری ئەم بەشە لە کرێکاران و رەوتی روو لە متمرکز بوونی ئەو کارگایانە لە هێندێک لەشارەکانی کوردستان، سەرنجدانێکی زیاتری کرێکارانی تێکۆشەر و هەلسووراوی نێو ئەم کارگایانە و کۆر و کۆمەڵی مەوجوود لەو شوێنانەی پێویستە.

### کرێکارانی فەسڵی

کرێکارانی فەسڵی بەشێکی گەورەی کرێکارانی کوردستان دەگرنە بەر بەشێک لەم کرێکارانە فەسڵێک لە ساڵ، لەسەدان کوورەخانەی دەور و بەری شارەکانی بۆکان، مەهاباد، تەورێز، هەمەدان، ئەهەر، مەرەند، کەرەج و تاکستان و... لە هەل و مەرجێکی سەخت و تاقەت پرووکێن دا کار دەکەن. بەشێکی دیکەش لە شیرکەتەکانی رێگاوبان و ساختمان سازی شارە جۆراوجۆرەکانی کوردستان کار دەکەن و بەشێکی تریش یان کاری کەشاوەرزی و پاتالداری و جووجە سازی دەکەن یان بۆ پەیدا کردنی کار روو دەکەنە بەندەرەکانی جنووب و شارەکانی دیکەی ئێران.

لە نێو کرێکارانی فەسڵی خەباتی یەکپارچەی کرێکارانی کوورەخانەکان لە کوردستان گرینگییەکی تایبەتی وەدەست هێناوە. بەم ئیعتیبارە ئەم بەشە لە کرێکاران لە نێو کرێکارانی کوردستانیشدا بوونەتە وەزنەیەکی گرینگ کرێکارانی کورە خانەکان ساڵی رابوردوو، بۆگەییشتن بە داخوازەکانیان خەباتێکی یەکپارچە و هاوئاهەنگیان بە هێز و توانایەکی زیاتر لە ساڵانی پێشوو بەرێوە برد. ئەوەی کە لە بارەی ئەم بەشەی کرێکارانی کوردستانەوە گرینگە ئەوەیە کە خەباتیان لە مەنتەقەیەک واوەتر چووەو بە تەواوی بووەتە خەباتێکی هەمە لایەنەی سەراسەری ئیستا مانگرتنە کرێکارییەکانی کوورەخانەکان لە هەر مەنتەقەیەکەوە دەست پێ بکا خێرا دەبێتە مانگرتنێکی سەراسەری هەرکە یەکەم مانگرتن لە کوورەخانەی مەنتەقەیەکی وەک: وایگان، بۆکان، مەهاباد، هەمەدان یان شوێنێکی ترەوە دەست پێ دەکا، دوای بلاو بوونەوەی هەواڵەکەی لە دەنگی شۆرشی ئێران یان لە لایەن خودی کرێکارانەوە، دەسبەجی مانگرتنی کرێکاری کوورەکانی مەنتەقەکانی تر، چ لە شارەکانی کوردستان و چ لە دەوروبەری شارەکانی دیکەی ئێران، دادەگری. کرێکارانی کوورەکانی دیکەش لە سەدان کوورەوە، بەشێوەیەکی هاو ئاهەنگ دەست لە کار هەلدەگرن و داوا لە خاوەن کوورەکان دەکەن داخوازە روشن و گشتی یەکانیان دابین بکەن. زیاد کردنی حەقدەستەکان نووسینی قەرار دادی دەستە جەمعی، ئەستاندنی حەقی رۆژانی مانگرتن و ئەستاندنی حەقی هات و چوو لە خاوەن کارەکان، ئەو داخوازە گشتی یانەن کە کرێکارانی کوورەخانەکانی هەر مەنتەقەیەک دەسبەجی دوای دەست پێ کردنی مانگرتن لە مەنتەقەکانی دیکە، بە شێوەیەکی هاو ئاهەنگ داوای دەکەن و بۆ داسەپاندنیان بەسەر خاوەن کارەکان و خاوەن کوورەکان دا دەست دەدەنە ئیعتیراز و مانگرتنی کرێکاری ئەو کرێکارانە لە عەمەل دا لەسەر داخوازەکانیان پێک دێن و دەیانکەنە یەک و دەیانکەن بە داخوازی گشتی.

جگە لەوە، سەراسەری بوونەوەی مانگرتنەکانی کرێکارانی کوورەخانەکان، ئەویش لە گەرمەی کار دا، لە عەمەل دا تەئسیر دەکاتە سەر خەباتی کرێکارانی دیکە و فەزای سیاسی کوردستان. ئەو خەباتانە کە هەموو ساڵی لە گەرمەی کار دا بەرێوە دەچی دەبێتە هۆی دلگەرمی کرێکارانی دیکە و بۆ پەی گرتن و بە دەسهێنانی داخوازەکانی تریان هانیا دەدا. ئەوەی کە هەموو ساڵی ئەو کرێکارانە بە تێکراو بە یەکیەتی و یەکگرتوویی یەکی زیاتر لە ساڵی پێشوو دەگەرێنەوە، هێز و توانیکی زیاتر بە خودی ئەم کرێکارانە دەبەخشی. هەروەها حوزووری ئەم کرێکارانە لە گەرەکە زەحمەتکیش نشینەکانی شار و تەنانەت لە دێهاتی کوردستان، خەبات بۆ وەدەست هێنانی داخوازە رێفاهی یە گشتییەکانی وەک داخوازی بەرق و ئاوی لوولەکێشی و دانانی دەرمانگا و... پەرە پێ دەدا و وزە و توانیکی زیاتر بەم خەباتانە دەبەخشی.

کرێکارانی کوورەخانەکان ساڵی پێشوو بە ئامادەیی یەکی زیاترەوە لە بەرانبەر خاوەن کارەکاندا راوەستان ساڵی رابوردوو داخوازی زیاد کردنی حەق دەستەکان و نووسینی قەرار داد، بەر لەوەی کار دەست پێ بکا، لە لایەن خودی کرێکارانەوە هاتە گۆر (ئەوە باو بووە کە خاوەن کارەکان هەموو ساڵی پاش پێک هاتن لەگەڵ دەوڵەت و یەک دوو مانگ دوای دەست پێکردنی کار، حەقدەستی ئەو ساڵەی کرێکاران بۆ برینی هەر هەزار خشت دیاری بکەن و بە کرێکارانی راگەیەنن). کرێکاران توانیان پاش چەند دەورە مانگرتنی سەراسەری و هاوئاهەنگ حەقدەستەکان زیاد کەن و نووسینی قەرار دادی دەستە جەمعی بە سەر خاوەن کارەکان دابسەپێنن نووسینی قەرار دادی دەستە جەمعی لە راستی دا یەکێک لە دەسکەوتەکانی خەباتی ساڵی ٦٧ی کرێکارانی کوورەخانەکانە هەروەها کرێکارانی کوورەخانەکان ساڵی رابوردوو توانیان حەقی هات و چوو و حەقی رۆژانی مانگرتن لە خاوەن کارەکان بستێنن و جێی بخەن پێک هێنانی کۆبوونەوەی گشتیش شێوەیەکی کاریگەر لە خەباتی ئەو بەشەی کرێکاران لەدژی دەوڵەت و خاوەن کارەکان بووە پێک هێنانی کۆبوونەوەی گشتی لە نێو ئەو بەشە لە کرێکارانی کوردستاندا بووەتە سوننەتێکی جێ کەوتوو. هەروەها لە پاڵ داخوازە ئەساسییەکانی وەک نووسینی قەراردادی دەستە جەمعی و زیاد کردنی حەقدەست دا هێندێک داخوازی تریش وەبەرچاو دەکەون کە هەر کامیان بە جۆرێک پەیوەندی بە باشتر بوونی هەل و مەرجی کار و باشتر بوونی وەزعی گوزەرانی کرێکارانەوە هەیە وەک داخوازی خەرجی هات و چوو، حەقی خاوێن کردنەوەی مەیدان، دروست کردنی حەمام و نانەوا، خانە و کێشانی ئاوی خواردنەوە و وەرگرتنی یەخچاڵ و سەهۆل و نایلون دەسکێش و قالب و داخوازیتری لەم چەشنە ئەم سوننەت و داخوازانە ساڵ بە ساڵ زیاتر و باشتر لە نێو کرێکارانی کوورەخانەکاندا جێ دەکەوی و بە چوونە سەری رادەی تەوەقوعیان بەردەوام ژمارەیان زیاد دەبی.

### کرێکارانی ساختمانی

کرێکارانی ساختمانیش هەر وەک کرێکارانی تری فەسڵی بەشێک لە ساڵ کار دەکەن کە ئەوەیش هەمیشە بەردەوام نیە و رۆژانی بیکارییان بە دەستفرۆشی دەگوزەری بەڵام سەرەرای ئەوە، ئەم بەشە لە کرێکاران لە یەک دوو ساڵی رابوردوو دا و بە تایبەت پار لە زۆربەی شارەکانی کوردستان شێوەی ئیعتیرازی دەستە جەمعی یان لە نێو خۆیاندا جێ خستوە و پەرەیان پێداوە.

ساڵی ٦٧ کرێکارانی ساختمانی لە شیرکەتەکانی رێگاوبان و ساختمان سازی شارە جۆراوجۆرەکانی وەک: سەردەشت، دیواندەرە، سەقز، مەهاباد و بۆکان، بۆ زیاد کردنی حەقدەستەکانیان خەباتیان کرد و توانیان لە درێژەی چەند مانگرتن دا رادەی حەقدەستەکانیان بەرنە سەر .

### کرێکارانی ئیدارەکان و شوێنە دەوڵەتییەکان

ئەم بەشە لە کرێکاران، یانیئەو کرێکارانەی لە ئیدارەکانی: بەرق، ئاو، موخابەرات، رێگاوبان، سەددەکان، شارەدارییەکان، پوست، شیرکەتی نەوت و دوخانیات و ئیدارەکانی دیکە و شوێنە دەولەتییەکان کار دەکەن، بەشێکی بەر چاو لە کرێکارانی کوردستانن و بە تایبەت پێ بەپێی زیاد کردنی جەمعییەتی شارەکانی کوردستان لەم ساڵانەی دوایی دا ژمارەی کرێکارانی ئەو مەرکەزە دەولەتی یانەش زیادی کردوە کرێکارانی ئیدارەکان و شوێنە دەولەتییەکان لە مێژە متمرکزن و پێشینەیەکی خەباتکارانەی زیاتریان هەیە فشار و زەخت و زۆری دەوڵەتیان زۆر لەسەر بووە و سەرەرای دەولەتی بوونیان لە هەر دەورەیەکی رکوودی ئابووری دا وەک کرێکارانی دیکە کەوتونەتە بەر دەر کردن و بیکار کردن بە تایبەت لەو چەند ساڵە و لە ماوەی شەری ئێران و عیراقدا، بە هۆی زاڵ بوونی راستەوخۆی دەولەت بە سەریاندا ئەغلەب فشاری شەر وەک: بەرێ کردن بۆ جەبهەکان، باج و خەراجی شەر، کەم کردنەوەی حقووقی مانکانە و وەدواخستنی، لەو کرێکارانەوە دەستی پێکراوە و بەم بۆنەشەوە فشارێکی زۆریان لەسەر بووە. کاری ئەم بەشە لە کرێکاران چونکوو تەئسیرێکی راستەوخۆی لە بەرێوە چوونی ژیانی خەڵک دا هەیە، گرینییەکی کۆمەڵایەتی تایبەتیشی پەیدا کردوە. ئەگەر ئەم کرێکارانە بۆ گەیشتن بە داخوازەکانیان دەست لە کار هەلگرن، دەسبەجی کار دەکاتە سەر ژیانی خەڵک و ئەم مەسەلەیە لە هەل و مەرجی سیاسی کوردستاندا دەتوانی خێراتر لە شوێنەکانی تری بەرهەم هێنان، دەولەت بخاتە ژێر فشار خەباتی ساڵی ٦٦ی کرێکارانی ئیدارەی ئاو و بەرقی شاری سنە، خەباتی ساڵی ٦٧ی کرێکارانی شارەداری مەریوان گرینگی خەباتی ئەم بەشەی کرێکاران و جێگا و شوێنی کۆمەڵایەتییان بۆ بەرەو پێش بردنی خەباتی چینایەتییان و خستنە ژێر فشاری دەولەت لە هەل و مەرجی سیاسی کوردستاندا نیشان دەدا. کرێکارانی ئیدارەکان و شوێنەدەولەتییەکان، پارەکە چەندین خەباتیان لە شارەکان بۆ وەرگرتنی حقووقی وە پاش کەوتوویان لە دەوڵەت وەری خستوە.

### هەلسەنگاندنی گشتی

پێش هەموو شتێکی پێویستە وە بیر بخەینەوە کە خەباتی کرێکاری ساڵی رابوردووش هەروەک ساڵانی پێشووتر، لە هەل و مەرجی بیکاری روو لە زیاد بوونی و ئیخراج و زەخت و فشاری جەنگی جمهووری ئیسلامی تا پێش ئاگربەس و گرانی و پەرە سەندنی رۆژ لە رۆژ زیاتری هەژاری و مەینەت و رۆژ رەشی دا بەرێوە چوون، لە هەل و مەرجی درێژەی سەرکوت و زەبر و زەنگی رەشی جمهووری ئیسلامی و دەست پێکردنی شەپۆلێکی نوێی هێرشی رژیم بۆسەر کرێکارانی تێکۆشەر و هەلسووراوانی دیکەی سیاسی و گرتن و ئیعدامی بە کۆمەڵی ئەواندا. پێویستە لێرەدا ئیشارەیەک بە چەند خاڵی بە هێز و لاوازی خەباتی ساڵی رابوردووی کرێکارانی کوردستان بکری:

١–نزیکەی حەفتا لە سەتی خەباتی پاری کرێکاران بە شێوەی مانگرتن بەرێوە چوو. زیاتر بوونی رادەی مانگرتنەکان نیشان دەدا کرێکارانی کوردستان مانگرتنیان وەک ئامرازێکی کاریگەر و بەرەوپێش بەری داخوازەکانیان زیاتر ناسیوە و وەک وەسیلەیەکی کاریگەر لە دژی دەوڵەت و خاوەن کوورەکان کەلکی لێوەر دەگرن. چوونە سەری رادەی مانگرتنەکان لە چاو شێوەکانیتری خەبات و ئیعتیرازی کرێکاری لە کوردستان، لە لایەکەوە نیشانەی پەرە سەندنی خەباتی کرێکارییە و لە لایەکی دیکەشەوە زیاتر بوونی هاوخەباتی و یەکگرتوویی کرێکاران دەسەلمێنی.

٢– ساڵی رابوردوو هێندێک داخوازی کرێکاری وەک نووسینی قەراردادی دەستە جەمعی و زیاد کردنی حەقدەستەکان لە نێو کرێکارانی کوورەخانەکان و کرێکارانی ساختمانی و مەیدان دا و لە سەتحی شارەکانی کوردستاندا بوونە داخوازی گشتی رۆشن بوون و گشتی بوونەوەی ئەم داخوازانە بووە هۆی نیشان دانی یەک گرتوویی و هاوپشتی بەرینی کرێکاران.

ئاشکرایە ئەمانە هەرتکیان، یانی رۆشن بوون و گشتی بوونەوەی هێندێک لە داخوازە کرێکارییەکان پێویستی بە هاو فکری و پێک هاتنی کرێکاران بووە کە ئەوەش بە هەول و تێکۆشان و پەیگیری کرێکارانی کۆمۆنیست و تێکۆشەر لە نێو کرێکارانی تر دا بەرێوە چوو.

٣– بە دەستەوە گرتنی ئیعتیرازی بە تێکرا وەک ئامرازێک و بەشداری کردنی کرێکارانی تر لەم ئیعتیرازانەدا یەکێک لە دەسکەوتەکانی ساڵی رابوردووی کرێکارانی ساختمانی و کوورەخانەکان بووە. ئیعتیرازی بە تێکرای کرێکارانی ساختمانی و کرێکارانی لە شارەکانی: سەردەشت، دیواندەرە، بۆکان، مەهاباد و سەقز و هەولدانیان بۆ زیاد کردنی حەقدەستەکان یان راوەستان

دەورەی دووهەم    ژمارەی ٣٣    رەزبەری _١٣٦٨    ئۆکتوبری _ ١٩٨٩

پێشڕەو

بەرانبەر بەکەم کردنەوەی حەقدەستەکان، ئامادە کردن و بەشدار کردنی کرێکارانی بەشە جۆراوجۆرەکانی وەك: کورە سووز، قرمزدار، کوورەچن، چەرخ کیش و... لە مانگرتنەکان و خەباتە جۆراو جۆرەکانی سالی رابوردووی کرێکارانی کوورەخانەکاندا و مەحدود نەبوونەوەیان بە کرێکارانی قالبدار، هەروەها نموونەکانی تری ئیعتیرازی بە تیکرای کرێکاران لە ئیدارەکان و شوینە دەولەتی‌یەکان کە تەنانەت جاروبار بە شیوەی راپەیمایی و مانگرتن بەریوە چوون، نیشانەی پەرەسەندنی شکل و شیوەی جۆراوجۆری ئیعتیرازی بە تیکرای کرێکارانی کوردستانە لە سالی رابودوودا.

٤– لە سالی رابوردوو دا هەولْ و تیکۆشانی کرێکاران بۆ پیك هینانی ریکخراوە و بۆ ریکخراو بون لە پیشوو زیاتر بوو. پیك هینانی کۆبونەوە گشتی یەکان، ریکخستنی گاردی مانگرتن، پشت ئەستووری کرێکاران بە کۆبوونەوە گشتی‌یەکان و تەنانەت جاروبار سەندیکا و اتحادیە، نیشانەی هەول و تیکۆشانی کرێکاران بووە لەو زەمینەیەدا سالی رابوردوو لە هەر کۆی کرێکاران رێکخراوە کرێکاری‌یەکانیان کردبیتە پالپشتی خەباتیان، پیشرەوی یەکی زیاتریان کردوە و دەسکەوتیکی زۆرتریشیان وەدەست هیناوە.

٥– ریکخستی مانگرتنە جۆراوجۆر و سەرکەوتووەکان لە کوورەخانەکان ئەوەیش بۆ ماوەی ١٠تا ١٥ رۆژ، بەرپا کردنی مەراسمی ئەوەلی مانگی مەی لە شارە جۆراوجۆرەکانی کوردستان و پەرەسەندنی شکل و شیوەکانی ئیعتیرازی بە تیکرا لە نیو کرێکارانی بەشەکانی‌تر دا، نیشانەی چوونە سەری رادەی وشیاری و زیاتر بوونی تەجرەبە و ئەزموونی خەباتکارانە و لیهاتوویی هەرچی زیاتری پیشرەوان و رابەرانی عەمەلی کرێکارانی تیکۆشەری کوردستانە چوونە سەری نفووز و ئیعتیباری پیشرەوان و رابەرانی عەمەلی لە نیو کرێکاراندا، پالپشتیکی قایمە بۆ پاراستن و دریژە پیدانی خەباتیکی بە هیزی کرێکاری لە داهاتوودا.

٦– سەرەرای هەموو دەسکەوتە بە نرخەکانی سالی رابوردووی بزووتنەوەی کرێکاری لە کوردستان، هیشتا زۆر کەم و کووری ئەساسی هەیە کە دەبی بزووتنەوەی کرێکاری وەلایان بنی تا داخوازەکانی بە سەر دەولەت و خاوەن کارەکاندا بسەپینی و خۆی بکاتە بربرە پشتی هەموو ئال و گوریکی سیاسی ناو کۆمەلْ دەبی لە سەرووی هەموو ئەو کەم و کووری یانەوە قامك بخریتە سەر نەبوونی ریکخراوە بەهیزە جەماوەری‌یەکان. نەبوونی ئەم ریکخراوانە دەبیتە هۆی ئەوەی تەجرەبەی خەباتکارانەی کرێکارانی پیشرەو و رابەرانی عەمەلی وەك سوننەتیکی پایەدار و جی کەوتوو سەقامگیر نەبی و دەسکەوتەکانی خەباتی کرێکاران هەمیشە لە مەترسی ئەستاندنەوە دا بی جگە لەوە، ئیعتیرازە کرێکاری‌یەکان هیشتاش هەر پەراکەندە و پرش و بلاون و هیشتا شیعارە واحید و سەراسەری‌یەکانی بە تەواوی لە داخوازەکانی کرێکاراندا جی نەکەوتوون.

گەلاویژی ٦٨

وەرگیر محمد مصری

## (پاشماوەی) ئاکسیونەکانی دژی تروریزمی جمهووری ئیسلامی لە ئوروپاو ئامریکا!

### سوئید:

* رۆژی ١١ی خەرمانان خۆپیشاندانیك لە شاری مالمو بۆ ئیعتیراز بە تروری هاوری غلام کشاورز و مەحکووم کردنی تروریزمی جمهووری ئیسلامی بەرپاکرا. ئەم خۆپیشاندانە لەسەر بانگەوازی شوورای کاتی بۆ پیك هینانی ریکخراوی دیموکراتیکی پەناهندە و کۆچەرە ئێرانی یەکان بەرپا کرا.

* رۆژی ١٨ی خەرمانان لە شاری "استکهلم" لەسەر بانگەوازی چەند سازمان و ریکخراوی چەپی ئێرانی خۆپیشاندانیك لە سەعات ١١ی بەیانی‌یەوە تا ٣ی پاش نیوەرو بەریوە چوو. خۆپشاندەران بۆ ئیعتیراز بە سیاسەتەکانی جمهووری ئیسلامی لە مەیدانی مەرکەزی شارەوە تاسەفارەتی جمهووری ئیسلامی راپەیمایی‌یان کرد و لەوی لە لایەن پولیسەوە بەری پی گیرا.

* لە سەر بانگەوازی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، بۆ ئیعتیراز بە تروری هاوری صدیق کمانگر خوپیشاندانیکی شکودار لە شاری "استکهلم" بەریوە چوو کە پترلە ٤٠٠ کەس بەشداری‌یان تیدا کرد.

لە جەرەیانی ئەم خۆپیشاندانەدا ژمارەیەك لە بەکریگیراوانی حزب الهی دەستیان دایە فیلم بەرداری. خۆپیشاندەران کە ئەوانیان دەناسی بۆ ئەستاندنەوەی فیلمەکان پەلاماریان دان و پولیسی سوئید دەخالەتی تیدا کرد و بۆ پاراستنی حزب الهی‌یەکان فشاری خستە سەر خۆپیشاندەران و ٤ کەسی لی گرتن، هەلسووراوانی ئێرانی و چەند ریکخراوی سوئیدی ئیعتیرازیان بەم کردەوەی پولیس کرد و لەبەر زیندان دەستیان دایە پیکیت و پولیس ناچار بووگیراوەکان پاش ٢٤ سەعات ئازاد بکا.

### فەرانسە:

* رۆژی ١٣ی خەرمانان خۆپیشاندانیك لەسەر بانگەوازی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، لە شاری پاریس بەرپاکرا خۆپیشاندەران بۆ ئیعتیراز بە تروری هاوری غلام کشاورز لەبەر دەفتەری هەواپەیمایی جمهووری ئیسلامی ئەم خۆپیشاندانەیان بەرپاکرد و سیاسەتی تروریستی جمهووری ئیسلامی یان مەحکووم کرد.

* رۆژی ٢٥ خەرمانان بۆ ئیعتیراز بە تروری هاورییان صدیق کمانگر و غلام کشاورز بە دەست بەکریگیراوانی رژیم، لە شاری پاریس خۆپیشاندانیکی کەم وینە لە لایەن هیزە سیاسی‌یە ئێرانی‌یەکانی چەپ لە فەرانسە بەریوە چوو.

ئەم خۆپیشاندانە کە پترلە ٢٥٠ کەس بەشداری تیدا کرد لە سەر بانگەوازی: کۆری لایەنگرانی حیزبی کۆمۆنیست لە پاریس، هەمیئەتی دامەزرینەری شوورای پەناهندەکان و کۆمیتەیەکی هاوبەش لە کوری لایەنگرانی حیزبی کۆمۆنیست، راه کارگر، هەیئەتی بەریوەبەرایەتی بۆ تەدارەکی کۆنگرە (راه کارگر)، وەحدەتی کۆمۆنیستی و سازمانی چریکە فیدایی‌یەکانی خەلْکی ئێران بەرپا کرا.

جگە لە پەناهندەئێرانی‌یەکان، هەیئەتی نوینەرایەتی سازمان خەباتی کرێکاری فەرانسە ( L.O )، اتحادیەی خۆیندکارانی فەرانسە، کۆمیتەی دیفاعی کۆمەلایەتی، لایەنگرانی بزووتنەوەی بین المللی و هەروەها سازمانی کاوە لە کوردستانی تورکیە، بەشداریان لەم خۆپیشاندانەدا کرد.

### ئەمریکا:

* رۆژی ١٨ی خەرمانان، لەسەر بانگەوازی لایەنگرانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، خۆپیشاندانیك بۆ ئیعتیراز بە تروری هاوری غلام کشاورز، لە شاری"لوس ئانجلس" بەرپاکرا. لەم خۆپیشاندانەدا نوینەری حیزبی کاری پیشرەوەی ئامریکا P-L-P ویرای دەربرینی هاودەردی لەگەلْ خۆپیشاندەران جمهووری ئیسلامی بەتوندی مەحکووم کرد.

* رۆژی ١٨ی خرمانان مەراسمیك لە شاری نیویورك بۆ ریزگرتن لەیادی هاوری غلام کشاورز پیك هات کە بیجگە لە لایەنگرانی حیزبی کۆمۆنیست نوینەرانی حیزبی مارکسیست– لنینیست ی ئامریکا M-L-P سازمانی خۆیندکارانی ئامریکا و پلاتفورمی چەپ بەشداری یان تیدا کرد. لەو مەراسمەدا سوخەنرانیکی حیزبی کاری پیشرەوی ئامریکا، ویرای دەربرینی پشتیوانی ئەم حیزبە، سیاسەتی جمهووری ئیسلامی مەحکووم کرد.

### دانمارك:

* رۆژی ١٨ی خەرمانان لەسەر بانگەوازی لایەنگرانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، خوپیشاندانیك لە شاری کۆپنهاك بەرپا کرا. لەم خۆپیشاندانەدا یەکیك لە مەسئوولانی حیزبی سوسیالیست ی خەلْکی ی دانمارك S-F سوخەنرانی کرد و ویرای دەربرینی پشتیوانی، سەرکوتی ئازادی و بەرابەری و زەبروزەرنگ و ترور و ستەم لە ژنان و کوشتاری زیندانیانی سیاسی ئێرانی لەلایەن جمهووری ئیسلامی یەوە مەحکووم کرد.

چەند سازمانی سیاسی ئێرانیش لە خۆپیشاندانەکەدا پەیامیان خۆیندەوە و پاشان خۆپیشاندەران بەرەو سەفارەتی جمهووری ئیسلامی لە دانمارك وەری کەوتن کە بە هیرشی پولیسی دانمارك بۆسەر خۆپیشاندەران بەری پی گیرا و ٩ کەس لە خۆپیشاندەران لە لایەن پولیسەوە گیران کە پاش ماوەیەکی کورت ئازاد کران.

### ئینگلستان:

* رۆژی ١٧ی خەرمانان پیکێتێك بۆ ئیعتیراز بە تروری هاوری غلام کشاورز لەبەر سەفارەتی سوئید لە شاری لەندەن بەریوە چوو. بەشداربووانی ئەم پیکیتە لە نامەیەکدا کە دایان بە مەسئوولانی سەفارەت خوازیاری ئەوە بوون کە دەولەتی سوئید لیبراوانە بوناسین و سزا دانی قاتلانی هاوری غلام هەول بدا.

*هەر لەو رۆژدا مەراسمیکی ریزگرتن لە یادی هاوری غلام بەرپا کراو هاوری فرهاد بشارت ئەندامی هەیئەتی دامەزرینەی فدراسیونی شووراکانی پەناهندە ئێرانی یەکان بەم بۆنەوە قسەی کرد.

* رۆژی ١٨ ی خەرمانانیش لەسەر بانگەوازی هاوبەشی کانوونی ئێرانی‌یەکانی دانیشتووی لەندەن (کۆمیتەی دژی زەبروزەنگ) و کۆری لایەنگرانی حیزب کۆمۆنیستی ئێرا، خۆپیشاندانیك لە دەور و بەری سەفارەتی ئێران و لەبەر بانکی میللی ئێران لە لەندەن بەرپا کرا.

* ئیوارەی ١٨ ی خەرمان هاوری فرهاد بشارت لە لایەن هەیئەتی فدراسیونی شووراکانی پەناهندە ئێرانی‌یەکانەوە لە کۆبوونەوەی گشتی اتحادیەکانی کرێکاری لەندەن بە بۆنەی تروری هاوری غلام قسەی کرد و پیشوازی لی کرا.

لەلایەن کرێکارانی ئینگلستانەوە سەبارەت بە مەحکووم کردنی سیاسەتی تروریستی جمهووری ئیسلامی، بیجگە لە پەیامی کرێکارانی مانگرتووی بەندەری"دوور" و اتحادیەی کرێکارانی ترانسپورت و خەدەمات – کە گەورەترین اتحادیەی کرێکاری ئینگلستانە – پەیامی فورمەن ویلز دەبیر ئەوەلی اتحادیەکانی کرێکاری ئینگلستانمان بەدەست گەیشتوە، فورمەن ویلز لە بەشیك لە پەیامەکەی دا دەلی:

" اتحادیەکانی کرێکاری ئینگلستان T-U-G کاتیك هەوالی تروری کەسیکی بیست کە لە ئێران و لە دەرەوەی ئێران بۆ دیفاع لە مافی سەرەتایی ئینسان و مافی پیك هینانی اتحادیەی کرێکاری هەولی دەدا، راچلەکی، ئیمە زۆرنیگەرانی وەزعی کرێکارانی ئێرانین..." .

## تیك هەلچوونی پیشمەرگەکانی کۆمەلە وچەکدارەکانی حیزبی دیموکرات-جیناحی قاسملوو

نیوەشەوی ٤ی خەرمانان، کاتیك چەند واحید لە پیشمەرگەکانی کۆمەلە بۆ ئەنجامدانی مەئموورییەتیکی تەشکیلاتی بەنزیك ئاوایی "هەرمی دول"ی سەرشیوی سەقزدا تیدەپەرین، لەگەلْ تەجەموعیکی چەکدارەکانی حیزبی دیموکراتی جیناحی قاسملوو بەرەوروو بوون.

ئەفرادی حیزبی دیموکرات کە خۆیان بۆ تیك هەلچوون لەگەلْ پیشمەرگەکانی کۆمەلە ئامادە کردبوو تەقەیان کرد و شەر دەستی پیکرد. پیشمەرگەکانی کۆمەلە بۆ پووچەل کردنەوەی پیلانی چەکدارەکانی حیزبی دیموکرات خیرا پەلاماریان بردنەسەر و ویرای پی گەیاندنی تەلەفاتیك ئارایشی واحیدەکانی حیزبی دیموکراتیان شیواند.

ئەم تیك هەلچوونە ٢ سەعاتی خایاند و تا سەعات ٣ی بەیانی دریژەی بوو. لەم ماوەیەداچەکدارەکانی حیزبی دیموکرات بەرەو بەرزایی‌یەکانی "پەرەژال" و "کەلەباب" لە سنوورەان پاشەکشەیان کرد و هاورییانی کۆمەلەش لە بەرزایی‌یەکانی ئاوایی "هەرمی دول" دامەزران.

هەرکە هەوا رۆشنی کرد، چەکدارەکانی حیزبی دیموکرات لە درێژەی پیلانی پیشوویاندا واحیدیك لە هیزەکانیان بەرەوشوینی دامەزرانی پیشمەرگەکانی کۆمەلە بەری کرد بەلام هاورییانمان کە هەموو جم و جوولیکی ئەوانیان گرتبووە ژیر چاوە دیری بە ئاگربارانی چەکی سووك و نیوەقورسیان ناچار بە پاشەکشەیان کردن و ئیتردوای ئەم ناکامی یە چەکدارەکانی حیزبی دیموکرات نەیانویرا هیچ چەشنە جم و جوولیك بکەن.

تیك هەلچوون و دوورەتەقە تا ئیوارەی ئەو رۆژە دریژەی بوو. پاشان چەکدراەکانی حیزبی دیموکرات جاریکی تریش واحیدەپرش و بلاوەکانیان کۆ کردەوە کە لە سەعات ٥ی ئیوارە کەوتنە بەر پەلاماری پیشمەرگەکانی کۆمەلە و تەلەفاتیکیان پی گەیشت. دوورەتەقە تا تاریکی هەروادریژەی بوو.

لەجەرەیانی ئەم تیك هەلچوونەدا ٣ کەس لە ئەفرادی حیزبی دیموکرات کوژران و ژمارەیەکیان بریندار بوون و ناچار بوون پاشەکشە بکەن.

هاورییانی پیشمەرگە پاش پووچەل کردنەوەی پیلانی جینایەتکارانەی حیزبی دیموکرات هەموو بە سلامەت دریژەیان بە مەئمووریەتەکان دا.

## (پاشماوەی) حیزبی دیموکرات پەیرەوی گۆنگرەی ٨ ...

و بەندو بەست لەگەلْ جمهووری ئیسلامی بە تەواوی پشت بکەنە بزووتنەوەی خەلْکی کوردستان، ئەمە کردەوەی تاقمیکە کە تەنانەت پاش تروری قاسملووش سوالی وت و ویژ لە بارەگای جمهووری ئیسلامی دەکا.

بۆ دارو دەستەیەك کە ئاسویەك بۆخۆیان و سیاسەتەکانیان لە نیو کۆمەلانی خەلْکدا بەدی ناکەن، بۆ دارودەستەیەکی دا ماوی بەبن بەست گەیشتوو کە سیاسەتەکانیان ریسوا بووە، ئەم دل رەقی یەشتیکی ئاسایی یەولییان چاوەروان دەکری. ئەمە دریژەی هەمان ریگایەکە ئەم جەماعەتە چەندین سالە بە دانستە هەلیان بژاردوە و دریژەی پی دەدەن. شەری ٥ساڵە لەگەلْ کۆمەلە، وەری خستنی شەری نیو خۆ لەگەلْ جیناحەکەی تری حیزبەکان، ئەم واقعییەتە بە تەواوی دەسەلمینی کە ئەو جەماعەتە ریگای گەرانەوەیان بۆ خۆیان نەهیشتوەتەوە و بۆ مانی خۆیان و دریژەپیدانی سیاسەتەکانیان، ریگای دوژمنایەتی کویرو کۆنەپەرستانەیان لەگەلْ کۆمۆنیزم و دیموکراسی، لەگەلْ کرێکار و زەحمەتکیش و لەگەلْ بزووتنەوەی حەقخوازانەی خەلْکی کوردستان هەلبژاردوە.

بەلام ئەمانە لە شەری چەند سالەیان دا لەگەلْ کۆمەلە جگە لە شکست، جگە لە زەعیف بوون و تەریك بوونەوە چیان وەدەست هیناوە؟ کۆمەلە بەهاری سالی پیشوو لە سەروبەندی کۆنگرەی شەشەمی خۆیدا، ئاگر بەسیکی یەك لایەنەی لەگەلْ هەرتك جیناحی دیموکرات راگەیاند و تا ئیستاش بەریوەی بردوە. کۆمەلە لە سەر ئەساسی سیاسەتی راگەیەندراوی خۆی ئەم ئاگر بەسەی راگەیاند و گەرچی ئیمە ئیستاش تەئکید دەکەینەوە سەر ئەم سیاسەتە بەلام لە هەمان کاتدا پیشمەرگەکانی کۆمەلە بەرانبەر بەم جینایەت و شەر هەلایساندنانە و بۆ تیك شکاندن و بەرپەچ دانەوەی پیلانەکانی حیزبی دیموکرات، کەلْك وەرگرتن لە هیزی نیزامی بەهەقی حاشاهەلنەگری خۆیان دەزانن.

ئەم جەماعەتە کە تەنانەت سەری رابەرەکەیانیان لە ریگای بەندوبەست و سازش لەگەلْ جمهووری ئیسلامی و پشت هەلکردن لە بزووتنەوەی کوردستاندا بە بادا وهیشتاش لە بارەگای جمهووری ئیسلامی دا سەری سوجدە لە عەرز دەسوون دەبی بزانن توان و زەرفییەتی بزووتنەوەی شۆرشگیرانەی خەلْکی کوردستان و قودرەتی ریکخراوی کۆمۆنیستی و پەیوەندەکانی لەگەلْ کرێکاران و زەحمەتکیشان ئەوەندە بەهیزە کە بزووتنەوەی کوردستان بە تاقمیکی ئاوا نەدا.

WORKERS OF ALL COUNTRIES, UNITE!

PESHRAW

Fortnightly Paper of the Central Committee of Komalah

No: ٣٣ october: ١٩٨٩

## تیك هەلچوونی پیشمەرگەكانی كۆمەڵە وچەكدارەكانی حیزبی دیموكرات-جیناحی قاسملوو

نیوەشەوی ٤ی خەرمانان، كاتیك چەند واحید لە پیشمەرگەكانی كۆمەڵە بۆ ئەنجامدانی مەئموورییەتیكی تەشكیلاتی بەنزیك ئاوایی "هەرمی دول"ی سەرشیوی سەقزدا تیدەپەرین، لەگەڵ تەجەموعیكی چەكدارەكانی حیزبی دیموكراتی جیناحی قاسملوو بەرەوروو بوون.

ئەفرادی حیزبی دیموكرات كە خۆیان بۆ تیك هەلچوون لەگەڵ پیشمەرگەكانی كۆمەڵە ئامادە كردبوو تەقەیان كرد و شەر دەستی پیكرد. پیشمەرگەكانی كۆمەڵە بۆ پووچەل كردنەوەی پیلانی چەكدارەكانی حیزبی دیموكرات خیرا پەلاماریان بردنەسەر و ویرای پی گەیاندنی تەلەفاتیك ئارایشی واحیدەكانی حیزبی دیموكراتیان شیواند.

ئەم تیك هەلچوونە ٢ سەعاتی خایاند و تا سەعات ٣ی بەیانی دریژەی بوو. لەم ماوەیەداچەكدارەكانی حیزبی دیموكرات بەرەو بەرزاییەكانی "پەرەژال" و "كەلەباب" لە سنوورەان پاشەكشەیان كرد و هاوریيانی كۆمەڵەش لە بەرزاییەكانی ئاوایی "هەرمی دول" دامەزران.

هەركە هەوا رۆشنی كرد، چەكدارەكانی حیزبی دیموكرات لە دریژەی پیلانی پیشوویاندا واحیدیك لە هیزەكانیان بەرەوشوینی دامەزرانی پیشمەرگەكانی كۆمەڵە بەری كرد

ل ١١

# چاوگیرانیك بەسەر خەباتی كریكارانی كوردستان لە ساڵی ١٦٧دا

كارخانەكان، كارگا گەورە و بچووكەكان (بەرهەم هینەر، خەدەماتی و... ) لە شارەكان و دیهاتی كوردستان، شیركەتەكان ریگا و بان و ساختمانی، ئیدارەو شوینە دەولەتییەكان، مەزراكان، پاتالدارییەكان و جووجە سازی یەكان، بە گشتی ئەو شوین و مەركەزانەن كە كریكارانی كوردستان كاریان تیدا دەكەن. بەشیكی بەرچاو لە كریكارانیش بە تایبەت كریكارانی فەسلی لە دەرەوەی كوردستان لە شارەكان و شوینە سەنعەتی و غەیرە سەنعەتییەكان كار دەكەن. دەبی بەم كریكارانە دەیان هەزار كریكاری بیكاریش زیاد كەین كە لە ماوەی چەند سالی رابوردوودا بەردەوام ژمارەیان زیادی كردوە.

لەم نووسراوەیەدا لە پیشدا بەكورتی سەبارەت بە هیندیك لەو شوینە كریكارییانە دەدوییـن و پاشان ئیشارەیەك بە خەباتی كریكارانی ئەم شوینانە لە سالی ٦٧دا دەكەین و دوای ئەوەش دەچینە سەر لیكولینەوە و هەلسەنگاندنی ئەم خەباتانە لە ساڵی ٦٧دا

ژمارەی كارخانەكان و مەركەزە سەنعەتییەكان لە كوردستان كەمەو لە چاو بەشەكانی تری كار بەشیكی كەم لە كریكاران لەم شوینانە كار دەكەن بەلام سەرەرای ئەمەش كارخانەكان، هەر بەم كەمایەتی و ژمارەشەوە، لە چەند بارەوە گرینگییەكی زۆریان هەیە. یەكیان ئەوەیە كە كارخانەكان بە شیكی كۆ كراوەی كریكارانی كوردستانیان لەسەراسەری ساڵ دا لە خۆیاندا كۆ كردوەتەوە. دووهەمیان ئەوەیە كە زۆربەی كریكارانی كارخانەكان لە كاسانیك پیك هاتوون كە پیشینەی كاریكی لە میژینەیان هەیە. بیجگە لەوانە، رابەران و پیشرەوانی بە تەجرەبە و سارد و گەرم چیشتووی كریكاری لە نیو كریكارانی ئەم كارخانانەدا زۆرن، رابەرانی تیكۆشەری كریكارانی كارخانەكان رەگی خەباتی كریكارییان لەو مەركەزانە لە دەست دایە، بە پیچ و خەمی خەباتی ئابووری و سنفی كریكاری شارەزان، لەگەڵ كۆروكۆمەڵ و پیشرەوانی كریكاری لە محەلدا پەیوەندی نزیكیان هەیە، لە پیك هینانی كۆبوونەوەی بەرینی كریكاران و بەرپا كردنی ئاكسیونە كریكارییەكاندا هەلسووراون دەتوانن تەئسیر دا بنینە سەر رابەرانی كریكاریی بەشەكانی تر و بەشداری كردن و پشتیوانی دەربرینی ئەوان لە كۆبوونەوە بەرین و ئیعتیرازە كریكارییەكان ئەم ئیعتیرازانە بە هیز دەكا و دلگەرمی لە شوینە كریكارییەكانی دیكە پیك دینی . كە وا بی سەرنجدانی هەرچی زیاتر بەم شوینە كریكارییەكانە كە تا رادەیەك كریكاری تیدا كۆ كراوەتەوە، لیكدانەوە و كۆ كردنەوەی تەجرەبە خەباتكارانەكانیان و گەیاندنی ئەم تەجرەبانە بە بەشە كریكارییەكانی دیكە لە كوردستان بۆ ئیمە زۆر گرینگە.

هەر وەك وتمان كریكارانی كارخانەكان بەشیكی بچووكی كریكارانی كوردستانن، بەلام سەرەرای ئەوە وەك هەموو جیگایەك، ئەم بەشە لە كریكاران نوینەرایەتی بەشی پیشرەوی ئیعتیرازی كریكاری دەكەن.

ساڵی رابوردوو لە زۆربەی ئەو مەركەزانە شاهیدی راوەستان و خەباتی جۆراوجۆری كریكاران بووین بەرانبەر بە مودیرەكان و خاوەن كارخانەكان خەبات بۆ: زیاد كردنی حەقدەست، باشتر بوونی هەل و مەرجی كار، بیمەی دەرمانی، بیمەی بیكاری، خۆ پاراستن لە دانی باج و خەراجی شەر بە رژیم، هەولدان بۆ پیك هینانی كۆبوونەوەی گشتی، راوەستان بەرانبەر بە پیك هینانی شوورای ئیسلامی و... هەموویان مەیدانی جۆۆاو جۆری خەبات و راوەستانی مەركەزە كریكارییە بە نیسبەت گەورەكان بوون.

## كارگاكان

كارگاكانی وەك: قالی باف، مكانیكی جوشكاری، ریختەگەر، سافكاری، موزاییك سازی، بلووك لیدان، درگاوپەنجەرەسازی، شیرینی خانە جۆراوجۆرەكان، خوراك خورییەكان و نانەواخانە جۆراوجۆرەكان لە چەند سالی رابوردوو دا بە شیوەیەكی بەرچاو زۆر بوون لە راستی دا بە لە كار كەوتنی تەولیدی گەورە لە ئیراندا و وەگەر كەوتنی سەرمایە لە بەشە تەولیدی یە بچووكەكاندا، ژمارەی ئەم كارگایانە لە چەند سالی رابوردوو دا خیراخیرا چووەتەسەر. زیاد كردنی ئەم جۆرە كارگایانە لە شارەكانی كوردستانیش زۆر بە ئاشكرا دەبیندری.

لە هیندیك لە شارەكانی كوردستان وەك سنە، ژمارەی ئەم كارگایانە لە چەند سەد كارگاش تیپەریوە. هەر ئیستا لە شاری سنە چەندین شوین پیك هاتوە كە ژمارەیەكی زۆر كارگای بچووكیان تیدا كۆ كراوەتەوە كەهی خاوەن كاری جۆراوجۆرن و بە كردەوە بوونەتە شوینیك كە مەركەزیكی كریكاری یان پیك هیناوە. بۆ نموونە، سافكاری، نەققاشی، باتری سازی، مكانیكی، جوشكاری، ئاپاراتی، گورینی رونی ماشین، لە شاری سنە لە چوار شوینی: "فەیز ئاوا" بە ٨٠٠ كریكارەوە، تەقتەقان بە ٣٠٠ كریكارەوە ئەكباتان بە ٨٠٠ كریكارەوە، شەشەمیبەهمەن بە ٥٠٠ كریكارەوە، كۆكراونەتەوە گەرچی سەرمایەدارانی جۆراوجۆر خاوەنی ئەم كارگایانەن بەلام كریكارانی ئەم شوینانە زۆر مەسەلەی هاوبەشیان پیكەوە پەیدا كردوە. هەروەها ئەم جۆرە شوینانە لە شارەكانی وەك بوكان و مەهاباد و سەقز خیراتر لە پیشوو بەردەوام زیاد دەكەن بە پیی ئاماری رەسمی جمهووری ئیسلامی تەنیا لە ناوچەی "هاوشار" (ئەو مەنتەقەی شارەكانی تیكاب و شاهیندژی تیدا هەلكەوتوە) پتر لە ٣٥ هەزار كریكاری ژن بە شیوەی موزدی لە كارگا قالیبافییەكانی ئەم ناوچەیە كار دەكەن هەلبەت لە چاو ناوچەكانی سنە، كامیاران، دیواندەرە، قروە و بیجار كە وەك مەركەزی كارگای قالیباف ناوبانگیان كردوە، ژمارەی كارگا و كریكارانی هەوشار كەمترە و ئەوە بە رۆشنی نیشان دەدا چ هیزی كاریك لە ژنان و پیاوان و مندالانی كریكار لە كارگا قالی بافییەكانی شار و دیهاتی كوردستاندا بە دەست دەولەت و سەرمایە داران دەچەوسیتەوە .

بروانە لاپەری ١٠

## حیزبی دیموكرات پەیرەوی كۆنگرەی ٨ و دیسان جینایەت و وەحشیگەری

سەعات ٦ی ئیوارەیرۆژی٢٩ی خەرمانان واحیدیكی ٥كەسی لە گرووهی ئینفجاراتی هیزی پیشمەرگەی كۆمەڵە كەبەنیازی ئەنجامدانی مەئموورییەتیك لە دەوروبەری مەریوان بە مەنتەقەی شلیردا تیدەپەرین، كاتیك لە سەر كانییەكی دەوروبەری ئاوایی كاولی"شیرە" لە نیو خاكی عیراقداشەكەتی یان دەردەكرد، كەوتنەبەر هیرشی ناجوامیرانە و لە ناكاوی ژمارەیەك لە چەكدارەكانی حیزبی دیموكرات- پەیرەوی كۆنگرەی ٨.

لەم هیرشە جینایەتكارانەیەدا كە چەكدارەكانی دارەودەستەی خەیانەت پیشەی پەیرەوی كۆنگرەی ٨ بە پی شیل كردنی قەراروبرەی پیشوو سەبارەت بە خۆ پاراستن لە شەر لە خاكی عیراقدا، بەریوەیان برد، هاوری یەكمان گیانی بەخت كرد و ٣ هاوریی ترمان بریندار بوون كە وەحشیانە بە دەست ئەو چەكدارانە ئیعدام كران.

یەكیكی تر لە هاوریيانی پیشمەرگە كە لەو هیرشە وەحشیانەی دارەدەستەی پەیرەوی كۆنگرەی ٨دا بریندار ببوو خۆی گەیاندەوە واحیدەكانی دیكەی پیشمەرگەكانی كۆمەڵە.

ئەو ئازیزانەی كە لەو جینایەتەی جەماعەتی خۆفرۆشتوی حیزبی دیموكرات دا گیانیان بەخت كرد بریتین لە:

– شەهین ساعدی رولەی شۆرشگیری زەحمەتكیشانی ناوچەی كامیاران، ئەندامی حیزبی كۆمۆنیستی ئیران و پیشمەرگەی فیداكاری كۆمەڵە.

– نودر مالك پور ناسراو بە سادق، كریكاری كۆمۆنیست، خەلكی خوزستان، ئەندامی حیزبی كۆمۆنیستی ئیران و مەسئوولی واحیدیكی ئینفجاراتی هیزی پیشمەرگەی كۆمەڵە .

– احمد عزیزی پیشمەرگەی ئازاو فیداكاری كۆمەڵە.

– عبدالله احمدی، رولەی وشیاری زەحمەتكیشانی ناوچەی مەریوان پیشمەرگەی فیداكار و ئازای كۆمەڵە.

ئەم هاورییانە تیكۆشەرانی ریگای رزگاری كریكاران و زەحمەتكیشان و بزووتنەوەی حەقخوازانەی كوردستان بوون و سالیانی سال بە خەباتی شۆرشگیرانە لە دژی هیزە سەركوتگەرەكانی جمهووری ئیسلامی، هەلسوورانی كۆمۆنیستی لە دژی نیزامی سەرمایەداری و بۆ بە هیزكردنی ریزی خەباتی كریكاران و زەحمەتكیشانی كوردستان تیكۆشان.

* * *

ئەم دل رەقەیە تەنیا لە دەست جەماعەتیك دی كە هیچ ریگایەكیان جگە لە دوژمنایەتی كویر و بی ئەو پەر لەگەڵ كریكاران و زەحمەتكیشانی شۆرشگیر بۆ خۆیان نەهیشتبیتەوە و لە دەست كە سانیك دی كە ئامادەن بۆ سازش

ل١١

## ئاكسیونەكانی دژی تروریزمی جمهووری ئیسلامی لە ئوروپاو ئامریكا!

### ئالمانی رۆژئاوا:

رۆژی ١١ی خەرمانان پتر لە ٦٠٠ كەس لە پەناهندە سیاسییە ئیرانی یەكان و ئیرانیانی دانیشتووی ئالمانی رۆژئاوا، لەسەر بانگەوازی حیزبی كۆمۆنیستی ئیران وشوورای پەناهندە سیاسی یە ئیرانی یەكان، بۆ ئیعتیراز بە تروری هاوری غلام كشاورز، دەستیان دایە خۆپیشاندان لە شاری فرانكفورت.

بەشدارانی ئەم خۆپیشاندانە لە كۆتایی خۆ پیشاندانەكەدا لە مەیدانیكی مەركەزی شار كۆبوونەوە و لە بریارنامەیەكدا داوایان لە دەولەتی ئالمان كرد تروریزمی جمهووری ئیسلامی مەحكووم بكا، پەیوەندی سیاسی و دیلپوماتیك لەگەڵ جمهووری ئیسلامی ببری و ئەم رژیمە تەحریمی ئابووری بكا .

ئەم ریكخراوانە لە بانگەوازی خۆپیشاندانەكە پشتیوانییان كرد:

– سازمانی ئیرانییە دیموكراتەكان،

– شوورای ئیرانییەكانی شاری گوتینگن،

– ژمارەیەك لە ئیرانیان و پەناهندە سیاسییەكانی شاری گوتینگن،

– سازمانی خۆیندكارانی ئیران گوتینگن،

– كور (انجمن) ی لایەنگرانی حیزبی كۆمۆنیست لە گوتینگن،

– حیزبی سەوزەكانی ئالمانی رۆژئاوا.

*ئیوارەی ١١ی خەرمانان مەراسمیكی ریزگرتن لە یادی هاوری غلام لە شاری فرانكفورت بەرپا كرا و پاش قسەو باسی هاوری ساعد وتندوست ئەندامی كۆمیتەی ناوەندی حیزبی كۆمۆنیستی ئیران، چەندین سازمان و ریكخراوی ئیران، چەندین سازمان و ریكخراوی ئیرانی پەیامیان خۆیندەوە كە بریتی بوون لە:

– كوری تەدارەكی بۆیە كگرتنی كۆمۆنیستەكانی ئیران،

– بانگەوازی یەكگرتن،

– سازمانی ریگای داهاتوو،

– ریكخراوی كۆمۆنیستی هانوفر،

– كۆمیتەی دەرەوەی ولاتی سازمانی كریكارانی ئینقلابی (راه كارگر) ،

– هەیئەتی بەریوە بەرایەتی كاتی بۆ تەدارەكی كۆنفرانس،

– اتحادیەی لایەنگری تئوری خەباتی چەكدارانە هەم ستراتیژی و هەم تاكتیك،

– دەفتەری سیاسی حیزبی رەنجبەرانی ئیران،

– سازمانی سوسیالیستەكانی ئیران،

– كوری لایەنگرانی حیزبی كۆمۆنیستی ئیران لە هولەند،

– لایەنگرانی رەزمەندەگانی ئازادی چینی كریكار – ئالمانی رۆژئاوا،

– اتحادیەی كۆمۆنیستەكانی ئیران،

– جەبهەی دیموكراتیكی میللی،

هەروەها لەم مەراسمەدا ژمارەیەك لە شەخسییەتە تیكۆشەر و ناسراوە ئیرانییەكان بەشداری یان كرد

ل١١